دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
دەریدەکات

# دواڕۆژ

ژمارە (٩٧) ساڵی هەشتەم
٢٠٢٠/١٠/١٧ - ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی
dwaroj@komala.com


# شەڕی قەرەباغ و دۆخی ئاڵۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران




شەڕی نێوان دەسەڵاتەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەر ناوچەی کێشە لەسەری قەرەباغ بەردەوامە و لایەنە ناوچەیی و جیهانییەکان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵوێستیان نواندووە و لایەنی لایەک لە شەڕەکەیان گرتووە، هەڵوێستێک کە لە بازە حاڵەتێکدا لە سەرەوەی هاوپەیمانییەکان بووە و لە شێوەی خۆیدا تایبەتە. دەوڵەتی ئیسرایيل بەمدواییانە بە پشتیوانیی ئەمریکا توانیویەتیی کارێکی زۆر بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەی خەلیج بکا و هەوڵی سازکردنی بەرەیەکی بەهێزی دژی ئێران دەدا. ئیسرایيل کە تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵەکانی دژی لایەن و گرووپە هاوپەیمانە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو حەماس و حیزبوڵڵا چڕکردووەتەوە و هاوکات کەوتووتە بەرانبەرکێیەکی بەرچاوتر لەگەڵ حکوومەتی تورکییە کە پشتیوانی حەماس و ئەخوان ئەلموسلمین دەکا لە شەڕی قەرەباغدا بووەتە هاوپەیمانی تورکییە و پێکەوە پشتیوانی لە ئازەربایجان دەکەن. ئەو هاوپەیمانییە لە سەر دوو بنەمای جیاوازە واتە ئیسرایيل دەوڵەتی ئازەربایجان وەکوو هاوپەیمانێکی ناوچیی خۆی دەبینە و لە دژایەتیی حکوومەتی ئێراندا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە و دەوڵەتی تورکییەش لە چوارچێوەی خەونە مەزنخوازانە ناسیۆنالیستییەکانی دەسەڵاتدارانیدا ئەو پشتیوانییە لە ئازەربایجان دەکا. دۆخی کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا ئاڵۆزتر و زەحمەتترە. سەرەڕای ئەوەی ئازەربایجان لە زۆرینەیەکی شیعە پێکهاتووە و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران دەبوایە پشتیوانیی ئازەربایجان بکەن بەڵام نزیکایەتیی ئازەربایجان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرایيل و ڕۆژئاوا بە گشتی و کێشەی مێژوویيەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان وایکردووە کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا نەبێ هاوکات لە دۆخی ئەمڕۆدا کە حکوومەتی ئێران لە ژێر گوشاری گەمارۆکان و هاوپەیمانییە ناوچەییەکاندایە نایەوە دۆخەکە لەوە گرانتر بکا بۆ خۆی و بکەوێتە دژایەتیی تورکییەوە بۆیە پشتیوانیی ئەرمەنستانیش بە قازانج نازانێ. هاوکات لە بەر هاوسنوور بوونی هەردوو وڵاتەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەکاتێکدا سێبەری شەڕێکی گەورە ناوچەکەی داگرتووە دەسەڵاتدارانی ئێران ناتوانن بە تەواوەتی بێهەڵوێست بن. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکی خراپی دیپلۆماتیک و سیاسیدا و ئەو شەڕە زیاتر لە جاران حکوومەتی ئێرانی تووشی کێشە و ئاڵۆزی کردووە

## کوژرانی گەنجێکی کورد لە پارێزگای تاران



کەژوان ئەلماسی گەنجێکی ٣١ ساڵە، خەڵکی شاری سنە کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم لە شاری تاران لە خانە باخێکدا لە «شاریار» کوژراو و

کەژوان ئەلماسی ٣١ ساڵە خەڵکی سنە لە شاری تاران دەژیا و لە ریستوانێک کاری دەکرد. ڕۆژی پێنج شەممە ١٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی، کەژوان دەچێت بۆ میوانییەک لە خانە باخێک لە «شاریار» کە لەوێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم دەکوژرێت. بە پێی هەواڵی سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکریت، هێزە چەکدارەکان کە جلی و بەرگی مەدەنییان لە بەردا بوە، پاش ئەوەی دەرژێنە ناو باخەکە، کەژوان و هەروەها سەرایداری باخەکە کە کەسێکی «ئەفغانییە» بە بی ئەوەی حوکمی دەستگیریان هەبێت و بە بی هیچ شرۆڤەیەک دەستگیر دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن. بە پێی وتەکانی ئەو کەسەی کە ئاگاداری دۆخەکە بوە دوای دەستگیر کردن و لێدانیان لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بە فیشەک لە پشت سەرەوە دەدەن لە کەژوان و دەیکوژن. ئەوەی ڕوونە پاش ئەوەی کەژوان فیشەکی بەر دەکەویت، ناوبراو دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی «سەجاد»ی « شاریار» بەڵام بە هۆی خوێنرێژی زۆرەوە لە ژووری نەشتەرگەری گیانی لە دەست دەدات.

بە پێی ڕاپورتی مافی مرۆڤی کوردستان، چەکدارەکانی رژیم بە بیانووی ئەوەی دەنگی موسیقا لە ناو ئەو باخە هاتوە و «ئەربەعینە» بە بێ حوکمی دادگا درگای باخەکە دەشکێنن و دەچنە ناو باخەکە. عەلی قاسمی سەرۆکی دادسرای نیزامی باشووری ڕۆژئاوای تاران ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەر رایگەیاند کە کەژوان ئەلماسی دوای دەستگیر کردن لەگەڵ مەئموورەکان دەرگیر بوە و رایکردوە و یەکێک لە مەئموورەکان بۆ راوەستانی تەقەی لێکردوە و هەر بەو هۆیەشەوە کوژراوە.

## سەروتار

### سفره و نان و گیانی خەڵک و لابردنی گەمارۆیی تەسلیحاتی

ڕەزا کەعبی

لە ڕۆژەکانی ڕابردوودا نرخی تمەن بەرانبەر بە دولار لە بازاڕەکانی ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئەو وڵات گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی و وەها دابەزیوە کە ناوی دروای ئێرانی لە زۆرێک لە بازڕاەکانی بورس خستە نزمترین پلەوە یان هەر یەکسر سڕیانەتەوە.

هەر لەم ڕۆژانەدا نان کە هێشتا سەرەکیترین پێداویستیی سفرەی بەشی گەورەی دانیشتوانی ئێرانە بە خێرایی ڕووی لە کەمبونەوە کرد و تەنانەت لە چەندین شار جیرەبەندی کرا و سەفی نان لە هەموو نانەواخانەنێک درێژ بووەوە. هاوکات گرانبوونی نان کە سەرەتاییترین و گرنگترین پێویستیی سفرەی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، سفرەیانی لەوی کە هەیە چکۆلەتەر و هەژارانەتر کردووە. هاوکات ژمارەی ئەو کەسانەی لە برسیەتی و هەژاریدا خەریکی گەڕان بە دۆای خۆاردەمەنی و تەنات پاشماوەی شوشەی نووشابەکانن ڕۆژانە زیاد دەکا و بۆ ژمارەیەکی زۆر بووەتە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری لە برسیەتی. بە پێی بەراوردی ئابوورێناسان هێڵی هەژاری لە ئێران دە میلیون تمەنە، بەمجۆرە سێ لە چواری خانەوادەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدان. چەند ڕۆژ لەمەوپێش موحەممەد موسەویزادە منداڵی تەمەن یازدە ساڵان لە شاری دێر لە پارێزگای بوشێهر بە هۆی نەداری بنەماڵەکەی کە توانای دابینکردنی مۆبایلێکیان بۆی نەبوو تا بتۆانێ وەک منداڵەکانی هاوتەمەنی لە وانە ئانلاینەکاندا بەشداری بکات، دەستی دایە خۆکوژی.

هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی نیرخی دۆلار ژمارەی تووشبووان بە پەتای کۆڕۆنا لە سەراسەری ئێران بە شێوەیەکی بەرین بەرزبووەتەوە، و ناوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەوەندەیتر زڕاند. سەردخانەکان پڕن لە تەرمی ئەوانەی بە کۆرۆنا گیانیا لەدەستداوە و خودی بەرپرسانی حکوومەت ددان بەوەدا دەنێن کە زیاتر لە ٢٠ پارێزگا دۆخەکە سوورە واتە لە ئاستی مەترسیداردایە و لەوانەی دیکەش نزیک لەو حاڵەتەیە. نەخۆشخانەکان توانای وەرگرتنی نەخۆشیان نەماوە و پڕپڕن، دەوا و دەرمان دەس ناکەوێ و تەنها لە بازاڕی ڕەش و بە نیرخی زۆر گران پەیدا دەبن. شێوەی مودیرییەتی کۆرۆنا زیاتر لە جاران دەری خست بەیتی ڕەهبەری و دەوڵەتی ئێران چلۆن ئەو وڵاتە و دانیشتوەکانیان بە بارمتە گرتووە و بێجگە لە پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندی و پڕکردنی گیرفانی خۆیان بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە و هەموو خەڵکی وڵاتیان کردووەتە قوربانی ویستی خۆیان و هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک ناکەن بەرانبەر بە خەڵک.

...بۆ ل ٢


خەونێکی خۆش لە جیهانێکی تاڵ
سەیران مستەفازادە (ل٢)

هەلومەرجی ئێستای ئێران و ئەرکەکانی بزووتنەوەی چەپ
دامون–سنە (ل٤)

شورای سوڵحی بەینی ئەفغانی و سێبەری شوومی ئێران
م.الف.س (ل٥)

مارکس، سزای ئێعدام و مافی ژنان
بێهنام دارابی زادە
وەرگێران لە فارسییەوە
پەرویز ڕەحیم زادە (ل٦)

بیرۆکە لە ڕووناکبیران بگرە و بیگەڕێنەوە بۆ خەڵک
و.محەممەد حەکیمی
(ل٧)

دارشتەی پەیکەری دەسەڵات لە دواڕۆژدا
دیاکۆ مرادی (ل٨)

بێدەنگی بشکێنین
سولماز دوروودی (ل١٠)

ئەفسانەی جوانی
ئەسعەد دوروودی (ل١٢)

تاران
پایتەختی سێدارە
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤)

خۆ- دراماتیزەکردن وەک سیاسەتکردن
ڕزگار ئەمین زادە (ل١٦)

## دریژەی سەروتار

دەس بەسەرداگیرانی ١٩ کانتینێری دەوا و دەرمان کە بە قاچاخ ڕەوانەی عێراق کرابوو، ڕێک لە کاتێکدا کە بە هۆی پەتای کۆرۆنا دەوا و دەرمان دەس ناکەوێ، بەڵگەیەکی دیکەی گرینگینەدانی دەسەڵاتدارانی ئێران بە ژیانی خەڵکە.

لەم ڕۆژانە و پاش مەرگی شەجەریان هونەرمەندی بە ناوبانگ و خرۆشانی لاینگەرانی لە سەرتاسەری ئێران، سەرانی کۆماری ئیسلامی و ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی شانویێکی قیزەون و ترسەنۆکانە و ریسۆایان بۆ خۆیان و بۆ ڕژیمەکەیان تۆمار کرد. ئەم ڕووداوەش جارێکی دیکە و زەقتر لە جاران دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک و بێزاری خەڵک لەم ڕژیمەی نیشاندا.

لەم هەفتە لە دوو ڕووداوی جیاوّاز لە تاران و کرماشان، سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی جەنایەتیان خولّقاند. لە تاران کەژۆان ئەڵماسی لاوێکی کوردی خەڵکی سنەیان لە میۆانێک دەستگیر کرد و زۆری نەخایاند کە لە لایەن هێزەکانی ڕژیم زۆر جەنایتکارانە هەر لە ناو ماشینی پولیس بە فیشەک کوژرا. یەک دوو ڕۆژ دۆای ئەم جەنایەتە لە کرماشان هێزە چەکدارەکانی حکوومەت تەقەیان لە ماشینێک کرد کە بە وتەی خۆیان پلاکی پێوە نەبوو، لە ئاکامی ئەو هێرش دڕندانەیەدا لاوێکی بە ناوی ئەشکان عەزیزی دەس بە جێ گیانی لەدەستدا و لاوێکی دیکە بە ناوی بورهان عەزیزی بە توندی بریندار بوو.

سەرۆک کۆمار و دەسەڵاتدارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی کە وەها دۆخێکیان بە سەر ژیان و چارەنووسی کۆمەڵگادا سەپاندوە، بەردەوام خەریکی پاساو هێنانەوە و درۆکردن بۆ داپۆشینی هۆکارە ڕاستەقینەکانی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگان. ئەمجارە بیانوی قسەکانی ڕۆحانی کە تەنانەت لەناو کاربەدەستانی ڕژیمەکەی بە کەسێکی درۆزن ناسراوە، کۆتایی دە ساڵ گەمارۆیی تەسلیحاتیی سەر کۆماری ئیسلامی بوو. ڕۆحانی لە کۆبونەوەی کابینەکەی زۆر بە خۆشحاڵییەوە تەواو بوونی گەمارۆی تەسلیحاتیی سەر حکوومەتی ئێرانی بە هەواڵێکی خۆش باس کرد و هاودەنگ لەگەڵ ئۆرگانەکانی دیکەی ڕژیم، باڵیۆزەکانی لە وڵاتەکان و وەزارتخانەکان مانۆڕێکی تەبلیغاتی گەورەیان لێی ساز کرد و بە شکستی دیپلۆماسیی ئەمریکا ناویان برد بەو هیوایەی ئەو پڕۆپاگاندەیە کاریگەریی لە سەر دابەزینی نیرخی دۆلار هەبێ. ویستیان گران بوونی نان، چوونە ژێر هێڵی هەژاریی بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی ئێران، کوشتاری ڕۆژانەی لاوان، خۆکوژیی منداڵان لە هەژاریدا، دەیان خەسار و گرفتی کۆمالایەتیی دیکە کە بەرۆکی خەڵکی گرتووە و بێزاری دەربرینی خەڵک لە حکوومەت بە بیانووی جۆراجۆر لەوانە ماڵاوایی لە شەجەریان بەو هەرا و هووریایە داپۆشن. بەڵام هەیهات کە زۆر زۆر کورت ماوە بوو.

# خەونێکی خۆش لە جیهانێکی تاڵ

**سەیران مستەفازادە**

١٨ی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە ١٦ی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی زارۆکە. ئەم ڕۆژەش هەر وەک زۆربەی ئەو ڕۆژانەی لە ژیانی مرۆڤدا گرنگن و ڕێزی لێدەگرن، بە هۆی گرنگیەکی تایبەت کە بۆ منداڵ دادەندرێت ناو نراوە. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کە لەودا ملیۆنان کەس بە تایبەتی هەزاران منداڵی بێ تاوان و ساوا کە سەدان خەون و خولیایان هەبوو گیانیان بەخت کرد، هەر بەو هۆیەوە لە ڕێکخراوی «یونیسێف united nations international» ١٦ی ڕەزبەر وەک ڕۆژی منداڵان دیاریی کرا و «یونیسێف ڕایگەیاند کە ئەگەر بۆ باشتر کردنی ژیانی منداڵان، خوێندن، ئاسایش، باشتر ژیان و پێشەوەچوونی منداڵان، تەنها هەزینەی ٦ مانگی شەڕ بۆ کێشەکانی منداڵان تەرخان بکەن دۆخ و ژیانی منداڵان دەگۆڕدرێت و جیهانێکی نوێ و خۆش بۆیان دابین دەکرێت. لە پێشەکیی کۆنواسیۆنی مافی منداڵ نووسراوە: منداڵ دەبێ لە کەشێکدا گەورە بێت کە پڕ بێت لە خۆشی و دلۆڤانی و لێک حاڵیبوون. لەم جیهانەدا کە شەڕ و دیکتاتۆری سێبەری بە سەر تان و پۆی جیهاندا کێشاوە، منداڵان قوربانیانی سەرەکی ئەم ژیانەن کە بۆ منداڵان دابین کراوە. منداڵ هیچ نەخشێکی لە دروستکردنی ئەم جیهانەدا نییە، بەڵام کاولکاریی و ئازار و مەینەتییەکانی ئەم ژیانە لە جیهانی شەڕ و توندوتیژیدا، بڵاوکردنەوەی بناژۆخوازی، سەرکوتی جنسی و کولتووری ڕاگواستنی بە زۆر و پەنا بەریی کە بە سەر منداڵدا دەسەپێت و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە منداڵ جیهانی پێش چاویان ڕەش هەلدەگەرێت و جیهانێکی ناخۆشیان بۆ دروست دەبێت. هەموو ئەم ناخۆشی و دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ چێژ لە منداڵیی خۆی نەبینێت و زۆر جار بە هۆی ئەو ڕاگواستنانە دا توشی خەمۆکی و دەیان نەخۆشی دەرونی دیکە دەبن و ... کاتێ باس لە منداڵ لە جیهان دەکەین و دەنووسین ، دەڵێت ئازارەکانی هەموو منداڵان باس دەکەین، بەڵام ئەو ئازارەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان منداڵ دەیچێژێت، ئەم نەبوونی و دڵتنەگیانە، ئێتر هاوبەش یا بەرابەر نییە لەگەڵ منداڵانی دیکەی جیهان و تەنانەت ئێرانیش. دیکتاتوریی ئایینی و جیاوازیی نەتەوەیی ، هیچ شتێکی بۆ مافی منداڵ نەهێشتۆتەوە و منداڵ لە کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە دەکەوێتە ژێر تیغی سانسۆڕ و ... منداڵی کورد جگە لەوەی منداڵیی نابینێت، کاتێ دەچێتە قوتابخانە یەکەم شت کە ڕوو بەرووی دەبێتەوە زمانێکی بێگانە دەبینێت و دەخوێنێت، شتێک کە بە گوێچکەی نائاشنایە و دەبێ بە زۆر فێری بێت، لەوە گرنگتر ئەو دروشمانەیە کە هەموو ڕۆژێک لە کاتی دەستپێکی خوێندن و چوون بۆ سەر کلاس فێریان دەکەن بیلێێن و هەموو ئەمانە منداڵی کورد توشی دڕدۆنگی و دڵەراوکێ و دەیان کێشە و گرفت دەکات، کاتێ لە قوتابخانە دروشم بە دژی خۆی دەڵێتەوە و هەموو ڕۆژی دەبێت چەند جار بڵێت «مرگ بر منافق» ، «مرگ بر زد ولایت فقیه» و ... ئەو منداڵە تا کاتی گەورە بوون ئەو دروشمانە دەڵێتەوە و دەیبیستێت. بۆ منداڵی کورد، وێنەگەلی جوانی ژیان هەر لە منداڵیەوە دەمرێت و ئەو خەونانەیان لە گۆڕ دەنێن. منداڵانی کورد لەگەڵ شەڕ و جیاوازیی و نادادپەروەریی ڕووبەڕوو دەبنەوە و مەیدانی مینەکان لە سەر سنوورەکان ڕۆژانە ژیانیان دەستێنێت، منداڵانی شیناوا کە بە هۆی نەبوونی قوتابخانە وکەل و پەلی پێویست بوون بە قوربانیی ئەو سیاسەتەی ڕژیم نموونەیەکی ورد و چکۆلەیە لەو منداڵانە کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خەونەکانیان لە ناو دەچێت یان بە دەستی قەدەری دەسپێرن، یا ئەو منداڵەی بە هۆی هەژاریی ناچار دەبێت لەگەڵ بنەماڵەکەی بە دەیان دەمژمێر لە ناو کوورەخانەکاندا کار بکات. ئەمانە بەشێکی وردن لەو کێشانەی کە منداڵی کورد لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئایینی پێوەی دەناڵێنێت و هەرگیز نازنێ منداڵ و خەونە خۆشەکانی چییە و ئێستاش ئەو دۆخە ئابوورییەی پێ زیاد بووە و چەندین قات نەهامەتیەکانیان زیادی کردووە و تەنیا شتیک لە ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نییە ژیانی منداڵی کوردە.



## لە سێدارەدرانی ١١١ ژن لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕۆحانییەوە تا ئەمڕۆ



بە پێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردستان(کوردپا) ، لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران (٢٤ جۆزەردانی ساڵی ٩٢) و هەڵبژاردنی ڕووحانی وەک سەرکۆمار هەتا ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٩، بەگشتی ١١١ هاووڵاتیی ژن لە ئێران و کوردستان لەسێدارە دراون. ئەو ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری کوردستان بڵاو دەکرێتەوە و ئاماری ڕاستیی زۆر زیاتر لەوە دەتوانێت بێت. بەپێی ئاماری تۆمارکراو لەم ڕاپۆرتەدا، ساڵی ١٣٩٣ بە ٣٠ ئێعدام، زۆرترین ڕێژەی ئێعدامی ژنان لە دەوڵەتی «حەسەن ڕووحانیـ»ـدا بووە. لە کۆی ئەو ١١١ حاڵەتەی ئێعدامی ژنان، ١٨ ئێعدامیان تایبەت بە ناوچەکانی کوردستان بووە کە د ١٠ حاڵەتیان وەکوو هاووڵاتیی کورد پشتڕاست کراوەتەوە. ئەو ١٨ ژنە لە زیندانەکانی ورمێ، دێزڵاوا، سنە و مەهاباد ئێعدام کراون. شوناسی ٩ کەس لەو ژنانە بەم چەشنەیە: «ناهید غەیاسوەند، ئامینە ئاتووسن، گوڵچین نووری، مەلێحە ساڵحیان، ئاراستە ڕەنجبەر، نازدار وەتەنخا، لەیلا زەڕئەفشان، مەلووک نووری و زەینەت سکاوەند». دوو کەس لەو ژنانە «کودەک موجرم» بوون: «فاتمە ساڵەبەهی کە لە زیندانی عادڵئوای شیراز لەسێدارە درا و زەینەب سکاوەند کە لە زیندانی ورمێ لەسێدارە دراوە.کۆماری ئیسلامی ڕێکۆردداری ئیعدامی ژنان لە ئاستی جیهانیدایە

## دەستبەسەر کرانی دوو ژنی چالاکی کورد




ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ , هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی تاران دوو چالاکی کوردیان بە ناوەکانی « ئەندیشە سەدری» و "ندا پیرخزریان" دەستبەسەر کردووە. هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هۆ یان هۆیەکانی دەستبەسەرکرانی ئەندیشە سەدری و ندا پیرخزریان کە هردوویان خەڵکی شاری سنەن و ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوویان کراوەتەوە , ڕوون نەبۆتەوە. شایانی باسە کە ئەندیشە سەدری خوێندکاری بەشی هونەر و شێوەکارییە کە پاش دەستبەسەرکران بۆ شوێنێکی ناڕوون بەرێ کراوە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لوقمان پیرخزریان باوکی ندا هەر ئەو ڕۆژە دەستبەسەر کراوە، لوقمان پیرخزریان پەیکەرتاش و یەکێک لە بەندکراوانی سیاسی پێشووی کوردە.

## کوژران و بریندارپوونی دوو کۆڵبەر لە سنوورەکانی بانە و نەوسوود بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیمی ئێران



ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕەزبەری ١٣٩٩، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری شاری نەوسوود سەر بە پارێزگای کرماشان تەقەیان لە کۆڵبەران کردووە و کۆڵبەرێک پێکراوە کە لە ئاکامی تەقەی ئەو هیزانە کۆڵبەرێک ی خەڵکی گوندی جۆجاڕی سەلاسی باوەجانی بە ناوی "وەزیر وەیسی" بە سەختی بریندار بووە کە ئێستا لە ناوەندە دەرمانییەکانی شاری پاوە لە ژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە.

لەلایەکی دیکەوە و هاوکات، کۆڵبەرێکی خەڵکی بانە بە ناوی "محەمەد" لەکاتی کۆڵبەری لە سنوورەکانی ئەو شارە بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراوە.

# دۆخی قوتابخانەکان لە ئێران



دواڕۆژ

مێژووی قوتابخانە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی قاجار و بە رواڵەتی نوێ دەستی بە کار کرد و تا پێش ئەو سەردەمە راهێنان و فێر بوون و وانە خوێندن تەنها لە مەکتەب و حوجرەکانی ئایینی بوو. لەو سەردەمە راهێنان تا ئەو رادەیە بوو کە فێری نووسین و خوێندنەوە بن و لانیکەم برِیارە ئایینییەکان فێر ببن. یەکەمین قوتابخانە بە رواڵەتی نوێ لە ئێران بە دەستی قەشەیەکی ئامریکایی بە ناوی «پرکنیز» لە شاری ورمێ لە سەردەمی حکوومەتی مەحمەد شای قاجار لە ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی مانگی سازکراوە کە جگە لە راهێنانی هێندێک لە زانستە نوێیەکان، تەون و چنینی فەرِش و ئاسنگەری بە منداڵەکان فێر دەکرا، تا پاش سەردەمی «مەشەرووتە» قوتابخانە بۆ کچان نەبووە. قوتابخانە ماڵی دووهەمی منداڵە و قوتابی نزیک بە شەش کاتژمێر لە قوتابخانە دەمێنێتەوە و دەبێت هەست بە ئاسوودەیی و ئەمنییەت بکات .قۆتابخانە لە دەورەی سەرەتایی بۆ منداڵ زۆر گرنگە، چونکە منداڵ لەو سەردەمەدا بیر وفکری شکڵ دەگرێت. ئەرکی سەرشانی مامۆستا و بەرپرسانی پەروەردە ئەوەیە کە بتوانن هەستی متمانە بە خۆ بوون، بە منداڵ ببەخشن. بەڵام ئەمساڵ باروودۆخی خوێندن بە جۆرێکە کە منداڵ نە تەنیا تێیدا هەست بە ئەمنیەت و فێر بوون ناکات، بەڵکوو زۆربەی بنەماڵەکان ئامادە نین بە هۆی ئەو دۆخەی کە بە هۆی نەخۆشییەوە هەیە منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە، کاتێ سەرەتای ساڵی خوێندن دەست پێدەکات هەموو کۆمەڵگا روحیەیەکی نوێ بە خۆوە دەگرێت، بەڵام ئەمساڵ بنەماڵەکان نە تەنها ئەو هەستە خۆشەیان نییە کە ساڵانی رابردوو کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان هەیان بوو، بەڵکوو ریک بە پێچەوانەوە ئەمساڵ هەموویان تووشی دڵ نیگەرانی و دڵەراوکێن کە منداڵەکانیان توشی نەخۆشی «کۆرۆنا» ئەویش لە دۆخی خراپی ئابووری ئەمڕۆی ئێران ببن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە وەزیری وەزارەتی پەروەرەی رژیمی ئیسلامی رۆژی ١٥ی خەرمانان رایگەیاند کە دەبێ قوتابخانەکان وەک ساڵانی پێشوو بکریتەوە و تەنانەت رۆژانی پێنج شەممەش کە ساڵی رابردوو قوتابخانە داخرابوو ئەمساڵ ئەویش نەمێنێت و لەو رۆژەش منداڵەکان بچنەوە قوتابخانە. ئەم سیاسەتەی رژیم تەنها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی مووچەخۆرانی پەروەردەی ئێران قوتابخانەی تایبەتیان داناوە و پارەیەکی خەیاڵی لە منداڵان دەستێنن و بەوەش بەشی خوێندن لە قوتابخانە دەوڵەتییەکان بە گشتیی لە ئاستێکی خوارەوەیە و بە هۆی ئەو دۆخەی رژیمی ئیسلامی بە خەڵات بۆ خەڵکی ئیرانی هێناوە قوتابخانە دەوڵەتییەکان کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری و کەل و پەلی تێدایە و زۆر شوێن لە ئێران تەنانەت قوتابخانەی نییە و زۆر جار دەبینی بە ماوەی چەند مانگ قوتابخانەیەک مامۆستای نییە وانە بە منداڵەکان بڵێتەوە و ئەمانەش وایکردووە خەڵک ناچار بن روو بکەنە قوتابخانە تایبەتەکان. کۆمەڵێک لەو پارەیەی کە لە قوتابخانە تایبەتەکان لە خەڵک وەردەگیرێت بەمشێوەیەیە، بۆ سەرتایی ١٢ ملیۆن و مامناوەند ١٧ ملیۆنە و ئەم برِە پارەیەی کە لە خوێندکار وەردەگیردرێت تەنها بۆ دەسپێکە و دواتر بە شێوەگەڵی جۆراوجۆر پارە لە قوتابی وەردەگیردرێت. لەلایەکی دیکەوە قوتابخانەکان لە ئێران لە کاتێکدا دەستی بە کار دەکرد کە هەموو ساڵێک سەرۆک وەزیران دەهاتە ناو قوتابخانە و بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندن وتارێکی بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئەمساڵ «رۆحانی» نەتەنیا بە هۆی دۆخی کۆرۆنایی وڵات ئامادە نەبوو بچێتە ناو یەکێک لە قوتابخانەکان و وتارەکەی پێشکەش بکات، بەڵکوو بە شێوەی ئانلاین دەستی کرد بە قسە و لە کاتێکدا کە بارودۆخ بەوشێوە خراپە کە سەرۆک وەزیران ئامادە نییە تەنانەت بۆ چەن سات بچێتە ناو قوتابخانە و وتارێکی کورت بدات چۆن منداڵ دەنێرنە ناو قوتابخانە کە بخوێنێت؟ هەر بەو هۆیانە بنەماڵەکان ئامادە نین منداڵەکانیان بچنەوە قوتابخانە و دەیانەوێت ئەمساڵ خوێندن بە شێوەی ئانلاین و لە تۆرِە کۆمەڵایەتیەکان بێت. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە خودی رێکخراوی نیزامی پزیشکی رژیمیش ئاماژەی بەوە داوە کە کردنەوەی قوتابخانەکان مەترسیەکی گەورەیە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران لە دۆخی «سور، یا نارنجی»ن. هەر چەن خودی خوێندنی ئانلاین لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش کێشەی جیدی بۆ بنەماڵەکان دروست دەکات و بە هۆی هەژاری و نەداری و بێکاری خەڵک کەمتر دەتوانن لە ئینترنێت و تۆرِەکۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەربگرن و ئەمەش کێشەیەکی جیدی تری بۆ بنەماڵەکان ساز کردووە و زۆربەی خاڵە سنووریەکانی ئێران یا گوند و ئاواییە دوورەکان دەستیان بە ئینترنێت ناگات. دوای کردنەوەی قوتابخانەکان «موحسێن میرزایی» وەزیری پەروەردەی رژیم رایگەیاند کە بە پێی توێژینەوەکان هاتنی خوێندکاران بۆ قوتابخانە پێویست نییە و ئیجبار نییە. ئەم برِیارە دوای ئەوەی هات کە خەڵک رخنەیەکی زۆریان لە کردنەوەی قوتابخانەکان بەو شێوەی ئێستا گرت، هات.

بارودۆخی خوێندن لە شوێنە دوور و کوێرە دێیەکان و هەژاریی خەڵکی ئێران بە هۆی نەبوونی تەبلێت، گوشی زیرەک و گرنگتر لەوانە نەبوونی ئینترنێت و ئانتین بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە خوێندکاران لە خوێندن بێبەش بن و بە ناچاریی واز لە خوێندن بێنن. هەر لەمبارەوە «مێهدی ئیسماعیلی» ئەندامی مەجلیسی رژیم دەڵێت: ناتوانم ئامارێکی راستتان پێبدەم، بەڵام رێژەی ئەو کەسانەی بە هۆی نەبوونی ئینترنێت و کەل و پەلی پێویست بۆ خوێندن بە شێوەی ئانلاین کە لە زۆربەی ناوچە دوورەدەستەکان و خەڵکی هەژار و هەزاران ئاوایی کە تا ئێستا نەیانتوانیوە کەڵک لە ئینترنێت وەرگرن لە ئێران بوونیان هەیە و بە پێی خودی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە لانیکەم سێ ملیۆن و نیو لە خەڵک دەستیان بە ئینترنێت و تۆرِە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران ڕاناگات. رۆژنامەی «جیهانی سەنعەت» رۆژی ١٣ی خەرمانای ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویی بە سەردێرِی ٤ ملیۆن خوێندکار بە تاسەی «سامانەی شاد»ن نووسی: ژمارەیەکی بەرچاو لە شار و ئاواییە چکۆلەکان بە پێچەوانەی وتەکانی رژیم تا ئێستاش دەستیان بە ئینتێرنێت و تۆرِە کۆمەڵایەتییەکان راناگات. بە پێی وتەی پسپۆڕانی رەسمیی رژیم زیاتر لە ٤ ملیۆن خوێندکار لە ئێران دەستیا بە ئینتێرنێت یا موبایل و تەبلێت راناگات و ناتوانن کەڵک لە راهێنانی ئانلاین وەربگرن و تا ئێستاش کە چەن رۆژ لە کرانەوەی قوتابخانەکان تێپەرِیوە بەرپرسانی رژیم دەستەو ئەژنۆ دانیشتوون و هیچ کارێکیان بۆ دروستکردنی ئەو دۆخە نەکردووە. راهێنانی ئانلاین هەزینەیەکی ئێجگا زۆر و گوشارێکی لە رادە بەدەری هێناوەتە سەر چینی کەم دەرامەت و هەژار لە ئێران و زۆربەی خەڵکی ئێران تەنانەت ناتوانن بەستەی ئینتێرنێت بکرِن. ئەم شتەی کە بە ناوی «بەستەی شاد» دەرخواردی خەڵکی ئێرانیان داوە نە تەنها شادی بۆ قوتابیەکان نەهێنا، بەڵکوو بووە خەمێکی قورس لەسەر دڵی خوێندکار و قوتابی. توورِە بوون و زیز بوونێک کە لەو هەموو نادادپەروەرییە و هەڵاواردنانە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی هەیە زۆر و زۆرتر دەبێت و ئەوەش بۆ خوێندکار دەبێتە کارەسات. خوێندکاران دەبینن منداڵانی بەرپرسانی رژیم لە باشترین قوتابخانەکانی ئێران و جیهان دەرس دەخوێنن و ئەوان تەنانەت ناتوانن گووشییەکی سادەیان هەبێت و منداڵانی بەرپرسان تەنانەت ترسی گرتنی ڤایروسی کۆرۆناشیان نییە، چونکا ئەو قوتابخانانەی ئەوان تێیدا دەخوێنن باشترین کەل و پەلی خوێندن و راهێنانی تێدایە و مەودای خوێندکارانیشی تێدا دەپارێزرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە قوتابخانە گشتییەکان نە تەنها مەودای نێوان منداڵەکان رەچاو ناکرێت بەڵکوو بە پێچەوانەوە قوتابی ناچارە بە هۆی نەبوونی کلاس لە پاڵ یەک دابنیشن و لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئێران رێژەی دانیشتوانی کلاسێکی وانە خوێندن دەگاتە ٤٠ بۆ ٥٠ کەس. لە حاڵێکدایە کە لە قوتابخانە گشتییەکان نە تەنها مەودای نێوان منداڵەکان رەچاو ناکرێت بەڵکوو بە پێچەوانەوە قوتابی ناچارە بە هۆی نەبوونی کلاس لە پاڵ یەک دابنیشن و لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئێران رێژەی دانیشتوانی کلاسێکی وانە خوێندن دەگاتە ٤٠ بۆ ٥٠ کەس.

## سێ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی مەریوانی بێسەروشوێنن




سەرەڕای تێپەڕێنی دوو حەوتوو لە دەستبەسەرکرانی سێ هاووڵاتیی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی مەریوان و سەرباری بە دواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکانیان، چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانیان نادیارە.
ڕۆژی دووشەممە ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٩ ، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان سێ هاووڵاتیی خەڵکی گوندی "دەرگا شێخان"یان بە ناوەکانی "حامید دادستان" تەمەن ٥٤ ساڵ، "محەمەد عەلی دادستان" تەمەن ١٩ ساڵ (کوڕی حامید) و "حەمدی دەبستانی" تەمەن ٤٢ ساڵیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستوونەتەوە.
یەکێک لە نزیکانی بنەماڵەی دادستان لەوبارەوە ڕاگەیاند کە، لە ماوەی ١٧ ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتمان کردووە بەڵام وڵامێکی ڕوونیان پێمان نەداوەتەوە

## هێزە ئنیتزامییەکان لە کرمانشان مێرمنداڵێکیان کوشت و یەکی دیکەیان بریندار کرد




هێزی ئینتزامی کرمانشان لە گەڕەکی دەوڵەت ئاوای ئەو شارە تەقەیان لە ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییەک کردووە و لەئاکامدا مێرمنداڵێکی ١٧ ساڵە گیانی لە دەست داوە و مێرمنداڵێکی دیکەش بە سەختی بریندار بووە.
ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٩ ، هێزی ئینتزامی جێگیر لە پایگای دەوڵەت ئاوای کرماشان ئۆتۆمبێلێکی جۆری "پژۆ ٤٠٥"یان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە؛کە لە ئاکامی ئەو دەستڕێژەدا شۆڤێری ئۆتۆمبێلەکە کە مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی "ئەشکان عەزیزی" بووە گیانی لە دەست داوە و مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵانیش بە ناوی "بورهان عەزیزی" بە سەختی بریندار بووە.
بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بورهان عەزیزی چووەتە کۆما و ئێستا لە ژێر چاوەدێریی چڕی پزیشکیدایە.
ئەو دوو مێرمنداڵە خەڵکی گەڕەکی دەرەدرێژی کرماشان بوون و هیزە ئینتزامییەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئۆتۆمبێلەکەیان پلاک (ڕەقەم)ی نیە تەقەیان لێیان کردووە

# هەلومەرجی ئێستای ئێران و ئەرکەکانی بزووتنەوەی چەپ




**دامون-سنە**

سەبارەت بە بارودۆخی ئێران، هەموو داتاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا دیسان پێی ناوەتە قۆناغێکی ترسناک و مەترسیدارەوە. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش ڕایگەیاند کە ئێران هەنگاو بۆ قۆناغێکی سەخت و دژوار دەنێت لە ڕوبەڕوبوونەوەی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا. ژمارەی تووشبووانیش تا ئەمڕۆ حەوتی ڕەزبەر سێ هەزارو ٥١٢نەخۆشی تازە و کۆی تووشبووانیش ٤٤٩ هەزاری تێپەڕاندووە و گیان لەدەستدانیش زیاتر لە ٢٥٧٧٩ کەسە بە پێی ئاماره فەرمییەکان (لەکاتێکدا، ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیان زۆر لەسەرو ئەم ژمارانەوەن کە تا ئێستا بەفەرمی ڕاگەیەنراون). دەسەڵاتدارێتیی سیاسی و ڕژێمی حوکمڕانی لە ئێراندا بریتیە لە ڕژێم و دەسەڵاتێکی سیاسیی بۆگەنکردوو کە بەرجەستەبوونی سیاسەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆری و دینییەکانمان پیشان دەدات. پیادەکردنی ئەو سیاسەتە ئابورییانەی کە تاکو ئێستا و بە درێژایی چل ساڵی ڕابردوو، پیادەی کردوون، هیچیتر نەبووە جگە لە سیاسەتی برسیکردن و هەژارکردن و خۆدزینەوە لە هەموو بەرپرسیارێتییەکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها هەوڵدانیان بۆ بەتایبەتیکردنی کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەک تەندروستی و بەرهەمهێنان و پەروەردە و خوێندنی باڵا و خزمەتگوزارییەکانی دیکە کە ئامانج لەمە بە تەنگەوەچوون و وەڵامدانەوەی سیاسەتی نیولیبرالیزم بووە لەسەر ئاستی جیهانی و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە لە ئێران و ناوچەکەدا.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا کەرەستەی سەرەتایی بۆ خۆپاراستنی تەندروستی وەک (دەستکێش، دەمامک، و مەوادی پاککەرەوە ..هتد)، دیاردەی قۆرخکردن و شاردنەوە و خەزنکردنی کەرەستەکان و بە قاچاخ هێنان و بردنی کەرەستەی پزیشکی سەریان هەڵدا و بەرزبوونەوەی نرخی هەموو کاڵاکان و کەرەستەکانی خۆپاراستن و پاشماوە ڕوخێنەرەکانی لەسەر چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بەدوای خۆیداهێنا بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی کە داهاتێکی سنورداریان هەیە. واقعێکی ناهەمواری لەم شێوەیە و لە کاتێکی وادا بۆ سەر ژیانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، بووە بە واقعێکی نکۆڵیلێنەکراو و حاشاهەڵنەگر. دەسەڵاتی ڕژیم، لە دوتویی سیاسەتی پشتگوێخستن و هەڵخەڵەتاندن و فریودانداا، تەنیا ڕێگاچارەیان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی توشبووان و قوربانیان بریتی بوو لە دورکەوتنەوە و جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک. هەروەها ملیۆنان خەڵکیان بەبێ دابینکردنی پێداویستییە پزشکییەکان و پێویستییەکانی ژیان و گوزەران بەجێهێشت بۆ ڕوبوڕوبوونەوەی ڤایرۆسێکی مەترسیدار، لەکاتێکدا کە خەڵک هیچ کار و سەرچاوەیەکی دیکەی دابینکردنی پێداویستییەکانی کار و ژیانیان لەدەستدا نییە. هەموو ئەمانەلە سایە و بە تەنیشتی شکست و پاشەکشەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و لاوازیی سیستەمی تەندروستی و کەمیی نەخۆشخانەی حکومی و گشتی و نەبوونی قەرەوێڵە و ئامێری هەناسەدانی دەستکرد و کەپسوولی ئۆکسژن و زۆر کەموکورتی دیکەدا، ڕوویاندا.

لە میانی ئەوەشدا، کارمەندانی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی بوون بە قوربانیی سەرەکی ئەم ڤیرۆسە .کەرتی تەندروستی نەک هەر لە ئێران و کوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیشدا لە سەنگەری پێشەوەی ڕوبەڕوبوونەوەی جەنگی کۆرۆنادا بوون. کارمەندانی تەندروستی خراپتر لە هاوپیشەکانیان لە ئاستی جیهانیدا بەدەست ئاسەوارەکانی سیاسەتی نیولیبرالیزم و بەتایبەتیکردنی دامەزراوە تەندروستییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی کەرتی تەندروستیی گشتی و بێدەربەستیی دەسەڵاتە بورژوازییە فەرمانڕەواکان لە دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییە تەندروستی و چارەسەرکارییەکاندا دەناڵێنن. سەرباری بێکاربوونی کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی و بڕین و کەمکردنەوەی موچە و ئیزافەکارییان لە لایەکەوە، کەچی لەلایەکی تریشەوە توشبوونی کارمەندانی پزیشکی بووە بە مەترسییەکی سەرەکی لەناویاندا هەم لە ئاستی ئێران و کوردستان و هەمیش لە جیهاندا. کارمەندانی تەندروستی بە شێوەیەکی بوێرانە و بەهێز و لێبوردەییەوە کەوتنە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەم سیاسەتە بێ ویژدانانە و پێشتریش لە زۆربەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا لەکاتی دەستپێکردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێراندا لە سەنگەری بێبەشان و هەژاراندا ڕاوەستان، هەروەک لە ڕاپەڕینی ئابانی ٩٨ لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکیی خۆبەخشانە ، توانییان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن ( لە جیهانیشدا کارمەندانی تەندروستی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان گێڕا لە پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکاندا، هەر لە بزووتنەوەی هێلەک زەردەکانی فەڕەنساوە بگرە تا ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی تری ئەوروپا و جیهان). ئەمەش پێمان دەڵێت بە شێکی زۆر لە کارمەندانی تەندروستی، بە پێچەاونەی دەسەڵاتەوە، خەڵکیان جێنەهێشت لە کاتێکدا قوربانییەکی زۆریان داوە. بۆیە پاراستنی کارمەندە پزیشکییەکان لە پەتاکە و کەمکردنەوەی تووشبون لەناویاندا بە دابینکردنی پێداویستییە خۆپارێزییەکان لە جۆری دەستکێش و دەمامک و جلوبەرگ و مەوادی پاکژکەرەوە و ئۆکسیژن و. ئەو قەیرانە سیاسی و ئابورییەی کە ولاتی ئێران پێیدا تێپەڕ دەبێت، ئاوێنەی یەکێک لە بەهێزترین بازنەکانی قەیرانی ئابوریی جیهانییە لە ناوچەکەدا. سەرمایەداری لۆکاڵ "ناوخۆ" نەک هەر بێ ئاسۆیە لە ڕزگارکرنی کۆمەڵگە لەو دارمانەی تێیکەوتووە، بەڵکو دیاردەی گەندەڵی و ململانێی تاقم و لایەنە دزەکانی ناو حاکمیەتی ئیسلامی ئەوەی زۆر بە ڕوونی دەرخستووە. قەیرانی باڵەکانی ڕژیم و دارمانی نرخی نەوت ودابەزینی بەهای تمەن و چوونەسەرەوەی نرخی دۆلار، دابینکردنی شتومەکی ڕۆژانە، و قەیرانی مووچە و حەقدەستەکان، لە کۆتایشدا قەیرانی تەحریمی ئامریکا و هەڕەشەی ئێسراییل ، پێکڕا بوونە بە دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانە جیهانی-ناوچەیی-ناوخۆییە. پێدەچێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و فراونبوونی تا ئاستی هەموو تویژە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو چینە مامناوەندانەی کە کەوتوونەتە ناو لیستی هەژاری و پێوەی پەیوەستبوون، لە لایەک، و لەلایەکی تریشەوە تێکشکانی سیاسەتەکانی ڕژیم لە ناوچەکەو ئاشکرابوونی گشت فێڵ و بەلاڕێدابردنەکانی ، گەیشتووە بەوەی کە کەلێنی نێوان جەماوەری ناڕازی و دەسەڵات تادێت فراوانتر بکاتەوە. بێ توانایی دەسەڵات بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی جەماوەرەوە، بووە بە حەقیقەتێکی دروەشاوە لە دیمەنە سیاسییەکانی ئێراندا کە ناتوانن هەروا بە ئاسان پەردەی بەسەردا دابدەنەوە و لە بیری خەڵکی ناڕازی بەرنەوە. هەروەها چەکەکانی دەسەڵاتیش لە جۆری بەلاڕێدابردن و کەنارخستن و بەڵێندانی درۆ، بوونە بە چەکگەلێکی کۆن و بێزراو و بێتوانا لە ڕازیکردنی جەماوەری خەڵکدا. ئەم قەیرانە ئابورییە جیهانی دەبێتە هۆی هەژارییەکی تووندی ملیۆنی و بێکارکردنی سەدان هەزار کرێکار و بەکاربەران و داخستنی هەزارەها کارگە و شوێنکار و کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و تەندروستی و فێرکردن و بە دڵنیایشەوە، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەپۆلێکی ناڕەزایەتیی کرێکاری و جەماوەری. بەیەکداچوونی قەیرانی ئابوریی نیزامی سەرمایەداری و پەرەسەندنی پەتای کۆرۆنا و سەپاندنی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک تەنیا ئامرازی دەسەڵاتی باڵادەست بەبێ دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و گوزەرانییەکان بۆ جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش لە ئێران، توڕەیی توندی چینە ماف-پێشێلکراوەکان بۆ سەر سیستەمی ئێستا زیاتر و زیاتر دەکات و لە فراوانبوونەکەشیدا بەش و توێژی کۆمەڵایەتی دیکە دێنێتە تەنیشتی خۆی. خەباتکردن دژی بەڵای کۆرۆنا و ڕێگریکردن لە مەترسییەکانی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە کاریگەری و گرفتەکانی بە یەکێک لە پایەکانی خەباتی سۆسیالیستی و دێمۆکراتیک لە ئێران ئەژمار دەکرێت. جەنگی دژی کۆرۆنا جیاناکرێتەوە لە خەباتی ڕەوامان لە دژی دەسەڵاتدارییەتی گەندەڵ و ڕژێمی زاڵ. هەربۆیە ئێستا خەبات لە پێناو کۆتایهێنان بە سیستەمی کۆمەڵایەتیی باڵادەست، یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاگانی ڕزگاربوون لە پەتای کۆرۆنا و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیدگایانەی پێشکەشکران، کۆمەڵگە لە بەردەم دوو ڕێگادایە: یان کۆمەڵگا بە شێوەیەکی تەواوەتی دادەڕمێت و ناڕەزایەتیی جەماوەریی فراوانی خەڵک و نا-ڕێکخراوی لێدەکەوێتەوە، و شێوەی وێرانکەر و بشێویئاسا وەردەگرێت و گروپی چەکدار و ڕێکخراوی هێزە تۆندڕەوەکان وەک سپا و بەسیج و ئەوان سودی لێدەبینن و دەست دەکەن بە سەرکۆت و تاڵان و دەستگرتن بەسەر سەرچاوە و شتومەکی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەیقۆزنەوە. یان جەماوەری ناڕازی سود وەردەگرێت لە ئەزموونەکانی ساڵی پەنجاو حەوت تا ٥٩ ، و سود وەردەگرن لە خۆڕێکخراوکردن و لەدایکبوونی نوێنەرانی خۆیان و هەنگاونان بەرەو بەدیهێنانی ئاواتی مرۆڤایەتی لە ڕزگاربوون و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا.

ئەرکەکانی بزووتنەوەی چەپ و سوسیالیسمی نەتەوەیی و خەباتکارانی، لەبەر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەرەوە و بەتایبەتی خاڵی پێشودا، ڕۆڵببینن و "دەربکەون". کارکردن بە ئاڕاستەی گەشەپێدانی خەباتی جەماوەری و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و دابینکردنی دیدگا و ئاسۆی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەکە و توندوتۆڵکردنی بونیاد و بنەماکانی کاری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانەی ئەم ناڕەزایەتییانە و دۆزینەوەی شکڵ و شێوەی ڕێکخراوبوون و خەباتکارانەی گونجاو بۆ گەشەسەندنی ناڕەزایەتییەکان، بە یەکێک لە ئەرکەکانی سۆسیالیستییەکان و خەڵکانی شۆڕشگێڕ دادەنرێت. سەرەڕای ئەوەی خەبات لە پێناو چاکسازیی سیاسی و ئابوریدا بریتییە لە پاشەکشە و ملکەچکردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان. بە مانایەکیتر، هەر هەوڵێک بۆ چاکسازی و ئیسڵاحات (ئەگەر بچوکیش بێت) بە تایبەت لە ساتێکی وەک ئێستادا هیچ نییە جگە لە خەیاڵپڵاوی و لەبیرکردنی ئەرکە خەباتکارانەکانی بزووتنەوەی ناڕازی؛ یاخود ئاماژەکردن بە چاکسازی بریتییە لە هەوڵ و بەردەوامێتیدان بەو دۆخەی کە ئێستا بوونی هەیە. بۆیە بچووکردنەوە و سنورداکردنی هەموو تراژیدیاکانی ئێستا بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی هیچ نییە جگە لە خەنجەردان لە ئارەزوو و خواستەکانی چینە بێبەشەکان و خەباتەکەیان بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی هەنوکەیی. هەروەها لە دوا ڕۆژ دا بانگەواز بۆ چەکداربوونی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەبارەی ئامادەی بزووتنەوەکە و هێزی ڕێکخراو و ڕوونێتی لە تێڕوانین و بەرنامەی خەباتکارانەی بزووتنەوەی ناڕازیدا، هانی بزووتنەوەکە بۆ ڕوبەڕوبونەوەیەک دەدات کە پێشوەختە ئامادەکاری لە خەباتدا وەک پێویست بۆ نەکراوە. ڕاستی ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی ئاگایی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک بەپێی ئاسۆیەک کە کۆمەڵە وەک نوێنەر و هاندەری زەحمەتکێشان و توێژە کۆمەڵایەتییە بێبەشکراوەکانی تر و دەستگرتن بە ڕێ چارەی سۆسیالیستی بۆ گۆڕانکاری و شۆڕش و ڕێچارەی هەموو توێژە کۆمەڵایەتییە بێبەشەکان، واقیعییە و ئیمکانی هەیە لەپێناو ڕاماڵینی هەموو نەهامەتی و بشێوییەکانی چینە باڵادەستەکان و چەوسانەوە و دیکتاتۆری مەزهەبی و ....

٨ی ڕەزبەر ٩٩-سنە

## شووراى سوڵحی بەینی ئەفغانی و سێبەری شوومی ئێران

**م. الف. س**

واژۆی ڕێکەوتنامەی سوڵحی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و تاڵەبان لە شاری دۆحە لە ڕێکەوتی ٢٩ فێوریە، باسێکی جیدی هێنا ئاراوە لەمەڕ کاریگەری ئەم ڕێکەوتنامەیە لەسەر دۆخی ئێستای ئەفغانستان و بەرژەوەندی هێزە بیانیەکانی سەرقاڵی شەڕ لەو وڵاتە . هەر لەم بوارەدا ئێران ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەسەر داگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا. پەیوەندی نیزیک و هەمە لایەنەی تاران لەگەڵ لایەنە سیاسی و نیزامیە بەهێزەکانی ئەفغانستان، کاریگەرێیکی سەرنج ڕاکیشی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوی ئەو وڵاتە هەیە . بەتایبەت پەیوەندی ئێران لەگەڵ تاڵبانە کە زیاتر لە یەک دەهەیە کە بەردەوام پتەوتر دەبێ . لە ساڵە کانی ڕابردوو ئەم پەیوەندیە لە دوژمنایەتێکی تۆخ گۆڕاوە بۆ دۆستایەتییێکی هەمەلایەنە . ئەو هاوکاریە زۆرتر لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەشی بەرگری لە هەمبەر بوونی چەکداری ڕۆژاوا لە ئەفغانستان، بڕیاری ڕووەکی هاوبەش بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ داعەش و دوژمنی هاوبەشی ناوخۆیی و دەرەکی . کورتە مێژوویەک لە پەیوەندی ئێران و تاڵەبان پەیوەندی ئێران لەگەڵ ڕێبەرایەتی تاڵەبان لە دەهەی ١٩٩٠ ئێران بۆ ماوەیەک دوای هێرشێ تاڵەبان بۆ سەر شێعە هەزارەکانی ئەفغانستان، پەیوەندیێکی دوژمنانەی لەگەڵ تاڵەبان هەبوو . ئەوپەڕی ئەم دژمنایەتیە کەتێک بوو کە سەر کنسوولی ئێران لە شاری مەزار شەریف لە ئووتی ١٩٩٨ قۆڵبەست کرا . تاڵەبان هەزارەکانی شارەی هەزارەی کۆمەڵ کوژ دەکرد و هاوکات نۆ ئێرانیش هەشت دیپلۆمات و ڕۆژنامەوانێکیشی کوشت. سەرەڕای ئەمانە دۆخەکە دەست بە جێ گۆڕدرا و لە دەورانی سەرۆککۆماری ئەحمەدی نژاد ئێران پەیوەندی خۆی لەگەڵ تاڵبان پتەوتر کرد . لە ژێر چەتری سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، تاڵبان بۆ هاوئاهەنگی چالاکیەکانی خۆی لە ڕۆژاوای ئەفغانستان ناوەندێکی فەرماندیی لە مەشهەد لە نێو ئێران درووست کرد. ئەم ناوەندە لە ئاکامی هاوکاری بەربڵاوی سپا لەگەڵ دوو ڕێبەری دەست ڕۆشتوویی تاڵبان، ئەختەر مەنسوور و هەیبەت الله ئاخووندزادە، وەک شووراى ڕێبەری تاڵەبان سەیر دەکرا و هەر بەم پێیە سەفەریان بۆ ئێران یەکجار زۆر هەبوو و لە ئێران هەموو جۆرە پشتیوانی و چەک و چۆڵیان لە لایەن سپاوە پێ دەدرا. مەنسوور لە کاتی گەڕانەوە ل ەئێران بۆ پاکستان کوژرا.

### پشتیوانی و ڕاهێنانی چەکداری

سپا پشتیوانیەکی بەرچاوی ماڵی و چەکداری و ڕاهێنانی نیزامی پێشکەش بە تاڵەبان کرد. لە مارسی ٢٠١١ هێزەکانی تایبەتی ئینگلیس لە ئەفغانستان ئاشکرایان کرد کە ئێران چەک و چۆڵێکی زۆر یەک لەوانە ڕاکێتی ١٢٢ میلی متری لەگەڵ ڕاهێنانی شێوەی کارکردن بەم چەکانە و پارەیەکی زۆری بە تاڵەبان بەخشیوە . ڕاپۆرتی ٢٠١٤ پێنتاگۆن ئاماژە دەکا کە سپا لانیکەم لە ٢٠٠٧ ـەوە یارمەتی گرووپی تاڵەبان دەدا . زانیاریەکانی بەردەست دەریان خست کە لە هەندێک لە ناوچەکان تاڵەبان هاوەنی ١٢٠ میلی مەتری، موشەک و مووشەکی دژە تانگ، ١٠٠٠ موتور، چەکی دراگونوف و چەکی قورسی دورسکوفی لە ئێران وەرگرتووە . سەرەڕای ئەمانە سپا بڕەپارەیەکی سەرنجڕاکێشی تەرخان کرد بە بڕی ١٩٠ ملوێن دۆلار لە ساڵێکدا و ئیجازەی دەدا بە تاڵەبان تا دوو بنکەی پەروەردەیی لە زاهیدان و سیستانی ئێران دابین بکات بۆ بە خزمت گرتنی سونییەکانی ئەم دوو پارێزگایە. بەرخۆدان لە بەرامبەر بوونی چەکداری ڕۆژاوا ڕژیمی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری لە ساڵی ١٩٧٩، و سڕینەوەی تاڵەبان و جێگر بوونی هێزە ئامرێکاییەکان لە وڵاتی ئەفغانستان و دواتر لە سنوورێکی کەی ئێران واتە عێراق – هەروەها ناوبڕکردنی ئێران وەک تەوەری شەڕ لە لایەن سەرۆککۆمار بووش، بە باشی زانی کە چ ڕۆڵێک بگێڕێ . پاڵپشتی بەربڵاو و درێژخایەن لەو گرووپانەی کە توانا و هێزی بەربەرەکانێیان لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژاوا لەخاکی ئەفغانستان هەیە لە بژردە سەرەکیەکانی سپا بوو . ئەم هێزە چەکداریە و سەرمایە گوزاریە بەربڵاو و نا یاساییە لەسەر سیاسەتوانانی ئەفغانستان – کارتگەلێکی فرە چەشنن لە دەست تاران تا لەسەر کێشەی جۆراوجۆر لەگەڵ ڕۆژاوا کایەی پێ بکات .





### شەر لەگەڵ داعەش

داعەش دوای سەرکەوتنی لە عێراق و بە فەرمی ڕاگەیاندنی ویلایەتی خۆی لەژانویەی ٢٠١٥، پاشان گەیشتە ئەفغانستان . ولایەتی "خوراسان" واتە ئەفغانستان، پاکستان و ئاسیای ناوینی لە ژێر حوکمڕانی حافز سەعید خان (ڕێبەری پێشووی تاڵبانی پاکستان ) دانا . تاران لە بەرەی شەڕ لەگەڵ داعەش لەگەڵ تالبانی ئەفغانستان چووە سەنگەرێکەوە . لەمکاتەدا ئێران بە شیدەت نگەرانی دەست بەیەکی کردن لە ژێر ڕێبەری ئامریکا دژ بە داعەش، لە سنووری ڕۆژاوای خۆی لە عێراق بوو . هەروەها ئەگەری بە هێز بوونی داعەش لە ئەفغانستان جێی مەترسی بوو بۆ ئێران و هەروەها وەک دەرفەتێکیشکەڵکی لێ گیرا . لە ژێر چەتری هەڕەشەی جیهانی داعەش، ئێران دەتوانێ پشتیوانی خۆی لە تاڵەبان وەک هێزێکی دژە داعەش بەربڵاوتر و ئاشکراتر پەرە پێ بدا . هاوکات تاڵەبان توانیویەتی لە چەن پارێزگای ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان یانی کۆنار، نەنگەرهار و نورستان داعەش بکشێنێتە دواوە . ئەمانە هەموویان هاوسنووری پاکستان بوون . تاڵەبان لە یارمەتی ئێران بۆ بەرگری لە هەڕەشەی داعەش لە خاکی ئەفغانستان پێشوازی دەکرد و هاوکات تاڵەبانیش وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی تاران لە خاکی ئەفغانستان دژی هێزە ئامرییکایی و بیانیەکان چالاکیان دەنواند و زانیاری نیزامی و سیاسیان دەبەخشیە تاران .

پاراستنی هاوسەنگی هێزەکانی ناوخۆی و بیانی لە ئەفغانستان تاران بە پشتیوانی کردن لە تاڵەبان ئیرادە و هێزی خۆی بۆ وەلاتانی ڕەخنەی پاکستان و عەرەبەستان لە سیاسەتی ناوخۆیی ئەفغانستان نیشان دا . دامەزراندنی شۆڕای مەشهەد و بنکەی ڕاهێنانی نیزامی لە ئێران، تاڵەبانی لە گیرۆدە بوون بە شووڕای کویتە کە لە ڕاستیدا بەشێک بوو لە پۆلیسی نهێنی پاکستان، ڕزگار کرد . ئێران دەرکی ئەو ڕاستیەی کردووە کە تاڵەبان لانیکەم حیزبێکی سیاسی و نیزامی بە هێز و کاریگەرە لە دابین کردنی دەوڵەتی داهاتوو لە ئەفغانستان، کەوابوو دەست بەسەردا گرتن و ڕەخنە تێکردنی پێش لە بەهێز بوونی وەک دەوڵەت، ئیستراتیژیێکی مەنتقیە . هەروەها تاران بە هاوکاری کردن لەگەڵ هەمووە لایەنەکانی سەرقاڵی شەڕ لە ئەفغانستان، بۆ وتووێژی نێوان ئەفغانی و گەیشتن بە ڕێکاری سیاسی کە لە بەرژەوەندی ئێراندا بێ خۆی تەیار دەکا . هەروەها ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە چۆم و بەنداوەکان لە کەجاکی، کەماڵخان، سەلما و شوێنەکانی تر کە ئاودیوی ئێران دەبنەوە و لە ئاکامدا دەگەنە دوو پارێزگای خوراسان و سیستان و بەلووچستان، پێویستە لەگەڵ تاڵەبان یا هەر هێز و گرووپێکی تر کە دەستی بەسەر ئەم شوێنانەدا دەڕوا پەیوەندی و هاوکاری خۆی ڕاگرێ و ئەم پارێگایانە تووشی قەیرانی بێ ئاوی نەکا .

## هەنارده کردنی نەوتی ئێران

### لە ١٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا گەیشتووتە ١،٥٠٠،٠٠٠ بەرمیل (ڕۆژنامەی ڕۆیتێرز)

**الف. م. س.**

چەند ڕۆژێک لەمەوە بەر ڕۆژنامەی ڕۆیتێرز ئاشکرای کرد کە هەناردەی نەوتی ئێران لە ڕۆژێ ١٠٠-١٥٠ هەزار بەرمیلەوە گەیشتۆتە یەک ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت، ئەم هەواڵە ڕەنگە دەرخەری ئەم دەنگۆیە بێ کە ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی کویەتیش وێرای ڕۆژنامەی ڕۆیتێرز دەریانخستووە کە لەوانەیە دانوستانەکانی ئێران و ئامریکا بە نهێنی و لە پشت پەردەوە و دوور لە چاوی میدیاکانی جیهان دەستی پێ کردبێ و ئەم دوو وڵاتە ناکۆکە گەیشتبێتنە خاڵی پێکهاتن. هیچ لە ڕاستییش بەدوور نییە چون حەوتوویەک لەمەوبەر ئایەتووڵا خامەنەیی لە نوتقێک دا وێڕای پشتگیری لە شەڕی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی نێوان وڵاتی عێراق و ئێران، ئاماژەی بە بڕیاری ئەو سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ واتە «خواردنەوەی جامی ژەهر» کە ئایەتوڵڵا خامەنەیی ئەو کارەی ڕێبەری ئەوکاتی ئێرانی پێ کارێکی ژیرانە بوو و بە بڕوای عەلی خامنەیی ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێک بووە کە بە پێی بیرکردنەوە بڕیاری بۆ دراوە (عمل مدبرانه). دەکرێ ئەم وتەیەی ڕێبەری ئێستای ئێران بە چرا سەوزێک دانێین لەسەر ڕەزامەندی کەسی یەکەمی ئێران بۆ دەستپێکردنی وتووێژ و دانوستانەکان لەگەڵ دوژمنە سەرەکییەکان واتە ئامریکا. ئەم جۆرە هەڵوێستە لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە چەن ساڵێک پێش ئێستا بۆ دانووستانەکانی ئەتۆمی لەگەڵ وڵاتانی پێنج زێدە یەک کە بە ئەنجامی بەرجام گەیشت، یەک لا کەرەوە بوو. ئەو کات ڕیبەری ئێران بە نێوی خاونواندنی قارەمانانە (نرمش قهرمانانه) چرای سەوزی بە تیمی ئێران دا بۆ پاشەکشێ کردن لەسەر پرۆسەی ئەتۆمی لەگەڵ ئامریکا و وڵاتانی ئوروپایی. گەر بڕوانینە ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی وڵاتی ئێران بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم وڵاتە کە سەردەمانێک بە پشتیوانی کردنی خۆی لە گرووپە تێرۆریستییەکان و شەڕێک کە بە کەفالەت بە کەسان و گرووپانی تری دەکرد واتە شەڕی نیابەتی؛ چ ئاژاوەیەکی لە ناوچەدا نابۆوە و چۆن بە ئاڵۆزکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین جێی خۆی کردبۆوە لە موعادلاتی ناوچەکەدا، ئێستا چۆن خراوەتە پەڕاوێزەوە و چۆن دەستیان لە هەموو شوێنێک بڕیوەتەوە. بارودۆخی نالەباری ڕامیاری و ئابووری بە هۆی هێنانەوەی گەمارۆکانی ئابووری لە لایەن ئامریکاوە وەکوو نەهێشتنی هەناردەکردنی نەوت و گەمارۆی ئەو کەسایەتی و بانک و کۆمپانیانەی کە پەیوەندیان بە سپای ئێرانەوە هەیە و هەر وەها گەمارۆی هاوردە کردنی کەرەسەکانی هەڵێنجانی نەوت و کەرەسەی تایبەت بە فڕۆکەوانی و هەزاران پێداویستی تر لە لایەکەوە و بە هۆی یاسای نێودەوڵەتی (ئێی. ئێف.تی.ئێف) کە کوێرکردنەوە و بەستنی هەموو ئەو قاچاخە ڕێگایانە بوو کە ئێران پارە و شتومەکی شەڕ و تیرۆری بۆ گرووپە توندئاژۆکان و وڵاتانی تیرۆریستی ناوچەکە دەنارد لە لایەکی دیکەوە دزەی سیاسی ئێرانی لە عێراق و سوریە و یەمەن و و لوبنان و فەلەستین کەم کردەوە و پڕۆسەی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی تا ڕادەیەکی بەرچاو تووشی گێچەڵ کرد هەروەها لە هەموویان گرینگتر پێکهاتنی دوو وڵاتی ئێمارات و بەحرەین لەگەڵ دوژمنی دنیای عەرەب واتە ئیسراییل، ئێرانی لە هەموو کات زیاتر خستە پەڕاوێزەوە و پتر بەتەنێ هێشتۆتەوە و کاریگەرییەکی بووە لەسەر ناوچەکە کە تەنیا سەری ئێران بێ لەو بەینەدا کە بێ کڵاو مابێتەوە.
کۆی هەموو ئەم هۆکارانە وای کردووە کە هیچ لە ڕاستی دوور نەبێ کە بۆ جارێکی کە ئێران لە بنەوە و بە نهێنی خۆی بە دەستەوە دابێ بۆ هاتنە سەر میزی دانوستانەکان و پێشتریش ئەم ئەزموونە دووپات و دە پات بووتەوە و هەرکات ئێران هەستی بە مەترسی کردبێ و ئەسڵی نیزام بە قەولی دەستەڵات داران کەوتبێتە ئەگەری نەمانەوە، زۆر بە هاسانی لە ویست و داخوازیەکانی پاشەگەز دەبێتەوە و هەرجار بە جۆرێک یا قارەمانێکی نەرمی لێ دەردێت و یا جامی ژەهرێک هەڵدەقوڕێنێ و خۆی لە تەڵە دەرباز دەکا و تەسلیمی ویستی زلهێزێکی وەک ئامریکا دەبێ کە ئەوەش سەرەتای دۆڕاندنێکی دیکەیە بۆ وڵاتێک کە خەون و خولیای ئەوە بوو ڕێبەری دنیای ئیسلام بە عۆدە بگرێ و هیلالی شیعی پێک بێنێ و ببێتە ئاڵاهەڵگری شەڕی دژی ئیمپریالیسم.

# مارکس، سزای ئێعدام و مافی ژیان

بێهنام دارایی زادە
وەرگێران لە فارسییەوە: پەرویز ڕەحیم زادە

ڕێک ١٦٠ ساڵ لەوپێش لە ٢٨ی ژانویەی ١٨٥٣ مارکس نووسراوەیەکی کورت، بەڵام گرینگ و پڕ بایەخی سەبارەت بە ئێعدام نووسی. لە نێوان سەرجەم نووسراوەو بەرهەمەکانی مارکس، ئەم نووسینە پێدەچێ تاکە نووسراوەی ئەو بێت کە بە تایبەتی لە بارەی پرسی سزای ئێعدام نووسیویەتی.

بابەتەکە کورتە بەڵام هۆکاری نووسینەکە، بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەی تایمز لە ژێر سەردێڕی Amateur Hanging لە ڕێکەوتی ٢٥ی ژانۆیەی ١٨٥٣ بوو. نووسراوەکەی مارکس سەرەڕای کورتبوونی بەڵام زۆر بە باشی تێڕوانینی ئەوی بۆ پرسی ئێعدام، مەبەستی سزادان و هۆی دژایەتی لەگەڵ ئەم سزای بە تایبەتی بەڕێوەچوونی لە بەرچاوی گشتیی نیشان دەدات. پێناچێت مارکس لە کاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینە، لە پێشدا بیری لە نووسینی بابەتێکی وەهای لە پێوەندی لەگەڵ سزای ئێعدام کردبێتەوە. ئەو پاش و پێش ئەم نووسراوە شتێکی دیکەی لە بارەی سزای ئێعدام نەنووسیوە و ڕەنگە ئەگەر چاوی بەو بابەتەی ڕۆژنامەی تایمز نەکەوتایەت باسی لەم پرسە نەدەکرد.

مارکس ئەم نووسراوەی لە شاری لەندەن سێ ڕۆژ پاش ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی تایمز نووسی و چەند حەوتوو دواتر لە فێوریەی ١٨٥٣ لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک دیلی تریبۆن بڵاویکردەوە. ئەمە لە قۆناغێکدا نووسراوە کە سزای ئێعدام لە ئینگلستان لە کاتی کەمبوونەوەدا بوو. نیوەی سەدەم نۆزدەیەم بە پێی یاسایەک کە تا ساڵی ١٨١٥ بناغەی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بوو، ٢٢٠ دۆسیە تا کۆتایی سەدەی ١٨ دەبوو سزای ئێعدامیان لەسەر بەڕێوە بچێت. زۆربەی تاوانەکان بە مەبەستی پاراستنی کەرتی تایبەتی دەوڵەمەندان و سەرکوتی ئەوانەی دەست درێژیان کردوەتە سەر بەشەکان ناولێبراوە. هاوکات دزی، ساختەکاری، فێڵبازی، خیانەت و سیخۆڕی و ... لە ریزی ئەو تاوانانە بوون کە سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپا.

بەڵام ڕێژەی ئەم سزایانە لە دەیەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئینگلستان بە شێوەیەکی هەستپێکراو بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت. لە ساڵی ١٨٦١ ڕێژەیەکی بەرچاو لە تاوانەکان لە هەوڵێکی هاوبەش لە ریزی سزای ئێعدام دەربازکران، بە جۆرێکە تەنیا پێنج تاوانی، خیانەت، کوشتن، سیخۆڕی، ئاگرتێبەردانی کارخانەی کەشتی سازی سەڵتەنەتی و دزی توندئاژۆی دەریایی لەو ساڵەدا بەرەڕووی سزای ئێعدام دەبوونەوە.

## نووسراوەی تایمز و وەڵامی مارکس

مارکس لە نووسینەکەیدا بە ئاماژە بە ڕاپۆرتی تایمز دەسپێدەکات. لە ڕاپۆرتی تایمز هاتووە کە ئەم باوەڕە بوونی هەیە کە دەسبەجێ پاش بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدام لەبەرچاوی خەڵک، شایەتی کۆمەڵێک مەرگ دەبین کە بە هۆی خۆهەڵواسینەوە ڕوو دەدەن، چ خۆکوژی و چ بە هۆکاری بە هەڵکەوت. نووسەرەکەی تایمز هۆکاری ئەم دیاردە دەگەڕێنەوە بۆ کاریگەریی قووڵی ئێعدامی ئەو جینایەتکارانە کە لەسەر بیرو زەینی نەخۆش و ئەو کەسانە دادەنێت. مارکس نووسینەکەی بەوە دەسپێدەکات و دەسبەجێ نووسەرەکەی تایمز دەداتە بەر ڕەخنە، بەم پێیەی کە ئەم هەڵسووکەوتە لە کۆتاییدا بە باڵاهەڵگوتن لە ئازادیی کردەوەی ئەو جەلادە کۆتایی پێدێت و سزای ئێعدام وەکوو دوایین داواکاریی کۆمەڵگا دەناسێنێ و ڕەوابوونی پێدەدات.

مارکس لە درێژەی نووسینەکەیدا بە ئاماژە بە ئامارێک کە دوو ڕۆژ پێش نووسینەکەی خۆی لە مۆرنینگ ئێدویزتایز بڵاوبوویەوە و بە لێکدانەوەی ئەو، تێیدا مەنتقی خوێنینی تایمز دەخاتە ژێر تیری ڕەخنە. ئەو ئامارە باس لەو مەرگانە دەکات کە لە ماوەی ٤٣ ڕۆژی ڕابردوو لە ساڵی ١٨٤٩ بڵاو بوەتەوە. مارکس بە پێی خودی ئەو ئامارە دەڵێ، هەر بەوجۆرەی کە نووسەرەکەی تایمز تەئیدی دەکات، ئەو مەرگانەی کە بە دوای ئێعدامە گشتیەکاندا ڕوویانداوە، تەنیا بە هۆکاری خۆکوژی نەبووە بەڵکوو حاڵەتگەلێ لە بێڕەحمانەترین کوشتنەکان لە خۆ دەگرێ. هەر لێرەدایە کە لێکدانەوەی سەرەکی مارکس لە دژایەتی لەگەڵ سزای ئێعدام دەردەکەوێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە سزای ئێعدام نەک لە درێژماوە تەنانەت لە کورتماوەشدا ئیمکانی بەرگری لە دووپاتبوونەوەی کوشتن لە کۆمەڵگای پێ ناگیردرێت. مارکس هەر لەم نووسینەدا ئاماژە بەوە دەکا کە بەڵگە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە لە سەردەمی ( قابیل ) تا ئێستا سزای ئێعدام نە تەنیا نەبوەتە هۆی چاکسازی و تەمێکردنی مرۆڤ بەڵکوو تەنانەت بە پێچەوانە، خۆی دەرخستووە. مارکس لەم نووسینە بابەتێکی گرینگی دیکە دێنێتە پێشەوە، بە گشتی دەڵێن کە یەکێک لە مەبەستە سەرکیەکانی سزای ئێعدام ئەوەیە کە کۆمەڵگا ئەزموونی لە چارەنووسی ئەو کەسانە وەربگرێت. مارکس بە ئاماژە بەم مەسەلە واتە ئەوەی بە لێکەوتەی چاکسازی و تۆقاندن لە پێوەند لەگەڵ سزا ناوی لێدەبرێ، ئەم پرسیارە دێنێتە پێشەوە کە، ئێوە بە چ ئیزنێک مافی ئەوە بە خۆتان دەدەن کە خەڵکی دیکە سزا بدەن؟ لێکەوتەی تۆقاندن لە ڕێی سزادانەوە هەر لە دێر زەمانەوە و لە ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکان هەبووەو تا ئێستاش درێژەی هەیە و خوازیارانی تایبەتی خۆیشی هەیە.

ئەوە ڕوونە کە مارکس بنەمای سەرەکی ئەم مەسەلە لە شوێنێکی دیکە دەبینێت و خۆی لە لێکدانەوەی هەڵە و ناواقیعی دەپارێزێ. ئەو لەم نووسینە بە هێنانەوەی وتەیەک لە هێگل، کە بە جۆرێک داڕشتنی وشک لە ڕوانگەی کانت لە بواری کەرامەتی لاوەکی ئینسان دەزانێ، هێرش دەکاتە سەر ئیدۆلۆژی ئاڵمانی کە پێگەی تاوانبار لە ئاستی ئیرادەیەکی ئازاد و سەربەست بەرزدەکاتەوە و بەمشێوە، وابەستەگی تاوانبار بە کۆمەڵگا و پرسە ئابووری_کۆمەڵایەتیەکان لەبەرچاو ناگرێت. پرسێ کە دواتر بووە بابەتی سەرەکی تاواناسی مارکسیستی.

## ڕوانینێک بۆ پرسی مافناسی مارکسیزم

مارکس خوێندکاری بەشی مافناسی و باوکی پارێزەری دادگا بوو. بەم حاڵەشەوە لە نێوان بەرهەمەکانی مارکس بە کەمی دەتوانرێ بابەتێکی پوخت و داڕێژراو لە سەر بنەمای پرسی ماف بەرچاو بکەوێت. بۆیە پرسی بنەمایی ماف لە فەلسەفەی مارکس دەبێ لە ڕێگەی ئەندێشەو تێڕوانینەکانیدا خوێندەوەی بۆ بکرێت. لە ڕوانگەی مارکسەوە هۆکاری سەرەکەی هەموو ئەوانەی کە بە ژێرخانی کۆمەڵ ناوی لێدەبرێ، ڕاستیەکانی ژیان و ئەو پێوەندیانەیە کە بەرهەمی سازوکاری ئابووری کۆمەڵایەتین. ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە ژیانی فیکری مرۆڤەکان، وشیاری، ناکۆکیە ئەخلاقیەکان، بایەخە کۆمەڵایەتیەکان، سیستەمی یاسایی و چۆنیەتی ماف و ئازادیەکان پێناسە دەکات.

وتەیەکی بە ناوبانگی مارکس لە ئیدۆلۆژی ئاڵمانی دەڵێ، هەندێ کات ئەوە مرۆڤ نیە لە ژیان دیاری دەکات بەڵکوو ژیان و بوونی واقیعی ئەوانە کە وشیاری مرۆڤەکان شکڵ پێدەدات. لەم ڕوانگەوە مافی مرۆڤ و هەموو ئەو یاسایانەی لەم بوارەدا پێناسە کراون، هەموو دەبێ بەرهەمی مێژوو و ئەو خەباتە بێ کە لە پێناویدا تێکۆشان کراوە. هیچ جۆرە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە ماف یا ئازادی ناتوانرێ بە شێوەی سرووشتی و لە پێش داڕێژراو پێناسە بکرێت. بە پێی ڕێنماییەکانی مارکسیزمی کلاسیک، تاکە ڕاستی بنەمایی و سەرەکی کە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەگەڵی ڕووبەڕوو بووە، بارودۆخی ماددیە کە ئینسانەکان لە دۆخی سەرەتاییەوە لەناویدان. هیچ گەڵاڵە و ئیدەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لە کۆمەڵگایەکی ڕووت و بێ کلتوور، ئەخلاق، بایەخە کۆمەڵایەتیەکان یەکتریان دۆزیوەتەوە، لە ئارادا نەبووە. بە لێکدانەوەی لووک فروتێر نووسەری بەرهەمی، دەربارەی ئەندێشەکانی ئالتووسەر، لە ڕوانگەی ماتریالیستەکان، وتنی ئەوەی کە خەڵک خاوەنی خسڵەتی دەروونین کە بە هەرکام لە ئێمە وەکوو جۆری مرۆڤ پێوەندی هەیە وەکوو، پێگەی تاکەکەسی، ماف، ئازادی، ئینسانیەت، بەڵێن و ... بابەتێکی هەڵخڵەتێنەرو درۆیینە.

بەم پێیە هیچ مافێکی سرووشتی و زاتی ناتوانرێ بوونی هەبێت. هەموو ئەو ماف و ئازادیانەی ئەمڕۆ ئێمە دەیانناسین و بەرگری لێدەکەین، تەنانەت بنەماییترینی ئەوانە کە مافی ژیانە، بەرهەمی خەبات لە ڕەوتی مێژوو و پاشەکشە بەو پێکهاتانەیە کە لەسەر بنەمای سەرکوت و دەسەڵات ڕاوەستاون. مافی ژیان و هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدامیش ناتوانێ لە دەرەوەی ئەم باسە بێت. ئەمڕۆکە ئێمە مافی ژیان وەکوو بنەماییترین ماف دەناسین، بەو واتای کە ماف و ئازادیەکانی دیکە لە ژێر کاریگەری ئەم مافە سەرەتاییەدایە. بەڵام ئایا هەمیشە بارودۆخ وەهایە؟ بۆ وێنە لە کۆمەڵگایەکی کۆیلایەتی چۆن دەکرێ باس لە مافی ژیان بکرێ؟

لە لایەکی دیکەوە پەسەندکردنی مافی ژیان بەو مانای ئێمە ئەمڕۆ دەیناسین بەرهەمی سەردەمی ڕۆشەنگەری و ڕەواندنەوەی ئەو خەیاڵانە بوو کە گیان و ژیانی مرۆڤی تایبەت کردبوو بە خواوەند. کەواتە پێکهاتنی مافی ژیان بابەتێکی تەواو عەینی و مێژووییە و ناکرێ لەگەڵ هیچ مانایەکی نامۆی دیکە وەک ( کەرامەتی زاتی مرۆڤ ) گرێ بدرێت. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەڵگەکانی مارکس لە بابەت دژایەتی لەگەڵ حوکمی ئێعدام دەبینین کە مارکس لەو نووسینەدا هیچ باسێکی لە کەرامەتی زاتی ئینسان یان دەستەواژەی لەو چەشنە نەکردووە. لە کاتێکدا بەتایبەتی بە بەکارهێنانی دەستەواژەی کەرامەتی ئینسانی ئاشنایەو هەم لەم نووسینەدا لەو شوێنەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی کانت ئاماژەی پێداوە.

لە لایەکی دیکەوە لە ڕوانگەی مارکس، خوازیارانی سزای ئێعدام ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بنەماییە بدەنەوە کە بە چ هۆکارێک بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاو تاوانباران ئەزموون وەربگرن، دەبێ بەهرەو ئەزموون لە کوشتنی تاوانباران وەربگیردرێ؟

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بەرهەمی کۆمەڵگایەکە تێیدا گەشەی کردووە. بەڵام کۆمەڵگا بە جێی ئەوەی بەرپرسیایەتی خۆی لەمبارەوە هەڵبگرێت، هەوڵی ئەوەیە بە کوشتنی تاوانبار، بە جۆرێک نیشانی بدات کە ئەو ئەرکی خۆی لەمبارەوە بەجێ هێناوە. لە حاڵێکدا تاوان لە بۆشاییدا ڕووی نەداوەو تاوانباریش ئیرادەیەکی سەربەخۆی لەمبارەوە نەبووە. پێدەچێ نەک تەنیا لە لێکدانەوەی ئەو تاوانانەی بە سزای ئێعدام کۆتاییان دێ، بەڵکوو لە تاوتوێکردنی تاوانەکانی دیکەشدا ڕەتکردنەوەی لێکدانەوەی لاوەکی، گرینگترین و سەرەکیترین ڕێنوێنی تاواناسی مارکسیستی بێت.



# بیرۆکە لە ڕووناکبیران بگرە و بیگەڕێنەوە بۆ خەڵک

**نووسەر: فین بۆرینگ**
**وەرگێران لە فارسییەوە: محەمەد حەکیمی**

هانا ئارنێت دەیپرسی: ئایا سیاسەت گەورەترین خەلاتی مرۆڤایەتییە یا دۆخێکی کوێر و ناڵەبارە؟ بیرۆکە لە ڕووناکبیران بگرە و بیگەڕێنەوە بۆ خەڵک کەسێک کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە دایک بێت و سەیری کاولکارییەکانی هەر دوو شەڕی جیهانی بکات و کردبێت، بە دڵنیائیەوە چیدی هیوای بە باش بوونی جیهان نابێت. بەڵام ئارنێت وەها مرۆڤێک نەبوو. لە نێوان ئەو دوو شەڕەدا، کاتێ مەرگ و ئاوارەیی بە دوای مرۆڤدا بگەڕێت، ئەو بیری لە پرسیارێکی ڕادیکال دەکردەوە: چون دەتوانین سیاسەتێک دروست بکەین کە لەو سیاسەتەدا هەموو مرۆڤ و نە تەنها ڕووناکبیران یا دیکتاتور گەلێک وەک هیتلر و ئستالین، بە سەر جیهاندا حوکم بکەن؟

«فین بۆرینگ، تایمز لیتریری ساپڵمێنت» لە ژاوە ژاوی ئەم کێشمە کێشمە کە ئێمە لە جیهانی «پەسا ڕاستی» و ئیدیعای ناسینی بە توندی نەساز و ڕاستیەکانی جێگرەوە ژیان دەکەین، بەشی بنەڕەتی دیکەی مێشک، واتە هێزی بیرکردنەوە، بە سانایی لە بەرچاو ناگیردرێت. هانا ئارنێت لە کتێبی «ژیانی مێشک» نووسیویەتی: لە حاڵێکدا زانایی و بیرکردنەوە «چالاکی جیهانی ساز»ە لە ئاکامدا دەبێ لە گەنجینەی کولتووردا ڕۆڵ بگێرێت، هەر وەک چۆن لە چیرۆکی «پێنێلوپە و کفنی ئودیسە»، ئەوەی کە هەموو شەوێک دەیچنێت، دەیکاتەوە بە خوریی. بیرۆکە سەرچاوەیە، بەڵام نە بۆ ڕاستی، بەڵکوو بۆ مانا. بیرۆکە لەگەڵ گومان، حەیران و سیروسەمەرە کایەی نەردی ئەوین دەکەن و بەو شێوەنە تەنها لەگەڵ ئیدیئولوژی «جەزم خوازی» بەڵکوو لەگەڵ هەموو چوارچێوەکانی خۆبەزلزانی ونوخبەخوازی کێشەیەکی دێرینی هەیە.

ئارنێت لە ساڵی ١٩٠٦ی زایینی لە شاری هانوفێری ئالمان لە ناو بنەماڵەیەکی یهودی چاوی بە ژیان پشکووت و لە شاری کونیگسبێرگ گەورەی وڵاتی پرۆس گەورە بوو. لە گەنجیدا فێری زمانی یونانی و لاتین و زۆر بە شێوەی بنەوەشەیی خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئیمانوئل کانت، سورن کیرکگۆر و کاری یاسپێرس. لە سمینارێکی نوێخوازانە «مارتین هیدگێر» سەبارەت بە فەلسەفەی یونان لە زانکوی «ماربۆرگ» ئامادە بوو؛ ئارنێت و هایدگێر عاشقی یەک دەبن ولە درێژەی دەیەی ١٩٢٠ ی زایینی بە دزیەوە پەیوەندیەکی قوڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێ. لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە ترسی ڕژیمی نازی چوە پاریس و لەوێ دەستی کرد بە نووسین و هەروەها دەستی کرد بە یارمەتیدانی یەهودیە ئاوارەکان. لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی دوای ئەوەی پاریس لەلایەن هێزی داگیرکەری نازیەوە داگیر کرا بە ناچاری فەرانسەی لە ڕێگەی پاپۆڕەوە بەرەو وڵاتی ئەمریکا بە جێهێشت و لە شاری نیویورک نیشتە جێ بوو. لەوێ درێژەی بە نووسین ویارمەتیدانی یەهودیەکان دا، پێس ئەوەی ببێتە شارۆمەندی ئەمریکا لە زانکو ڕەسمیەکانی ئەو وڵاتە کۆمەڵێک وانەی سەبارەت بە بیرۆکەی سیاسی دانا و وتەوە. «ئارنێت» پێش ئەوەی خۆی بە فەیلەسوف بزانێت، خۆیی وەک بیرمەندێکی سیاسی دەناسی و دەزانی. «ئارنێت» پشتیوانی لە جۆرێک «لیبرالیزمی شۆڕشی» دەکرد کە بە پێوەری هاودڵی ڕومانتیکی نیزامی شورایی پێناسە دەکرا: شتێکی نا حزبی و نیزامی ناوچەیی لە دێمۆکراسی ڕاست کە، لەودا، ئەنجومەن گەلی شارۆمەندی نوینەرانی خۆیان بۆ چاودێریکردنی بیرۆکەانیان لە چینەکانی دەسەڵات وەک «ناوچەیی، گەرەک، پارێزگا و نەتەوەیی» هەلدەبژێرن. «ئارنێت دەیویست بیرۆکەی سەدەی هەژدەی « خۆشبەختی» وەک خێرێکی گشتی دەرکەوت کە لە ڕێگەی بەشداریکردنی سیاسی بە پێوەری نافەرمانی مەدەنی بە دەست دێت.

«ئارنێت» لە دەیەی ١٩٣٠ی زایینی پشتیوانی یەکەمی دامەزراندنی دەوڵەتی یەهودی لە فلستین بوو، بەڵام بە نیزامی سیاسی بەشدار لە شوراکانی شاری تێکەل لە عەرەبی یەهودی، بەڵام دژی بیرۆکەی دەوڵەتی یەهود بوو و لە ناسیونالیزمی جولەکە هەر ئەو ناشرینی و ناحەزیەی دەدیت کە لە «شووینیزم»ی نەتەوەیی ئوروپایی بوونی هەبوو و یەهودیەکانی ئورووپا لە دەستی ئەو ڕایانکردبوو. بەرهەمی ئەو سەبارەت بە «بلشویسم و نازیسم» بە سەردێری ویستگەڵی توتالیتاریسم» لە ساڵی ١٩٥١ی زایینی و هەروەها شرۆڤە و لێکدانەوەی سەبارەت بە « ئادولف ئایشمەن، بە ناوی ئایشمەن لە ئورشەلیم» ١٩٦٣ی زایینی یەکێکە لە ناسراوترین و ڕاسترین باسەکانی «ئارنێت» سەبارەت بە کارەساتی ئورووپایی دەیەکانی ١٩٣٠ی زایینی و ١٩٤ی زایینی تیدایە.

سەرمایەداری بەرهەمخۆر نیزامییە بە پێوەری بێبەزەییانەی کاولکاری، مێژووی بەرهەمی سیستماتیک و پەرەپێدان بە پێویستیەکان هەر چی زیاتری سەرمایە ئاکامێک بوو کە «ئەفلاتون» لە دادگای سوقرات و حوکمەکەی گرت؛ چونکا نوخبەخوازی «ئەفلاتون» خەیانەتێک بو پێداچوونەوەی خۆدی «سوقرات» لە ئیدعای فکریەتی تەواو. «سوقرات» بە شێوە ناسیاوەکەی خۆیی سەبارەت بە تەواویەتی بیرۆکە، توانی پێوەندیەکی ناسک و جوان لە نێوان بیرۆکە و کردەوە دروست بکات و لەودا، پرسیار و دیالوگی دوو لایەنە شێوەێکە بۆ لە دایک بوونی جیهانێ کە دوو لایەن بتوانن هەست و لێی تێبگەن. بەڵام دید و بۆچوونی «ئەفلاتون» لە نوخبە خوازی بوە هۆی ئەوەی کە ئەم پەیوەندییە ناسکە لە یەک بپچرێت. «ئارنێت» لە «دۆخی مرۆڤ»دا چالاکیەکانی مرۆڤ بە سەر سێ بەشدا دابەش دەکات . نزمترین چالاکی نەخشی کلوڵی گۆرانی ژینگەی ئۆرگانیک بە کەرەسەیەک بۆ داهاتی مرۆڤ، ئەو شتەی کە «مارکس» وەک «پێویستی ژینگەی هەمیشەیی» پێناسەی دەکات کە دەبێتە هۆی نێوەندی «متابولیسم» ، «سوخت و ساز» لە نێوان مرۆڤ و ژینگە. «ئارنێت» ماندوبون و ئارەق ڕشتن وەک چالاکیەکی بی پسپور پێناسە دەکات، چونکا جگە لە درێژەی مان کە لە ئاکامدا لە ناو دەچێت، هیچ شتیکی دیکە لە ژیانی مرۆڤدا نییە و بەو هۆیە کە ئەم چالاکییە شاهیدێکە لەسەر ئەو بەشە لە مرۆڤ کە پێوەندی هاوبەشی مرۆڤ لەگەڵ کەرەسەی «ئۆرگانیک»ە.

جێگەی نزمی «ماندوبوون و ئارەق ڕشتن» لە یونانی باستان لە پەیوەند بەو چالاکیانەی کە بۆ مانەوە ڕەنگی دەدایەوە، ئەو چالاکیانەی کە لە چوارچێوەی ماڵ «oikos » و نەدەبینرا و لەلایەن بەردەکان یان کەسانی ئاست نزمی ئەوسای یونان «ژنان و بەردەکان» ئەنجام دەدرا. ماندوو بوون ئەگەر نەڵێین پێویستی بە توندوتیژی لەس یا جسم هەبوو، هەمیشە بە دەسەڵاتێکە دەبەسترایەوە کە سروشت و خواکانی ماڵ بە سەر ئەو کەسانەدا دەسەپا کە ماندووبوونەکان ئەرکی سەرشانی ئەوان بوو. بەردەگی هەرگیز شتێکی پێویستی تاک یا سروشت نەبوو کە بە ئازادی بەرابەر بگیردرێت، بەڵکوو کردەوەکانی ئەوە بوو کە شارۆمەندان لە کار کردن ڕزگار بکات تا ئەوان بتوانن لە جێگەی گشتی خۆیاندا، لە کۆمەڵگایەکی پر لە خەڵک لە پێگە و جێگەی بەرابەردا قەرار بگرن: بە وتەی «ئارنێت»ئەگەر دروستی ئەم ڕوانینە قەبوڵ بکەین کە بۆ تاک هیچ ش×ێک لەوە شیرین تر نییە کە حوکم بە سەر خەڵکدا بکات، ئەوسا خواکان هەرگیز چوارچێوەی ماڵی خۆیان بە جێ نەدەهێشت، بە پیی پێوەری «ئارنێت» بەشیەک لە سەرکەوتنی «کار» بە سەر «ماندوبوون» ئەوەیە کە کار مرۆڤ لە بێسەوادی ڕزگار دەکات. کار چالاکیەکی سەرترە، چونکا دەرگیرکردنی جیهانێکی پتەو و سەقامگیر لەو ئەبژانە»یە کە مرۆڤ لە بەرامبەر هێزی سروشتدا دەیپارێزێت. بەرزترین دەسکەوتی مرۆڤی کەرەسەساز «homo fber» بەرهەمی هونەرییە کە ئەندازیاری پێویست و کارایی چالاک دەکات و جوانی ئەو دەتوانێت لە نێو سەدەکاندا بدرەوشێت. بەڵام کرێکارەکان لە ناوخدا هەروەها لەسەر کەرەسەواری خۆیان دەمێننەوە و ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی دیکە: کێشەی ڕۆئیشتنی مانا لە جیهانێک کە هەر شتێک تێیدا دەتوانێت ببێتە کەل و پەلی بەکارهێنان و فرێدان کەم ببێتەوە. لە ڕوانگەی «ئارنێت» بەرزترین ئاستی چالاکی لە دەستی مرۆڤدا کردەوە و کاری گشتییە کە ناوبراو وشەی «کردەوە»ی بۆ بە کار دێنێت. هەر بەو شێوەی کە لە پەرەپێدانی «دەوڵەت شار»ی یونانی "polis" و کۆماری ڕۆمی "res publica" جیگەی پالەوانانی هومریی گرت، جەوهەری کردەوەی مرۆڤ لە ئازایەتی و دڵدار بوون لە کردەوە گۆڕدرا بۆ «سخنوری، دیالوگ یا وتوویژ» و ، لەم پروسەدا، ئازادی بوە کردەوەی سیاسی هاوبەش لە وتوویژی گشتیدا. لە ڕوانگەی ئارنێتەوە، کردەوە بی مانایی ژینگەی مرۆڤ بە پەردەهەلگرتن لەسەر توانایی تایبەتی ئێمە لە وتوویژ و قسە کردن و ئەنجامی ئەو کارانەی کە پێشبینی ناکرێت، چاک دەکات تا ئێمە، بە دروستکردنی ئەوەی کە دەست ناکەوێت و دەست کەوتنی ئەستەمە، لە پەیوەندی بالا و بیرۆکەی کەرەسە ڕزگاری بێت. کردەوە بە شرۆڤە ناسراوەکەی ئەو «تەنها هێزی سەیر و سەمەری مرۆڤ»ە.

ئازادی و نوێهێنانەوەی کردەوە، قازانج خوازی مرۆڤی کەرەسە ساز «homo faber» دەنخشێنێت، بەڵام خۆدی کردەوە بە دروستکردنی جیهانی هاوبەش کە ئێمە لە خۆدی خۆمان دەباتە دەرەوە، و ئێمە هاوکات لە حەلقەێکدا پێکەوە گرێ دەدات و لێکی جیا دەکاتەوە و ژیانی ئێمەش دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، «ئارنێت» ئەم دۆخە بە دۆخی زۆرینە دەشوبهێنێت. ئێمە جیهانێک لەگەڵ مرۆڤگەڵی تایبەتی دیکە بە شێوەی هاوبەش واتە شەریک دەبین و کاتێ بە ئاڵ و گۆری ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بەو قسە دەکەین، سەبارەت بە باسی ئەو بە پێوەری مێهرەبانی و ئاگالێ بوون دەکۆلینەوە وبۆ باوەر بە زانایی هاوبەش و «سە بعدی» کە ڕێک و پێک تر لە خۆدی ناتەواو و نا سەقزمگیری ئێمەیە، دەبێ لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانەوە بۆ ئەم پرسە بڕوانین: هەر مرۆڤ گەڵی ئامادە لە وەها جیهانێکدا، کە لە پەیوەندیەکی تایبەتدا لەگەڵ یەکن، زۆرتر بێت، ئەو جیهانەی کە پەیمانی لە نێوان ئەواندا بەستوە، گشتگیر، گەورەتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. ڕەنگە بتوانین ئەم ڕوانگە بە «کوبیسم»ی زانست ناسی «ئارنێت» پێناسە بکرێت.



شێوەی تێبینی پلەداری «ئارنێت» سەبارەت بە چالاکیەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ڕخنەی ئەو لە «مودێرنیتە»یە. ئەم کۆکردنەوەی لە کردەوەی «ئارنێت» وەکوو بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتی بەم بیرکەوە سەبارەت بە سیاسەت لەم کێشمە کێشەدا بوە کە سیاسەت، وەکوو چالاکیەک لە فکری کار و ماندو وبن، کەرەسەێکە لە ڕووی ناچاری و هەسرەت خواردن. لە ڕوانگەی فەلاسەفەوە سیاسەت کەرەسەێکی بێدەرەتان بوو کە پێوەندرایەتی ژینگە ناسی مرۆڤەکان بە یەکتر ئەوەی دەکردە پێویست تا بتوانێت ژینگەی کۆمەڵاتی ئەوان ڕێک بخات و لە ئاکامدا مرۆڤەکان کاتێکیان هەبێت بۆ بیرۆکەی گەورەتر بۆ ڕەشبینان، ناڕازیان و ئەوانەی مافی دەنگدانیان نییە، توتالیتاریسم هەستێکی فریودەری لە هەستی مەبەستدار و ئامانجدار هۆگری دروست دەکات کە گۆشەنیشیان بە دەستی دێنن.بۆ شارۆمەندانی مودێرن، بەشداری سیاسی وەکوو هەلێک بۆ بە دەست هێنانی قازانجی تاک لێکدەدرێتەوە، کە لە زۆربەی کاتەکان، بە مانای پاراستنی ئاستی خەرجی تایبەتی تاک یا زۆربوونی ئەو هەیە. «ئارنێت› هەمیشە بەڵگەی دەهێنایەوە کە قازانجی تاک «selr-interest» وشەیەکی نێوەڕۆکدارە چونکا «inter-est» لە ناو بوندا ئاماژە بە جیهانێکی هاوبەش دەکات کە لە نێوان دەرگیرکردنی تاکەکان. نە لە ناویاندا.

بۆ خۆدی سیاسیەحرفەیەکان، سیاسەت کردەوەێکە بۆ بەرێوەبردنی ئاستی ئابووری. هەر چەنێک سەرمایەداری پەرەی پێدرا، ئەوەی لە «سپەری گشتی» مایەوە لە ناو بازاردا قوت درا و ە و خوازەی ئورگانیک سەبارەت بە حەیوانی زەحمەتکێش «animal laborans» باڵاکردن و فروان بوون، چەرخەی سروشتی بازرگانی، و قازانج بۆ مانەوە، بە سەر گوفتمانی سیاسیدا زاڵ بوو. لە بەرامبەردا، ئابووری کە بۆ یونانیەکان چوارچێوەی سەخت و ناڵەباری پێویستی «the oikos» بۆ ئاسانکاری چالاکیەکانی بەرزتر و گەورەتری ژینگەی کۆمەڵایەتی بوو و هەروەها وەک سازوارەی زیندو بەئەژمار دێت و کاری سیاسیەکان و بەرپرسانی حکومی بوو بەوەی کە دۆخی پەروەردە و خواردن چاک بکەن. وێنەیەکی هاوشێوەی وەک زانستی «کار» دێتە پێش چاو کە، لەودا، ژمارەیەکی کەم لە خەڵک زانست و کونترۆڵی ئەو شتانەی کە ئافرێنراون دەگرنە دەست و لەو پروسە و ڕویەکانی ڕێکخراو، بیرمەندی و توانایی بەرهەمهێنەرەکانی لە ناو خۆدا نوقم دەکرد.

...بۆ ل ١٥

# دارشتەی پەیکەرەی «دەسەڵات» لە دواڕۆژدا





دیاکۆ مرادی

## پێشەکی

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەگەر کورد خاوەنی گووتار و گەلاڵەیەکی هاوبەش و نیشتمانی با و بەرژەوەندی نەتەویی لەبەر چاو گرتبا دەیتوانی لە بۆشایی پێکهاتووی دەسەلاتی ناوەندی ئێران، ببێتە بە کاراکتەرێکی سەرەکی بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دابەشکراو لە جوگرافیای سیاسی ئێران.

کە واتە وەگەڕ خستنی ئەو دیالۆگە دەبێتە هۆی ئەو چەمکە کە مێژوو دووپات نەکەینەوە و لە ناوخۆ تووشی کێشمەکێش و ململانێی دەسەڵاتی نێوان هێزی نەبینەوە.

جێگای ئاماژەیە کە نووسینی ئەم وتارە بەو واتایە نییە کە سیستمی فێدراسیۆنی دێمۆکراتیکی کوردستان، تەنیا گەلاڵە و ڕێگاچارەی لێکتێگەیشتنی نێوان هێزە سیاسیە کانی کوردستان بێ لە وڵاتی کوردستان وەک قەوارەیەکی نیشتمانی سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەر.

بەڵکوو مەبەست ورووژاندنی گووتارێکە کە بتوانێ ببێتە گووتاری زاڵ لە ناو تاک و کۆمەڵ و هێزە سیاسیەکانی کوردستان تا لە داهاتوودا تووشی قەیرانی سیستم و گووتاری نەتەوایەتی نەبینەوە.

هاوکات ئەم گووتارە دەتوانێ ببێتە بناغەدانەری گووتاری سیاسی نێوان هێزی، تا ئەو کاتەی، کە بنچینەکانی دیالۆگێکی هاوبەش دەدۆزرێتەوە و هاوکات لە قۆناخی «گوزار»ی «نەتەوەسازی سیاسی»دا تێدەپەڕین و لێکتێگەیشتن و ڕێز لێنان لە ئازادی تاک و ڕا دەربڕین، یەکسانی ژن و پیاو، منداڵ و بنەماڵە، ژینگە و...تاد، و بە گشتی ڕێز گرتن لە جیاوازیەکانی کلتوری، ڕێزمانی، ئایینی و فکری و ئایدیالۆژی دەبێتە واتا پێدەری «بایەخە ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون.»

لەم بەشەدا من نەچوومەتە ناو وردەکاریەکانی سیستمی سیاسی پێکهێنەری دەسەڵاتی گشتی.

بەو مانایە لەم کورتە نووسراوەیە هەڵنەستاوم بۆ دیاری کردن و واتا بەخشین بە پێکهاتەکان وچەمک گەلێکی بونیادهێنەری سیستمی حکومەت بۆ دەست نیشانکردنی مافی تاک، ئازادی تاک، ئازادی کۆمەڵگا، ئازادی بیر و باوەڕ و ئایین، مافی ژنان، چینایەتی، منداڵ و بنەماڵە، ژینگە و ... تاد.

## وڵاتی یەک پێکهاتە – تک ساختاری

دابەش کردنی دەسەڵات و هێز لە پیکهێنانی حکومەت ئەو چەمکە کێشە لەسەرەیە کە بەرۆکی سیستمی سیاسی وڵاتانی جیهانی سێیەمی گرتووە.

بەو واتایە پاراستنی بەرژەوەندی گرووپ و خواستە سەپێندراوەکانی لایەنێکی ئەتنیکی یان هێزێکی پاوانخواز دەبێتە هۆی دەستپێکی لێکتێنەگەیشتنێکی سیاسی لە گۆڕەپانی جوگرافیای سیاسی دیاریکراوی «وڵاتێک» لە قەوارەی دەوڵەتێکی گشت گیر، کە بەداخەوە دیالۆگ و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی واتای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات و زمانی زەبر و زۆری جێگیر دەبێ و بەرژەوەندی «نەتەوەیی» و چەمکی پیرۆزی «نیشتمان» دەباتە ژێر ڕکێفی ملهۆڕی هێزێکی باڵادەستی مێلیشیایی.

لەو وڵاتانەی کە یەک پێکهاتەی نەتەوەیی و کلتوری و ئایینی هەیە کەمتر تووشی ئەم گرفتە دێن – بەومەرجە ئەگەر تاکی کۆمەڵگا خۆی رزگار کردبێت لە پاراستنی بەرژەوەندی کوێر کوێرانەی تاقم، گرووپ و هێزێکی سیاسی.

خۆ رزگار کردنی تاک بەو واتایە دێتە کایە کردن کە تاک گەیشتبێت بە واتای کەرامەتی ئینسانی و هەستی بە شووناسی مرۆڤایەتی کردبێ و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی هەبێ لە ئازادی، ئازادی تاک، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بیر و باوەڕ و گشت چەمکە بناخەییانەی کە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەرانە.

بەو واتایە دیالۆگی نێوان تاک و ئەندامانی هێزەکان بە لێکتێگەیشتنیکی ڕێزدارانە تەنیا کێبەرکێیەکی سیاسی و فکری دێنێتە ئارا بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر و دامەزراند و چەسپاندنی عەقڵییەتی دێموکراسی و فرەدەنگی و پاراستنی مافی مرۆڤ، ژنان و بنەماڵە، سروشت و ژینگە و ...تاد.

ئەم چەمک گەلە لەو وتارەدا بە «پیرۆزیەکان و بایەخە ئەخلاقییەکانی کوردستانی بوون» یان «ارزشهای اخلاقی کورد بودن» ناوزەد دەکرێ.

## وڵاتی فرەپێکهاتە – چند ساختاری

بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە لە فرەنەتەوە و فرە کلتوور و فرە ئایینی پێکهاتووە بەردەوام کێشەی دەسەڵات و دابەشکردن و شەریک بوون لە دەسەڵات، دەوڵەت و بەڕێوبەرایەتی داهاتووی وڵات بۆتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و بەردەوام شەڕ و ململانێ لەم بابەتە لە ئارادا بووە. کە ئاکامەکەی بۆتە هۆی سازبوونی نایەکسانی ئابوری، سیاسی و کلتووری و خوڵقاندنی ژینۆسایدی کلتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئینسانی.

وەبن گوێ خستنی دەنگ وخواستە ڕەواکانی هاونەتەوە و شاروومەندانی خاوەن زاراوە، کلتور و ئایین گەلێکی جیاواز و بە گشتی ئەتنیکە کلتوری و زاراوە و ئایینە ژێردەستەکان لەو جوگرافیا سیاسیەدا بە مەبەستی ساز کردنی گووتاری «دەوڵەت لە پێناو قۆرغکردن و واتا بەخشین و زاڵ کردنی زاراوە، کلتور و ئایینی ، نەتەوە»ی بەرژەوەندی خواز و ناوچەگەرا تاقانە و باڵادەستی ناوچەیی و ئەتنیکی و پاوان کردنی دەسەڵاتی پیاوسالارانە لە نێو هێڵێکی دیاری کراوی هاوحیزبی و هاوفکری و هاوئایدیالۆژیدا بناغە و پێکهاتەی «دێموکراسی» و «ئازادی تاک و کۆمەڵ» وەبن دێنێت. کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی «دەسەڵات»ی دیکتاتۆریەت و سیستمێکی تۆتالیتاری و شوئینیست–ناسیونالیستی ناوچەیی.

بایەخ نەدان و گوێ بیست نەبوون بە دەنگە جیاوازەکان و خوێندنەوەی ناشیاو بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیە بەربڵاو و دابەشکراو بە دیاریکراوەکان، قۆناغی تێپەڕاندن بۆ گەیشتن بە سیستمێکی دادپەروەر،عەدالەتخواز و یەکسان لاڕێدا دەبات.

بەرهەمی ئەو تێنەگەیشنە و بڕوا نەبوون بە دەسەلاتی خەڵک بەسەر خەڵک و بێ لەبەر چاو گرتنی ویستی لایەن، هێزەکان و ئەتنیکە ژێردەستەکانی پێکهاتووی جوگرافیایەی سیاسی کوردستان، ناتوانێ بەختەوەری تاک و کۆمەڵگا بەرهەم بێنێ.

کە واتایەک لە گۆڕەپانی خەباتی گەلێکی ئازادیخواز و چەوساوە، نابێت «بایەخە ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون» بخرێتە ژێر پۆتینی هێژمۆنی «دەسەڵاتی»پیاوسالارانە و ملهۆڕی «چەکداری و کلتوری و ئایینی باڵادەست»ی .

هەروەتر دیاری کردنی «هێڵی سوور و بڤەی نەتەوایەتی و پیاوسالارانە»ی یەکەیەکی سیاسی و تەک پێکهاتەیی بە مەبەستی سەپاندنی «بەرژەوەندی هێزی باڵادەست» لە سەرەوەی «بەرژەوەندی نەتەوەیی» و «بایەخە ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون» خەباتی گەلی کورد بەلاڕێدا دەبات.

لەو شێوازە پێکهاتە پیاوسالارانە و پاوانخوازانەدا هێچ جۆرە گارانتییەک نییە بۆ سازدانی گووتاری نەتەوایەتی.

جا بۆیە پاراستنی وڵات و بەرژەوەندی گشتی ، بەردەوام بوون و درێژەدان بە عەقڵییەتی دەستکردانەی دەوڵەت–ئەتنیکی باڵادەست دەکەوێتە مەترسی و لە ناو خۆی دا مۆرکە لێی دەدات و لەت لەت دەبێ و جوگرافیایەکی سیاسی دابەشکراو و کۆمەڵگایەکی وێران دوای ئێش و ئازار و ژانەبڕک لە دایک دەبێ.

بەڵام جێگای ئاماژەیە کە تاک دوای خۆ ناسینی مافەکان و شووناسی ئینسانی و نەتەوایەتی خۆی – زوو یان درەنگ – بە دژی ئەو فکریەتە شورش دەکات و کۆمەڵگا بەرەو وەرچەرخانێکی ئەرێنی و پۆزەتیف دەبا و ڕێنەسانسێک لە گشت بووارەکاندا پێک دەهێنێت.

## –سیستمی (نزام) سیاسی

دەستەواژەی سیستمی سیاسی، ئەو ڕەهەندە تاریف کراوەیە کە گشت چالاکیەکی سیاسی خاوەن پرۆگرام لە خۆ دەگری و تەنیا بۆ بنکە و حیزب و هێزێکی ریگا پیدراو لە لایەن دەسەڵاتی ناوەند نایەتە کایە کردن. نزامی سیاسی بەشێکە لە سیستم و نزامی گشتگیر کە واتا دەبەخشێتە دەسەڵاتی ناوەند و گشتی.

هاو کات ڕووناک بیر و ڕەخنەگر دێنێتە گۆ و فرە دەنگی و دژبەری سیاسی دێتە کایەکردن و سیستمی ناوەند زەختی بۆ دێ بۆ دۆزینەوەی دیالۆگی هاوبەش و پیکهێنانی باڵانسێکی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسیەکان بۆ پێکهێنانی بەختەوەری بۆ تاک و کۆمەڵگا بۆ ئێستا و داهاتوو.

لە سیستمی دارشتنی سیاسی دایە کە «بەرژەوەندی نەتەوەیی» واتای پێدەبەخشرێت و بەرژەوندی نەتەوەیی دەبیتە هێڵی سوور بۆ گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگا .

سیستمی سیاسی ئەو چەمکە گرینگەیە کە دژە بیری و هاوبیری لە قەتیسمان دەرباز دەکات و جووڵانەوە دەبەخشێتە کۆمەڵگا وخوێنەرێکی ئاکتیف –کۆمەڵگایەکی بیرمەند، لێکۆلێنەر، ئازاد– بار دەهێنێ تا ئەو ئاستە کە هەر تاکێک هەست کەمینە و کردەوەی دەسەڵات و بە گشتی چەمکی «بایەخە ، بە بەرپرسیار بوون دەکات لە هەمبەر پاراستنی مافی تاک ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون.»

بۆ نمونە گشت ئەندامانی بنەماڵەیەک لە گشت بوارەکانی ژیان دا هاوبیر نین و هەر کام خاوەن بیر و بۆچوونێکی جیاوازن

بەڵام کاتێک باسی پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی بنەماڵەیی دێتە بەر باس، هەر کام لە ئەندامان لە هەندێک بیر و بۆچوونی خۆیان دادەبەزن تا بە دیالۆگێکی هاوبەش بگەن بۆ واتا دان و بەهێز کردنی خاڵە هاوبەشەکان .

دوایە هەر لەو قەواریە دا، هەڵدەستن بۆ سازدانی سیستمێکی بەڕێوبەرایەتی، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بنەماڵەیی.

کەواتە بۆ لێکتێگەیشتن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، واتا دان بە دەستەواژە گەلێکی بونیادی لە چوارچێوەی سیستمێکی دیاری کراو و ماف پارێز، عەدالەتخواز، یەکسانی خواز و دادپەروەری فرە دەنگی و فرە ڕەهەندی بۆ نیشاندانی پەیکەرە و پێکهاتەی یەکەیەکی جوگرافیای سیاسی وڵاتێک پێداویستیەکی سەرەکییە .

مەبەست لە بوونی سیستمی گشتی، ئەو شێوازە و سیستمە سیاسیە تاریف کراوە و دیاری کراوەیە تا «کوردستان لە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەر»ە هەتا تاک هەست بە «بایەخە ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون» بکات.

بەداخەوە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەوە دەسەڵاتی باڵا دەستە هەڵدەستێت بۆ چەسپاندن و واتا کردنی سیستمی سیاسی و دەسەڵات بە بێ ڕەچاو کردن و پاراستنی بایەخە ئەخلاقییەکانی نەتەوەیی و تاک و پێکهاتە ژێردەستەکان.

## دەسەڵات

دەسەڵات شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام گشت شیوازەکان لە ناوەرۆک دا هاوبەشن، بەو واتایە گشتیان خاوەن خەڵکن، وڵات و جوگرافیایەکی سیاسیان هەیە، دەسەڵاتی ناوەندی – مەبەست دەسەڵاتی گشتیری کوردستان – بڕیاردەرە، خاوەن پۆلێنبەندی و چارتری سازمانییە .

لە هەمووان گرینگتر، هەڵگری سیستمێکی سیاسی دیاری کراوە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە دەنگی متمانەی بۆ کۆ کراوەتەوە .

هەندێک لە لێکۆڵێنەرانی بوواری سیاسی لە سەر ئەو بڕوایەن کە یاسا و دادپەروەری و یەکسانی بنەمای سەرەکی سیستمێکی گشتگیرە وێڕای هێز و توانای نزامی.

...بۆ ل ٩

درێژەی لاپەڕەی ٨

لێرەدا مەبەست لە هێزی نزامی و چەکدار، هێزی پارێزەری نزامی گشتی، سەربەخۆ و نیشتمانییە. کە واتە تەنیا چەمکێک کە دەسەڵات و گرووپێکی مافیا لێک جیا دەکاتەوە، چەسپاندنی یاسا و دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگا و بەرگری کردنی دەسەڵات لە مافی تاک و کەمینە و گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە.

جا بۆیە سەربەخۆیی هێزی داد، ناوەندی یاسا و پەرلەمان و هێزی نزامی نیشتمانی لە قەوارەی سیستمێکی سیاسی گشت گیر مەرجی سەرەکی سەروەری سیستمێکی پڕبایەخی دەسەڵاتدارییە.

گرینگە هێزی نزامی- نیشتمانی خۆی بپارێزێ لە هەر چەشنە ململانێ و کێشمەکێشێکی سیاسی ناوخۆیی.

## دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەی

- دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەو خواستە نەتەوەییەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤی هاوزمان -خاوەن زمانێکی تایبەتی و هاوکلتوور- خاوەن کلتووری تایبەتی و هاوبەش-، خاوەن بن و بنچینەی هاوبەش و خاوەن جوگرافیایەکی دیاریکراو و مێژوویەکی هاوبەش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە بۆ هەست بەسەروەری کردن وەک یەکەیەکی نەتەوەیی.

## دەسەڵاتی ناوەند و حکومەت

تاکی کۆمەڵگا و هێزەکانی سیاسی جوگرافیایەکی دیاری کراو و وڵاتێک بە تەنیا ناتوانن بە ئامانجی هاوبەش بگەن تا ئەو کاتەی کە سیستمێکی سیاسی دەسەڵات واتا نەکرابێ و لەسەر ئەو سیستمە تاریف کراوە کۆ نەبن.

ئەو ناوەندەی هەڵدەستیت بۆ بەرپرسیاریتی و کردەوەیی کردنی بڕیارە یاساییەکان و ڕەچاو کردنی یاسا و دادپەروەری لە دەخرێتە ئەستۆی «حکومەت».

بەڵام ئەوە دەوڵەتە کە بەرپرسیارێتی هاندانی، چوار چێوەی سیستمی سیاسی و دەسەڵات گشت پیکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەستۆیە. ئەرکی خۆبەڕێوبەرایەتی و ئەرکدار کردنی کۆمەڵگا بۆ ڕێز لێنان . ڕۆڵ و دەوری حکوومەت بەرجەستە دەکات.

لە یاسای سیستیمی سیاسی و سیستمی دەسەڵات بوونی سیستمی سیاسی، سیستمی دەولەتی و چارتری سازمانی و ڕێکخراوەیی هیزی داد و هێزی یاسا دانان و هیزی نزامی مەرجی یاسایی بوونی حکوومەتە. حکوومەتیش بەکەلک وەرگرتن لە پسپۆڕی تاکەکان و وەگەڕخستنی وزەی کۆمەڵگا، خۆ تەیار دەکات بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارە یاساییەکان.

ئەرکی بەڕێوبەرایەتی «حکوومەت» بەستراوەتەوە بە «دەوڵەتی» ئەو جوگرافیا سیاسیە دیاری کراوەی کە کۆمەڵگا و هیزە سیاسیەکان لە سەری ساغ بوونەتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە مەرجی «دەوڵەت» بوون، حزووری جەستەیی «دەوڵەت» لە جوگرافیایەکی سیاسی دەرباز و ڕزگارکراو نییە. بۆ نموونە «کوردستان» کە تا ئێستا لە قۆناغی «گوزار» دایە بۆ «نەتەوەسازی سیاسی» دەتوانێت بە گووتاری بەرژەوەندی نەتەوەیی و لێکتێگەیشتنی گشتی نێوان هێزی «دەوڵەت لە تاراوگە» ڕابگەیێنێت.

## دەوڵەت لە تاراوگە

کۆمەڵێک مرۆڤ بە لێکتێگەیشتنی نێوان هێزی لە دەرەوەی «وڵات» دەتوانن «دەوڵەتێک لە تاراوگە» پیکبێنن بۆ گەیشتن بە سەروەری نەتەوەیی و «بوون بە نەتەوە» بە واتای «سیاسی.»

«دەوڵەت لە تاراوگە» پێویستی بە فەرمی ناسینی -جوگرافیایەکی سیاسی دانپێدراوی خاوەن سنوور- لە لایەن زلهێزە دەرەکی و ناوچەییەکان نییە. بەڵکۆ تەنیا پێویستی بە یەکەیەکی «نەتەوە»یی و لێکتێگەیشتنی دیالۆگی نێوان هێزییە.

دەوڵەت لە تاراوگە لە هەمبەر دەوورەی زەمانییەوە «دەوڵەتێکی کاتی» یە، و تەنیا هەڵگری گووتاری نەتەوەییە لە گەمە سیاسیەکانی نێوان «گووتاری نەتەوەیی» و «گووتاری زلهێزانی دەرەکی و ناوچەیی.»

لە جوگرافیای سیاسی ، «دەوڵەت لە تاراوگە» دەور و ڕۆڵی وەگەڕخستنی وزەی کۆمەڵگا و کۆ کردنەوەی هێز کوردستانی لە سەر شانە بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافی ڕەوای نەتەوەکەی وەک «یەکەیەکی سیاسی» بۆ گەیشتن بە «سەروەری نەتەوەیی» و ناساندنی»شووناسی نەتەوەیی» لە واتای «سیاسی»دا.

## سیاسەت

ئەو چوار چێوە تاریفکراوە سیاسییەیە کە لە نێوان ئەندامانی کەمینەیەکی سیاسی، ئایینی، کلتوری، فکری و ئایدیالۆژی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو دێتە نووسین و کایەکردن.

بەڵام بە گشتی ئەو ڕێسا و یاسایانەیە کە ئەندامانی گرووپ و هێزێک و حیزبێک لەدەوری کۆ بوونەتەوە و چوارچێوەی کاری ئەندامان دیاری دەکات و ئەندامانی ئەرکدار دەکات بو خەبات و ناساندن و پەرەپێدانی بیر و بۆچوونی دیاریکراوی خۆی بۆ وەدەست گرتنی دەسەڵات بە مەبەستی بەڕێوبردنی کۆمەڵگا .

## سیاسەتی حیزبی

سیاسەتی حیزبی بە گشت پلاتفۆرم و پرۆگرامە تایبەتیەکانی مرۆڤگەلێکی هاوبیر لە بنەما و پێکهاتەکانی فکری کۆمەڵێک دەگووترێ کە لەم ڕێگایەوە ئامانجە فکری و ئایدیالۆژیەکانی لە قەوارەیەکی سیاسی بە کۆمەڵگا دەناسێنێ، بەو مانایە کە تێدەکۆشێ شێوازی نوێ پێکبهێنێ بۆ کەلک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و پتانسیەلەکان بە قازانجی حیزب و بەختەوەری کۆمەڵگا و سەروەری نەتەوەیی.

دەبێتە هۆی خوڵقانی دیالۆگی نێوان هێزی. واتە جیاوازی ، بە گشتی سیاسەتی حیزبی وێڕای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان ڕوانگە و ململانەی سیاسی نیوان فرە دەنگی شێوازگەلێکی بەڕێوبەرایەتی کۆمەڵگا دێنێتە ئاخاوتن و دانوستان.

بەڵکوو ، سیاسەتی حیزبی نەک گەڵاڵەیەکە بۆ شێوازی پێکهێنان و بەشداری لە «دەسەڵات و دەوڵەت و حکومەت» چەمکێکە کە گشت تاکی ئەندام و کۆهێز هان دەدات بۆ بەشداری کردن لە دەسەڵات بۆ وەدەست هێنانی قازانجی زیاتر لە ململانەی نێوان هێزی بۆ بەختەوەر کردنی کۆمەڵگا و سەروەری نەتەوایەتی.

بەڵام بێ دیاری کردنی سیستمی سیاسی و بەرژەوەندی نەتەوەیی بەلاڕێدا دەچێت و پاراستنی بەرژەوەندی حیزبی گشت دەستکەوتەکان و ،سیستمی دەسەڵات «بایەخە ئەخلاقییەکانی کورد و کوردستانی بوون» دەباتە مەترسیەوە.

دەسەڵات» ئەو چەمکە سەرەکیانەن کە پێکهاتە سیاسیەکان لە دەوری دەخولێنەوە، و تەنیا ، قودرەت ، توانا ،»هێز دیاری کردنی سیستمی سیاسی و نووسینی چارتری ، مکانیزمێک کە دەبیتە هۆی هەوسارکردنی دەسەڵاتی حیزبی کۆمەڵ و نەتەوە. لەو ، کە سیاسەتی حیزبی ئەرکدار دەکات بە پاراستنی کەڕامەتی تاک ،ڕێکخراوەیی نزامی دەسەڵاتە سیستم گەلە دایە کە سیاست و سیاسەتی حیزبی دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بایەخە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی.

## نەتەوە و ئەتنیک

بە بۆچوونی هەندێک لە کۆمەڵناسە سیاسیەکان، گرووپی ئەتنیکی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک تاکی هاو بنچینە کە بە مافە ئایینی و کلتوری تایبەتی و دیاریکراوی خۆیان نەگەیشتوون. کە واتە «نەتەوە» لە قەوارەی «نەتەوەیەکی سیاسی خاوەن هاوئایین و هاو بنەچە پێکهاتووە. بەو مانایا کە ، هاوزاراوە ، گووتاری گشت گیر» لە کەمینەگەلێکی ئەتنیکی هاوکلتوور بناغەی زمانیان هەڵقوولاوی یەکەیەکی زمانییە و ڕەگەزی وردە کلتوورەکان دەگەڕێنەوە بۆ کلتوورێکی دایک.

ئێمە ئەو کۆمەڵە تاکەی کە لە بناری زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس دەژین، وێڕای جیاوازی ئایینی و زاراوەی جۆراوجۆر کە پێکهاتووین لە کۆکراوەی قەوم و تایفە و تیرە ،» ڕەگەزمان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەیەکی نەتەوەیی بەناوی نەتەوەی «کورد و هۆزی جیاواز.

## گووتاری نەتەوەیی

گووتاری نەتەوەیی کاتێک لە کۆمەڵگا و جوگرافیای سیاسی دا هەست بە بوون دەکات کە مافی تاک پاریزراو بێت و کۆمەڵ بە شووناسی کۆ گەیشتبێ و «کۆ» خۆی دۆزیبێتەوە لە پەیکەرەی شووناسی یەکەیەکی نەتەوەیی، ئەگینا بە پێچەوانەوە دەبیتە هۆی هەڵگیرسانی کێشەی ناوخۆیی.

کاتێک پێکهاتە یان لایەنێک بیهەوێ خۆی بکات بە گوتاری زاڵ، ئەو کاتەیە کە پێکهاتەکانی تر هەست بە پێشێل کردنی مافەکانیان دەکەن. زۆر گرینگە سیستمی سیاسی و سیستمی دەوڵەتی ناوندی»کوردستان» لە قۆناغی بوون بە نەتەوە لە دەسەڵاتی هەرێمی پێکهاتەکان بەفەرمی بناسێ. ئەگینا بە دابەش نەکردنی دەسەڵات و بەفەرمی ،قەوارەی « سیاسی» دا نەناسینی جیاوەزییەکان لە سیستمی سیاسی داهاتووی کوردستان و لە ناو هێز و حیزبە سیاسیەکاندا، پێکهاتە کەمینەکان خۆیان دوورەدەکەنەوە لە خاوەنداریێتی گووتاری نەتەوەیی و دەبێتە هۆی لێکداترازانی هاورێزی و هاودەنگی نەتەوەیی و پڕۆژەی گووتاری نەتەوەیی تووشی وەستان دێت.

بۆ نمونە «نەتەوەی سویس» و دەسەڵاتی ناوەند و دەوڵەتی ناوندی سویس لە کۆی فێدراسیون و کانتۆن گەلێکی خۆجێیی و خۆبەڕێوەبەر پێکهاتووە کە گشتیان خاوەنداریێتی گووتاری نەتەوەیی دەکەن و مافی گشت لایەک پارێزراوە و گشت پێکهاتەکان بەشدار کراون لە دەسەڵات و دەوڵەتی ناوەند. ڕاست ئەو ئەزموونە دەتوانێ سەرکەوتوو بێ بۆ سیستمی سیاسی و دەوڵەتی ناوەندی کوردستان وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەر.

## دێمۆکڕاسی فرەئەتنیکی و فرەئایینی

دیمۆکراسی فرەقەومی و فرەئەتنیکی و فرەئایینی ئەو شێوازە سیستمە ئازادە سیاسییەیە کە بناغەکەی بە تێگەیشتن و ڕێز گرتن لە جیاوازییەکان هەڵچندرابێ. بەو مانایە کە دەنگی تاک و کەمینەکان لە لایەن سیستمی دەسەڵاتی ناوەند ببیسترێ و لە سیستمی سیاسی جێ گیر کرابێ. و گشت تاکێک و گشت پێکهاتە و کەمینەیەک بە بێ ترس و دڵەڕاوکە دەنگ هەڵبڕی و ڕەخنە بگرێ و داوای مافی خۆی بکات.

## دوا ووتە:

بەداخەوە هێزی سیاسی «کورد» تا ئێستا دە ململانەی بێ بنەمای هێز و دەسەڵاتی باڵادەستی نێوان هێزی قەتیسماوە، بێ ئەوەی گوێبیسی دەنگەکان و پێکهاتەکانی دەرەوەی بازنەی «دەسەڵاتی حیزبی» بێت. بە جۆرێک لە جۆران گووتاری نەتەوەیی و شووناسی نەتەوەیی لە پێناو «بەرژەوەندی حیزبی» و «پاوانخوازی دەسەڵات» پەراوێز خراوە.

بەو واتا یە دەسەڵاتێکی تەک پێکهاتەیی و تەک ئەندێشەیی و ئایدیالۆژی باڵادەست خۆی لەو شوێنە دەزانێت کە ڕۆڵ و دەوری بەرژەوەندی نەتەویی دەگێڕێ، بەڵام ئەو بیرۆکەیە «توهم»ی ماکیاوێلی و لیبڕاڵی یە لە واتای نەتەوە و تاکی کۆمەلگا بۆ پەرەپێدان بە دەسەڵاتی پاوانخوازی و پیاوسالارانە و وەدەست گرتنی سەروەت و توانای ئابوری وڵات بۆ پتەو کردنی پێگەی دەسەڵاتی__ گرووپ و تاقمێک قازانچ تەوەر کە خۆیان بە خاوەنی گشت بەرهەمەکانی وڵات دەزانن، و تێدەکۆشن حکوومەت و دەسەڵات لە شوێنێک کۆ کرێتەوە بە ناوەندێکی دیاری کراو.

بەپێچەوانەوە ئەگەر پێکهاتەی حکومەت لە نێوان گشت هێزەکان دابەش بکرێ، ئەو ئەندێشەیە دەبێتە گووتاری زاڵی کۆمەڵگا و هێزە سیاسییەکان دەبن بە «زەرفێک» بۆ ڕەخساندن و هەڵسووڕاندنی «مەزرووف» یان هێزی وزەی تاک بۆ بەختەور کردنی کۆمەڵگا..

گووتار و داڕشتەی چەندپێکهاتەیی سەرچاوەکەی بۆ سازکردنی وڵاتێکی زلهێزی مۆدێڕن وەک ئامریکا لە سەدەی هەژدەی زائین دەگەڕێتەوە کە پاشان بایەخە ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکانی ڕۆژئاوایی خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ کرد، بەو شێوازەی کە ئێستا بۆتە سیستمی دەسەڵاتی ڕۆژئاوایی. کە واتا مەرجی دامەزراندنی ئەو سیستمە، سێکولار بوون و ئەسپاردەکردنی دەسەڵات بە دەستی خەڵک، بەدوور لە هەر جۆرە حەساسییەتێکی دەستەواژەیی و ئادیالۆژی و ئیسمی.

٣٩،٥٨ لە سەدی وڵاتانی دونیا بەڕێوە دەبات و نوێنەرایەتی زیاتر لە٥١،٨٢ئەو شێوازە خۆبەڕێوەبەرایەتیە زیاتر لە سەدی تاکی جیهان دەکات، دوور لە ناکۆکی ناوخۆیی و جیهانی.

خۆبەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی دەبیتە هۆی سازدانی حکوومەت و دەسەڵاتی گشتی و ، لە گووتاری دەسەڵاتی چەندپێکهاتەیی وزەی بەرپرسیارێتی لە ناو تاکی کۆمەڵگا پێکدەهێنرێ و لە ئاکام دا دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەسەڵاتی ڕەهای قانونمەند. کە واتە بەڕێوبردنی وڵات ئەسپاردەی پسپۆڕان و هێز و نوینەری ڕاستەقینە و هەڵبژاردەی کۆمەڵگا دەکرێ ، واتا بەڕێوەبردنی وڵات بە دەستی خەڵک.

# بێدەنگی بشکێنین

سولماز دوروودی

ساڵی ٢٠٠٦، Tarana Burke ڕێکخراوێکی بۆ پشتیوانی کردن لەو کچ و ژنە ئافرۆئامریکاییانەی کە قوربانی دەستڕێژی کردن بوون لە ئامریکا دامەزراند. بورکێ وشەی metoo ی بە واتای «منیش» بەکار هێنا بۆ ئەوەی کە قوربانییەکان هەست بە تەنیایی نەکەن و بزانن کە زۆر کەسی تر تووشی ڕووداوی لەو شێوە بوون.

ساڵی ٢٠١٧ هاشتاگی #metoo لە ڕێگەی آلیسا میلانۆ یەکێک لە ئەکتەرەکانی هالیوود، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دەرخستنی گەندەڵی دەرهێنەر و کاربەدەستانی سینەما، لە تویتر بڵاوکرایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی وڵاتان دەنگدانەوەی گەورەی بوو و زۆر کەس بوێرانە باسی قوربانی بوون و بەسەرهاتەکانی خۆیانیان کرد.

هەڵمەتی بەرینی لەم شێوەیە بۆ لادانی پەردە لە سەر تاوانی وەکوو دەستڕێژی کردن کە لە ناو خانەوادەکان، شوێنی کار، خوێندنگاکان و بە گشتی ناو کۆمەڵگا بەسوودە و سەرەنجی کۆمەڵگا بۆ لای ئەو مەسەلانەی لەوانەیە شاراوە مابێتنەوە ڕادەکێشێ و هیوا دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان گەش دەکاتەوە. چەن پرسیار لەو پەیوەندییەدا جێی تێفکرینن: ئایا هەڵمەتەکە لە شوێنە جیاجیاکانی دنیا بە یەک شێوە بووە؟ ئایا هەموو ئەو کەسانەی کە بوونەتە قوربانی وێراویانە باسی بەسەرهاتی خۆیان بکەن؟ ئایا بوێری و ڕچەشکێنی و باسکردنی بەسەرهاتەکان تەنها شتێکە کە بۆ کۆتایی هاتن بە دەستڕێژی کردن پێویستە؟ ئایا بۆ قوربانییەکان تێچووی شکاندنی بێدەنگی لە خودی بێدەنگییەکە زیاتر نییە؟

کاتێک ژنێک باس دەکات و دەگێڕێتەوە کە تووشی دەسدرێژیی جینسی بووە زۆر جار ڕووبەڕووی ڕخنە دەبێتەوە و یەکەم شت کە لێی دەپرسن ئەوەیە کە چی کردووە کە وایان بەسەر هێناوە؟ تەنانەت ئێستاش لە ساڵی ٢٠٢٠ کولتووری بێدەنگی وەکوو کولتوورێکی خوازراوتر و باشتر بۆ ژنان باس دەکرێ و بە خاڵێکی بەهێزی ژنان دادەنرێ و بە تایبەت لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژنانی «بە حەیا» و «بەشەرم» وەکوو نموونە دەهێنرێنەوە و تا ئەو جێگەیە ئەو کولتوورە ڕەگی داکوتاوە کە بۆ نموونە کاتێک گوێبیستی ئەوە دەبین کە ژنێک بەبێ ئەوەی هاوار بکات توانی منداڵی بێت بە ئازا ناوی دەبەن، کەواتە ژنان ئەمڕۆش ئەبێ بە بێدەنگی ئازار بچێژن.

ژن لەو بێدەنگیدا دوای کاری دەرەوە خواردن ئامادە دەکات، جلەکان ئەشۆرێ، ئاگای لە مناڵەکان هەیە، ئەیانخەوێنی و هەموو کارەکانی ماڵ دەکا و لە زۆربەی مافەکانی بێبەشە بەڵام هەر لە ناو ئەو بێدەنگییە دا ئازار ئەبینێ.

ژن لە شوێنی کارەکەی کاتێک هاوکارەکانی نوکتەی سێکسیتی ئەڵێن و ژنان ئەشکێننەوە ناوێرێ هەڵوێست بنوێنێ و لە بێدەنگی ئازار ئەچێژێ.

هەڵمەتی #metoo زۆرتر ئەو حاڵەتانەی خستە ڕوو وا لە شوێنی کاردا ڕوویاندا بوو و بەو شێوەیەش هەنگاوێک بوو بۆ ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا یاسای توندتر بۆ بەرگرتن بە دەسدرێژی لە شوێنی کارەکان دابنرێ. بەڵام چ هەلمەتێک پێویستە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لە ناو خانەوادەکان و لە ژێر ناوی شەرەف ژنەکان و کچەکانیان کردووەتە کۆیلە؟ چ کارێکی بنچینەیی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە هەست بە ئەمنییەت بکەن و بتوانن دەنگ هەڵبڕن و باسی ژیانیان و بەسەرهاتیان بکەن؟

کولتووری بێدەنگی بەرهەمی کولتووری ترس و شەرم و بڤەیە کە بە پشتیوانیی ئایین و یاسا لە وڵاتی ئێمە و زۆر شوێنی دیکەی ئەم دنیایە بووەتە دێوزمەیەکی ترسناک. ئەگەر کارێکی جیددی لە باری فەرهەنگیەوە لەناو کۆمەڵگا نەکرێت شکاندنی کولتووری بێدەنگی ئاسان نابێت بەتایبەت لەو کۆمەڵگانەی کە جێگەی قوربانی و تاوانبار گۆڕاوە.

پەروەردە و یاسایەکی ئینسانی دوو مەرجیی سەرەکیی ئەوەن کە ئینسانەکان وا ڕابێن کە بتوانن بە بێ ترس باسی ئازارەکانیان بکەن. کاتێک هەڵمەتی metoo کەوتەگەڕ، بە ئاشکرا دەرکەوت کە لەو وڵاتانەی کارێکی بنچینەیی و بەردەوام بۆ مەسەلەی فەرهەنگسازی لە ناو کۆمەڵگا ئەنجام درابوو و یاسای وڵات پشتیوانیی لە قوربانیان دەکرد، هەڵمەتەکە دەنگدانەوەی زۆرتری بوو. هۆشیارکردنەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە سەر جۆرەکانی دەسدرێژی و هاوکات ڕاهێنان و پەروەردەکردنی کەسانێکە کە دەیانەوێ لەو بوارەدا کاربکەن بۆ ئەوەی بزانن چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە بوونەتە قوربانی و ئەیانەوێ بێدەنگی بشکێنن، مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتن لەم خەباتەیە.




# «ئەفسانەی جوانی»

ئەسعەد دوروودی

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو جوانی خواز بووە و جوانی وەکوو چەمکێکی جیهانی لە هەموو کولتوور و شوێنەکانی جیهاندا هەیە بەڵام مانای جوانی و تێگەیشتنی خەڵک لەو چەمکە بە پێی زەمەن و شوێن و کولتوور جیاوازە. شتێک کە بە درێژایی هەموو ئەو مێژووە نەگۆڕاوە کاریگەریی مانا و تێگەیشتن لە جوانی لە کۆمەڵگادا لە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بووە. هەموو تاکێک لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژێر کاریگەریی تێگەیشتنی مرۆڤی ئەو کات و شوێنە لە جوانی بووە و ژیانی تەئسیری لەو ترند و نۆرم و جوانییە باوە وەرگرتووە کە زاڵ بووە. ئەو ترند و نۆرمانە خۆیان لە شێوەی بیرکردنەوەی باو و بایەخە زاڵەکانی سەردەم و کۆمەڵگای خۆیانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە دەسەڵاتی پیاوسالاری خاوەن سەرچاوە ئابوورییەکان تێدا باڵادەستە بۆیە ناسینی «جوانیی» باو لە هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەکدا یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ئەو کۆمەڵگەیە. نێۆمی وۆلف (Naomi Wolf) نووسەری فیمینیستی ئەمریکایی لە کتێبی بەناوبانگی خۆی «ئەفسانی جوانی»دا باس لەوە دەکا کە چۆن ژنان لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ئەفسانەی جوانییەوە گوشاریان لەسەرە و ژیانیان لە ژێر کاریگەریی ئەو ئەفسانەدایە. وۆڵف باسی ئەوە دەکا چۆن ئەو جوانییە باوەی بۆ ژنان بووەتە چوارچێوە و نۆرم، ژیانیان هەم لە شوێنی کار و هەم لە ماڵ و لە ژیانی شەخسیدا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و وادەکا ملکەچی یاسایەکی نەنووسراو بن کە دیاری دەکا کامە شکڵ و شێواز خوازراوە و لە چ شوێن و جێگەیەک ژنان دەبێ چۆن بنوێنن. هەموو گۆڤارەکان و بڵاوکراوەکان کە بە ناوی بڵاوکراوەی ژنانەوە دەناسرێن پەرەپێدەر و فرۆشیاری ئەو جوانییە باوەن کە لە ئەو سەردەم و کۆمەڵگایەدا باڵادەستە و هەموو کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان بەشێکی گەورەی پەیامە بازرگانییەکانیان بۆ فرۆشتنی کەرەستە و جلوبەرگی تایبەت بەو جوانییەیە کە کراوە بە نۆرمێک بۆ ژنانی کۆمەڵگا. ژنانێک کە لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەستەویەخەن وەکوو یەخسیر و ئەسیری ئەو نۆرمانە ناتوانن هەست بە ئاسوودەییەکی تەواو و خاوەن بڕیاربوونێکی یەکجاری بکەن و باری ترندی سەردەم هەمیشە لەسەر شانیانە و لە «خۆ بوون» دووریان دەخاتەوە.

لیدیا دووپارت لە بابەتێکی خۆیدا لە سەر «ئەفسانەی جوانی» دەنووسێ: ئێمە لە کۆمەڵگایەک دا دەژین کە پێمان وایە ئازاد و سەربەستین، پێمان وایە بۆمان هەیە هەڵبژێرین و پێمان وایە بزووتنەوەی فیمینیستی ژنانی گەیاندووەتە ئاستێکی بەرزی ئازادی و کۆمەڵگاکەمان زۆر یەکسانە بەڵام ئەمە درۆیەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی «ئەفسانەی جوانی» وەکوو دەسەڵاتێکی توتالیتر بە ئیدۆئۆلۆژییەکی فوندامنتالیستییەوە وامان لێدەکا کوێر و گوێڕایەڵ بین.»

«ئەفسانەی جوانی» بە کورتی جەوان بوون و جۆرێکی باوی جوانی بە مەرجی بایەخداربوون بۆ ژنان دادەنێ و ژنێک کە لە دەرەوەی ئەو مانایەی جوانی بێ یا تەمەنی لە ئاستێکی دیاریکراو تێپەڕێ نابیندرێ و بایەخی بۆ دانانرێ. کۆمپانیی بازرگانییەکان لە ڕێگەی فیلمەکان و پەیامە بازرگانییەکان و وێنەکانەوە وێنەیەکی وا لە ژنی جوان لە کۆمەڵگادا دەکەنە باو کە زۆر کەس بۆ ئەوەی ئەوەندەی بۆی بکرێ لەو وێنەیە نزیک بێ، بەرهەمەکانی ئەوان دەکڕێ و لە ڕاستیدا «ئەفسانەی جوانی» بە چڕی گرێدراوی ئابووری و قازانجپەرستییە.

نێۆمی وۆڵف دەڵێ: « ئەمە بەرهەمی ترسی ناوەندە پیاوسالارەکانە لە ئازادیی ژنان و بۆ ئەو مەبەستە نیگەرانیی ژنان لەوەی کە نەکا زیادەڕەوی بکەن لە ئازادی خۆیاندا دەکاتە ئامراز.» واتە ئەمە شێوازێکی نوێی ژێردەستە هێشتنەوەی ژنانە و ترسی ژنان لە ئەوەی لە ئازادیی خۆیان خراپ کەڵکیان وەرگرتبێ وەکوو ئامارازێک دژی خودی ژنان بەکاردەبرێ. بە بڕوای وۆڵف دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی پیاو سالار بۆ ئەوەی ژنان بە یەخسیری بێڵێتەوە و نەهەیڵێ لە باری ئابوورییەوە هاوشانی پیاوان بن، هەستی ژنان بەرانبەر بە خۆیان دەکاتە ئامانج. لەم بازاڕەدا و بە کردنە باوی جۆرێک لە جوانی کۆمپانییە گەورەکانی جیهان کە بەزۆری لە ژێردەستی پیاواندان ساڵانە میلیارها دۆلار قازانج دەکەن و بەشێک لەو قازانجە بۆ درێژە ئەم کۆیلەیەتییە نوێیەی ژنان بە کار دەبرێ.

بۆ کۆتایی هێنان بەم چەوسانەوەیە و بۆ ئەوەی شانسی ژنان بۆ یەکسانیی ڕاستەقینە زیاد بکا دەبێ ئەم ئەفسانەی بە درۆ بخرێتەوە. جوانی مانایەکی دیاریکراوی نییە و وەکوو دەڵێن: «جوانی لە چاوی بینەردایە.» بەڵام جوانی هەرچیک بێت بە دڵنیاییەوە ئەوە نییە وا قازانج پەرستان کردوویانەتە ڕێگەی گیرفان پڕکردنیان. ئەوەی کراوە بە باو و وەکوو جوانی باسی دەکرێ بەرهەمی عەقڵێکی نەخۆشی بە پیاوسالاری و قازانجپەرەستی داگیرکراوە.



# نایەکسانی و خۆکوژیی

## لە سایەی سیستمی سەرمایەداریی ئیسلامی

ک.ئەحمەدی (ڕۆژهەڵات)

!دوایین هەواڵی ئەم جۆرە لە ناوچە کوردنشینەکان : لە سنە کچێکی ١٦ ساڵان لە شارەگۆندی حەسەن ئاوای سنە کە باوکی چەند ساڵێکە تووشی شێرپەنجە بوو، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا! لە سەقز،مەریوان، کامیاران و کرماشان......! ئامارەکانی خۆکوژیی ژنان تا دێت ڕوولەسەرن! و بەم شێوەیە هەواڵەکان درێژەیان هەیە! ڕۆژ نییە گوێبیستی چیرۆکی پڕ لە ناسۆری و تراژیدیای خەڵکانێک نەبین کە خەرمانێک لە کەڵەکەی خەم وئازاری گۆشەگیرییان لە پشتەوەیە، و مردن وەک دواین بژاردە لە بەردەمی خۆیاندا ئەبینن و دەستی بۆ ئەبەن. ئەو هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری و فەرهەنگییانەی کۆمەڵگای ئێستا کامانەن کە مرۆڤ ناچار بە هەڵبژاردنی ڕێگای مەرگ ئەکەن؟

بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٩ی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی ساڵانە ٨٠٠ هەزار مرۆڤ خۆکوژی ئەنجام ئەدەن( واتە هەر ٤٠ سانیە جارێک خۆکوژییەک ڕووئەدات)، نزیک بە ٣٠٠ملیۆن مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان دووچاری کێشەی دەروونین. تەنها لەسەرەتای ئەمساڵەوە ٢٠٢٠ تا مانگی ئاب و نوسینی ئەم بابەتە زیاد لە٦٣٠ هەزار کەس خۆیان کوشتووە. نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان لە سایەی سەرمایەداریدا ساڵانە ڕوو لە هەڵکشان ئەکەن. بارودۆخی هەمەلایەنەی ئەم سیستمە چینایەتییە هۆکار و کاریگەری ڕاستەوخۆی خولْقاندنی بارودۆخێکن بۆ سەرهەڵدانی گۆشەگیری مرۆڤ و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵیەکان.[١]

لە کۆمەڵگای نا یەکسان ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی وەک دیکەی کۆمەڵگاکان، پرۆسەی بەرهەمهێناندا مرۆڤ وەک هۆکارێکی بەرهەمهێان چاوی لێئەکرێ و لە ناوەرۆک و کرۆکە مرۆڤایەتییەکەی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە، نامۆبوون هۆکاری بایۆلۆژی و شێوانی جینەکان، و لە دواین لێکدانەوەشدا بارودۆخی دەروونی تاک تاکی مرۆڤەکان وەک هۆکار لێکئەدرێنەوە بەڵام ئەوی لێرەدا وونە هۆکارە شاراوەکانی تێکچوونە جینییەکان و ئەو بارودۆخ و ڕێکخستنە ئابوری وکۆمەڵایەتی و سیاسیەی کۆمەڵگای سەرمایەدارین، کە بەشدارن و بوونەتە شێواندنی جینەکان وبارودۆخی دەروونی مرۆڤەکان. ئەوەی وونە سەرچاوەی پاڵنەرە دەرونییەکانی مرۆڤن بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆیان.

لە هەموو تراژیدیاکاندا قوربانییەکان کەسانیکن کە بەدەرئەنجامی دابڕانی کۆمەڵایەتی، گۆشەگیریی، و نامۆبوون لە خود و کۆمەڵگا و بێهیوایی لە دەستگیرۆیی کۆمەڵایەتی کەسانی دەوروبەر و دامەزراوەیی دەوڵەتیی ئەگەن. هەربۆیە بە پێی ئامارەکان (ئەگەر ڕووکەشانەش بێت)٧٩٪ یان لە چینی هەژارن. بیرمان نەچێت کە وەزیفەی دامەزراوەی دەوڵەتیی لە سیستمی چینایەتی سەرمایەداریدا تەنها بۆ مسۆگەرکردنی سەرمایەو بەگەڕخستن و پاراستنیەتی نەک خزمەتکردن بە مرۆڤ و دەستەبەرکردنی پیداویستییەکانی.

### داماڵین لە سروشتی مرۆڤبوون

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هۆکارە بۆ داماڵینی مرۆڤ لە سروشتی مرۆڤایەتی خۆی، نامۆ بوون لە خود و هاوچینەکانی. لە ئابوری بازاڕدا مرۆڤ بەهای خۆی وەک مرۆڤ لەدەست ئەدات و وەک ئامرازێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنان کە لە بنەڕەتدا سروشتێکی چەوسێنەرانەی هەیە مانا وەرئەگرێت. مرۆڤ وەک خودی مرۆڤ و پێداویستییەکانی چاوی لێناکرێت بەڵکو چەندە لە پرۆسەکەدا سوودو قازانج بە سەرمایەو بەگەڕخستن و لە کەڵەکەبوونیدا دەبینێت، لەوە بترازێت هیچ بەهایەکی تری نییە، هەربۆیە سەرمایەداری بەرپرسە لەو کێشە دەروونی و عەقڵییانەی کە دەرگیری مرۆڤەکان ئەبنەوە، کەمکردنەوە و بنبڕکردنی تەنها لە کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی، یەکسان و خاڵی لە چەوساندنەوە و سەرکوتگەریی دێتەدی.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی کوردستاندا توندبوونەوەی هەلومەرجی کارکردن و ئابوری بازاڕ گەیشتووەتە ترۆپک. مرۆڤ وەک ئامێرێکی بەرهەمهێنان چاوی لێئەکرێ کە بەردەوام لە فرۆشتی هێزی کاردایە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان. سەعاتکاری زۆر، بە کەمترین موچەو هەقدەست، نائەمنی کار و شوێنی کار، نەبوونی یان کەمی هۆکارەکانی خۆپارێزیی لە شوێنی کارکردن. سەرباری بێبەریبوون لە سەرەتاییترین مافە بنەڕەتییەکانی وەک بوونی کارەبا و ئاوی بەردەوام و خزمەتگوزاری چاودێریی تەندروستی، هەموو ئەمانە لە بارودۆخێکدان کە هاوکاتە لەگەڵ نائەمنی سیاسی و دڵنیانەبوون لە ئایندەی کارو سەرچاوەی داهات.

مرۆڤی ئەم وڵاتە هەر لەسەرەتاکانی ژیانی منداڵییەوە هەستکردن بە نەبوونی، کەمدەرامەتی و هەژاری بەربینیان ئەگرێت و ئەخرێتە بەردەم کارو دەستو پەنجە نەرمکردن لەگەڵ یاساکانی بازاڕ، بازاڕیک کە هیچ خۆشەوستیی و ڕێزێک بۆ بەهاو کەرامەتی مرۆڤ پێنییە جگە لە کێبڕکێ، جگە لەوەی کە کرێکار نەک هەر نامۆیە بە خودی مرۆڤبوونی خۆی بەڵکو لە بەرامبەر ئەو کاڵایەش کە بەرهەمی دەستی خۆیەتی و مەحروم ئەکرێت لێی. لێرەدا چیتر کارکردن ناکاتە چێژبەخشین و پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕوحیەکانی مرۆڤ، ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام دێوەزمەی بێکاریی هەڕەشەیەکە و بەشێک لە هیوا و ئومیدەکانی کرێکار لە داخوازی باشترو پڕکردنەوەی پێداویستی تر لە مەنگەنە ئەدات.

هەروەها داڕمانی سیستمی چاودێری تەندروستی کە بە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا پەردەی لەسەر لادرا تا ئێستە نزیک بە یەک ملیۆن مردوون، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاکو مانگی خەرمانان، نزیک بە چوار ملیۆن و نیو منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵان، زیاد لە ٩٨٤ هەزار کەس بە نەخۆشی ئایدز، نزیک بە پێنج ملیۆن کەس بە شێرپەنجە، زیاد لە ٥٧٤ هەزار کەس بە مەلاریا لە سەرتاسەری جیهان گیانیان لەدەستداوە. جگە لە قوربانییەکانی ئالوودە بە مەوادی بێهۆشکەر کە ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و ڕاکردن و خۆڕزگارکردن لە بارودۆخ، پەنایان بۆ بردووە).

### نایەکسانیی و خۆکوژیی

لە وڵاتە هەژارنشینەکانی وەک ئاسیا، ئەفریکا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕێژەکان زیاترن[٢]. لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ساماریتانس" مردن لە نایەکسانیدا" هاتووە کە ناجێگیری جێگا و ڕێگای ئابوری، هەژاری و نەبوونی هۆکاری مەترسی چوونەسەری دیاردەی خۆکوژین، خۆکوژییش یەکێک لە گرنگترین پرسە نایەکسانییەکانی کۆمەڵگایە".

هەروەها هاتووە کە "لە مەترسییەکانی خۆکوژیی لە ماوەکانی سستی و داکشانی ئابوری، بەتایبەت لەو داکشانانەی کە ڕێژەیەکی بەرفراوان لە بێکاری ئەخەنەوە ڕێژەکان ڕوولەسەرتر ئەکەن، تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی قەیرانی ئابوریش تا ماوەیەک بەردەوام ئەبن بە تایبەت بۆ کەسانێک کە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە بارودۆخی ژیان و گوزەرانیاندا ڕوونادات".[٣] بە پێی توێژینەوەیەکی زانکۆی زوریخ ساڵانە ٤٥ هەزار مرۆڤ تەنها بەهۆی بێکارییەوە خۆکوژییان ئەنجام داوە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠١١.

سەرباری ناجێگیری سیاسی و ئابوری لە سایەی ڕژیمی ئیسلامی ، چەند بەرابەر زیادیان کردووە، تەماشا بکەین نایەکسانی لە داهات و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی جەماوەرێکی بەرینی لە خەڵک بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردو بە چ کارەساتێک گەیاندووە، سەرەڕای فەزای شەڕ و ئاڵۆزی و گرانی لە ڕاددەبەدەر، و بارودۆخی داڕوخاوی بەتاڵ لە خزمەتگوزارییەکان، و نەبوونی و هەژاریی، و بێکاری خنکێنەر، بارتەقای ئەمانەش ،کۆمەڵگایان پڕکردووە لە یاسای دواکوتووانە و دژە ژن و پەمپدانی فەرهەنگی پیاوسالاری، لە سایەی بارودۆخێکی وادایە کە بە هەزاران گەنجی بێهیوا و پەراوێزخراو لە ژیانکردن، ڕێگا پڕ لە مەترسییەکانی پەنابەری و کۆچیان گرتەبەر، ئەم بارودۆخە لەگەڵ شەکەتی و ماندووبوونی دەروونی مرۆڤەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دانا لە چوونەسەری نەخۆشیە دەروونی و درێژماوەکان ( شێرپەنجە، دڵ، جەڵتە)، و ئالوودەبوونی کلاسیکانە لە (بەکارهێنانی ئەلکۆل و مەوادی مۆخەدێر) و ئالوودەبوونی مۆدێرنانەی مرۆڤەکان (ئالوودەبوون بە پۆرنۆگرافی، یارییە کۆمپیوتەرییەکان، و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، و خۆ ئازاردانیش لەم ساڵانەی دواییدا. لە توێژینەوەیەکی ناوەندێکی ئەکادیمی بەرازیلدا دەرکەوتووە کە نایەکسانی جێگاو ڕێگای داهاتی مرۆڤەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە چوونەسەری ڕێژەی خۆکوژیی.[٤]



### بێهیوایی و ڕزگاربوون

کەنارخستن و بەشداری پێنەکردنی چالاکانی کۆمەڵایەتی لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بێبەهابوونی مرۆڤ و تێڕوانین لێی وەک کاڵاو هۆکاری بەرهەمهێنان، نامۆبوون بە خود، هاوچین و دەورەبەر، دابەشکردن لەسەر بنەمای نەتەوە، دین، ڕەگەز، ئێتنیک مرۆڤەکانی بە ئاراستەی دوورکەوتنەوە و لێکدابڕان لە یەکتر بردووە. ئەم ناکۆکییە لەگەڵ بوون و سروشتی مرۆڤ و ئەم بێهیوایییە لە سیستمی ئێستا کە بێتوانایە لە وەلامدانەوەی پێداویستییە مادديی و مەعنەوەییەکان و لەبنەڕەتدا خوازیاری نییە، لە جیاتی خۆئازاردان و بێهیوا بوون بە ژیان و دەوروبەر، ئەبێت بگۆڕدرێت بە یاخیبوونێک لە سیستمی چەوسێنەرو سەرکوتگەرانەی ئێستا.

بێهیوایی و گۆشەگیری و لەدوا وێستگەشدا خۆکوژیی بە هیچ دەرئەنجامێک ناگات جگە لە مانەوەی یاساو ڕێسا دڕندەکانی سیتسمی چینایەتی ئێستا وبەجێهێشتنی ئازار و مەینەتی بۆ کۆمەڵگا. قوربانییەکانی خۆکوژیی لە جیاتی دەستبردن بۆ کۆتاییهێنان بە ژیان وەک ڕێگایەکی دەربازبوون لە نەهامەتییەکان، ئەتوانن دەست بەرن بۆ بەخشینەوەی هیوا بە دامەزراندنی جیهانێکی تر کە ڕێزو بەهای مرۆڤ تیایدا باڵادەستە نەک قازانج و سەرمایە، ئەویش لە ڕێڕەوی لێکنزیکبوونەوە، کۆبوونەوە، یەکگرتووبوون و تێکۆشانی جەماوەریدا،چەوساوەکان هەست بە بوون و جێو ڕێی شایستەی خۆیان ئەکەن و بوارێک بۆ خۆئازاردان و خۆکوژیی نامێنێتەوە.

دامەزراندنی ڕێکخراوە کرێکاری و مەدەنیەکان، ئەو ڕێکخراوانەی کە گونجاون ئەرکێکی دەستبەجێ و گرنگن، نەک تەنها ناوەندێکن بۆ بەدەستهێان و زامنکردنی دەستکەوت و مافەکان بەڵکو ناوەندێکی هاوکاری و توندوتۆڵکردنەوەی یەکگرتوویی وپەیوەندی چینایەتی کرێکارانە، و لەم ناوەندانەدا کرێکاران نامۆبوون و بێهواییان لە سیستمی ئێستا ئەکەنە کانگای هیواو چالاکیی بۆ هێنانەدی ژیانێکی تەواو جیاواز.

### ڕێگای دەربازبوون

" سەرمایەداری ئیسلامی ترسێکە بێکۆتاییی"! ،و ڕۆژ بەڕۆژ ژیان و گیانی هەزارانمان لێ زەوت ئەکات. تا دێت ژینگە وژیانی کۆمەڵگا نوقمی زەلکاوی پشێوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دواکەتووانە و دژە مرۆڤ ئەکات، ژیانی ئێمە لە سایەی ئەم سیستمە قازانجپەرستەدا جگە لە بوون بە پارچەو یەدەکی ئامێرێک کە خزمەت بە بەرهەمهێنان و کەڵەکەی سەرمایە ئەکات هیچ تر نییە، هەربۆیە هیچ ڕێگاچارەیەکی ڕزگاربوونمان جگە لە سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک، هەڵوەشاندنەوەی کارێ گرتە و لەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتی لە بەردەمدا نییە، سۆسیالیزم مەرجی ئازادیبوونی مرۆڤ و بەشداری کاریگەریانە لە سەرجەم کایەکانی ژیان بێ جیاوازی و کلیلی پێشکەوتن و داهێنانی مرۆڤایەتییە.

ئەو سەروەت و سامانەی کە بەرهەمی دەستوپەنجەی چینی زەحمەتکێشە هەرئێستا بەشی هەمووان ئەکات و لە ژێر پلان و نەخشە و بەڕێوەبەریی دیموکراتیانەی زەحمەتکێشاندا ئەکرێت چیتر بوارێک بۆ ناجێگیری سیاسی و ئابوری، برسیەتی و هەژاری و نەبوونی و بەو پێیەش نەخۆشییە دەروونییەکان و دەیان گرفتی تر نەهێڵێتەوە، هەموو ئەو سەروەت و سامان و تەکنەلۆژیایانەی کە ڕەنجی دەستی کرێکارن ئەکرێت لە تەواوی بوارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردەو خوێندن، نیشتەجێبوون، و بڕەودان بە تواناکانی مرۆڤ بخرێنە گەڕ تا بەشداری چالاکانەو ڕاستەوخۆیانەی ژنان و گەنجان لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا مسۆگەر بکەن. مرۆڤ لە کەشوهەوای هاوکاری و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان نەک ڕکابەریی و کێبڕکێی بازاڕ بەرهەم ئەهێنێت و هەر بەم ئاقارەدایە ئەکرێت ناوەندەکانی هاوکاری و دەستگیرۆیی دەروونی هەموو ئەو مرۆڤانە دابمەزرێن کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا و لەبەر هەر هۆکارێک بێت پێویستییان بە هاوکاری و بەدەنگەوە هاتن هەیە.

[١] https://www.vice.com/nl/article/5gv78pa/er-sterven-40000-mensen-aan-jaarlijks-werkloosheid-281
[٢] https://www.nieuwsblad.be/cnt/dmf20190909_04599502
[٣] https://www.samaritans.org/about-samaritans/research-policy/inequality-suicide
[٤] https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4416030

# کورد وەک یاریکەرێکی سەرەکی و بێ دەوڵەت

**محەمەد حەکیمی**



ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یەکێکە لە قەیراناویترین ناوچەکانی جیهانو دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی کۆمەڵێکی زۆر کێشەو گرفت ئەم ناوچەی گرتوەتەوە و تێایدا سەریی هەلداوەو تا ئێستاش ئەم کێشانە بەردەوامەو هەر ڕۆژە خۆیی بە شێوەیەکی نوێ لە ناوچەکە دەبینێتەوە و هۆکاری قەیرانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەن هۆکار، یەکەم، بە هۆی گەمەی ئەکتەرە سیاسییە نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکانەوە لە ناوچەکە، دووهەم بە هۆی ژێرخانی ئابووری و بە تایبەتی بوونی زێری ڕەش واتە «نەوت» لە کۆنەوە چاوی ولاتە زلهێزەکانی بەرەولای خۆیی ڕاکێشاوەوئەو ولاتانە هەمیشە هەولی ئەوەیان داوە ناوچەکەو بە تایبەتی ئەو ولاتانەی خاکەکەیان نەوتی زۆی هەیە، هەمیشە لە ژێر چاودێری خۆیاندا بێت و وەک کولونییەکی نێو دەولەتی سەیری ئەم ولاتانە دەکەن، بە تایبەتی ولاتانی کەنداو کە نەوتی خاوی زۆرە و بە هۆی ئەو کێشەوگرفتانەی دروست دەکرێت هەمیشە شەڕو ئالوزی تێدایە، ڕۆژێک شتێک بە ناو «داعش» ڕۆژێکی دیکە « ئەلقاعدە» و ڕۆژێکی دیکە «حەماس و حزب و لّلا و... کە هەموو ئەمانە بە پشتیوانی ولاتە زلهێز و ناوچەیەکان دروست دەکرین و پشتیوانیان لێدەکرێت و ئەمانە تەنها بۆ ئەوەیە کە ولاتەکان قازانجی زیاتریان لەم ناوچە دەسکەوێت. ولاتانێکیش وەک رژیمی ئیسلامی ئێران تەنها بۆ ئەوەی کێشە و شەڕ لە خۆیان دوور بخەنەوە و ئامانجی ئایینی خۆیان لە ناوچەکە بپیکن ساڵانە میلیاردها دۆلار بۆ ئەو دۆخەی رۆژهەڵاتی ناوین خەرج دەکەن و خەڵکی خۆشیان رۆژ لە گەڵ رۆژ هەژارتر و ولاتەکەش کاولتر دەبێت و دەبێت ئەوە بڵێم کە ئێستا ئێران بەرەرو سومالی بوون دەروات و لەلایکی دیکەشەوە ولاتە زلهێزەکان چی چەک و چۆلی کونی هەیانە لە ناوچەکە بە نرخیکی گران دەفرۆشن و ئەم ناوچە بەرەو لێکترازان و لەناوچوونێکی ئەبەدیی دەچێت و بە هاتنی ڤایرۆسی کۆروناش دۆخەکە سەد قات خراپتر بوە و دەبێت.
کێشەیەکی گەورە و گرنگ کە لەم ناوچە بە هەلپسێردراوی ماوەتەوە کێشەی نەتەوەی کوردە کە وەک گەورەترین نەتەوە لە ناوچەکە بە زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەسەوە تا ئێستاس خاوەن کیان و دەوڵەتی خۆی نییە و گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە دەوڵەتی خۆیی نییە و ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە هەرگیز رێگە نادات ئەم ناوچە روویی ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت.
رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو بەشێک لە نیزامی نێونەتەوەیی، لە ژێر یاساو رێساکانیی جیهانیدایە. هەر چەن دوای شەڕی یەکەم و بە تایبەتی دووی جیهانی، کولونیەکان نەمان، بەڵام هەروا کە لەسەرەوەش ئاماژەم پێکردوە، بە هۆیی بوونی نەوت و دروستبوونی کیانێک بۆ یەهود «اسراییل» رۆژئاوا توانیویەتی سەیتەرەی خۆیی لە ناوچەکە بهێڵێتەوە و وەک حاکمی یەکەمی ناوچەکە لە زۆر شوێن حوکم بکات ...
«اسراییل»یش لە ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ١٩٩٦ توانی ٦٥ میلیارد دۆلار یارمەتی لە ئەمریکا وەربگرێت و ئەمەش دەتوانێت بۆ دروستکردنی دەوڵەت یارمەتیدەر بێت، هەرچەن بەو رادە یارمەتییە زۆرەی کە ئەمریکا کردویەتی، «اسراییل» هەرگیز گوێرایەلی تەواویی ئەمریکا نەبوە و زۆر جار بە بێ گویدان بە سیاسەتی ئەمریکا کاری خۆیی بردوەتە پێشەوە، بۆ نموونە هێرشی ئسراییل بۆ سەر بنکەو دامەزراوە ناوکیەکانی «اتمی» ولاتی ئێراق و درێژە بە دروستکردنی خانووسازی لە بەرزاییەکانی جەولان و زۆر شتی دیکە، توانیویەتی بە شێوەیەک لە شێوەکان سەربەخۆیی خۆیی رابگرێت و ئێستا ولاتی ئیسرائیل بوە بە دەوڵەتێک کە خاوەنی زیاتر لە سەد کولاهەکی ناوکیە.
بەلام دۆخەکە لە کوردستان هەر بەو شێوە کۆنەکەی خۆیی لە ناوچەکە ماوەتەوو تەنها کیانێکی نیمچە ئازادی هەیە کە ئەویش توشی کۆمەڵێکی زۆر کێشە و گرفتە و وولاتە زلهێزەکان وەک ئەمریکا گرنگی بەو دەسەڵاتە کوردیە نەداوە و نادەن، لە ١٦ی ئوکتوبر کاتێ عەرەب و رژیمی ئێران جارێکی دیکە هێرش دەکەنەوە سەر کوردستان و بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان داگیر دەکەن، کورد نە تەنها دوستی نییە، بەڵکوو لە ناو ماڵی خۆشیدا چەن لەت و کەرت کەرت بوە و زۆر با سانایی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی شاری کەکوک کە بە دڵی کوردستان ناسراوە لە دەست دەدەدن کە شارەگی نەوتی کوردستانەو لەولاشەوە لە رۆژئاوای کوردستان شاری عەفرین لە دەست دەدەن کە ئەویش رێگای کوردستانە بۆ دەریای ئازاد، بەداخەوە نە کورد بە دەریای ئازاد گەیشت و نەیتوانی کەرکوک رابگرێت، کورد نە تەنها وەک ئیسراییل نەیتوانی دەوڵتێک بۆ خۆیی دامەزرێنێت، بەڵکوو پاشەکشەی زۆریشی کرد لە داخوازییەکانی خۆیی ئەمەش بۆ چەندین فاکت دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان نەبوونی پشتیوانیک وەک ئەمریکایە و ئەوەی ولاتی ئەمریکا بۆ یەهودی کرد بە دڵنیائیەوە بۆ کوردستانی نەکردوە و ئەو گرنگیەی یەهود بۆ ئەمریکا هەیەتی کورد بۆ ئەو ولاتەی نییە و ئیمە بە روونی رووداوەکانی کوردستانی رۆژئاوا و باشوورمان دیی کە ئامریکا چۆن پشتی چولکردین لە بەرامبەر ولاتی تورکیە و ئێران و ئێراق و ...
لە کوتاییدا دەبێ بلێم سیاسەتی دەرەوەی ولاتە زلهێزەکان لە ناوچەکە تەنها دوو شت زیاتر رەچاو دەکات کە بریەتییە لە پاراستی ئیسراییل و کونترولکردنی نەوت و هەناردەکردنی ئەو لە ناو بازارەکانی جیهان و کورد نە تەنها بۆ ئەوان گرنگ نییە، بەڵکوو تەنها بۆ کارتی گوشار بە دژی دەسەلاتی ناوەند کەلکی لێ وەردەگرن و زۆر بە سانائیش پشتی بەر دەدەن، وەک ئەوەی لە کەرکوک و عەفری روویاندا. لە راستییدا ئەگەر کورد بیتوانیبا شاری عەفرین و دەورەبەری رابگرێت و دەستی بە دەریای ئازاد بگات و هەروەها شاری کەرکووکی لە دەست نەدابا و ناومالّی خۆیی رێکبخستبا و یەکدەست بهاتبایێتە مەیدان ئەوا بە دلّنیائیەوە ئەمرۆ کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە دەبوە خاوەن کیان و دەولەتی خۆیی.



# خەباتی ئەمڕۆی ئێران

**دواڕۆژ**

خەبات و بەربەرکانێ لەم ژینگە و ژیانەی ئەمڕۆی ئێران بۆ دانیشتوانی درێژەی هەیە و ئەگەر رژیمی ئیسلامی ئێران بەمشێوەی ئەمڕۆ سیاسەت بکات و سیستمی ئابوورییەکەی بەو شێوە بچێتە پێشەوە ئەوا بە گشتی تەنها خەڵک تێدا دەچن و خەڵک هەژار تر دەبن و کۆمەڵێکی کەم لە مافیای سپای رژیمی ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی خامنەیی دەولەمەن و دەولەمەندتر دەبن. جگە لەوەی تەنها ئەم باس و چالاکیانەی کە رژیم چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە دەیکات و سیاسەتی کردوە بوەتە هۆیی تێکدانی ژیان و ئالوزی ئەم ناوچە، ئەم کردەوانە مانایەکی ناوخاڵی و بێ رەنگی داوە بە هەموو تان و پۆکانی ژیانی خەڵکی ئێران کە لە کردەوەدا هیچ شتێکی لە واقع ناچێت و خەڵک تووشی دارمانی ویژدان و شعور و خالّی بوون لە هەرچی مرۆڤایەتییە ... هتد
دەبێ بزانین ئەمڕۆ لە ئێران چی دەگوزەرێت، تا بتوانین خوێندنەوەیەکی واقع و دروستمان هەبێت بۆ ئەوەی لەو ولاتە چی روو دەدات، ئەم هەموو باس و دیالوگ و دیالوگە سیاسیانە ببینین دەبێت بە وردی دەر و ئازارەکانی خەڵک هەست پێبکەین و بیناناسین. دەبێ بزانین لە ئێرانی ئاخوندی شەڕ لەسەر چییە و بە جێگەی ئەوەی دەور هەڵگرین بۆ خەبات، خەبات بکەین بە ئەمری واقع و راستیەکان. تان و پۆکانی کێشەکان بناسین و ئەمڕۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران نە تناە لە باری ئابووریەوە، بەڵکوو بنچینە و ژێرخانی بنەماڵەش بە گشتی خەریکە هەڵدەوەشێتەوە و لە ناو دەچێت
رژیم لە دەرەوەی خۆیی تووشی دەیان گێچەل و کردەوەی بە بون بەست گەیشتوو بوە و گەیشتوە، بۆ نموونە لە ئێراق، لە بەحرەین، لە لوبنان و ... هتد و هەروەها دانوستانی ولاتە عەرەبیەکان لەگەڵ ئیسراییل نیشانی دەدات کە یەکێتیەک لە رۆژهەڵاتی ناوین بە دژی ئێران خەریکە روو دەدات کە بە زوویی دووکەلەکەی تەنها و تەنها دەچێتە چاوی خەڵکی ئێرانەوە و ئەو دۆخە نالەبارەی لە ناوخۆیی هەیە و ئابووری دارماوی ئەو ولاتە و دابەزینی ئاستی پولەکەی لە بەرامبەر دۆلاردا چەند قات ژیانی خەڵکی کاوڵتر کردوە و خەڵکی وەزالە هاتوو هیچ رێگە چارەێکیان بۆ نەماوەتەوە و لە ژێر پێستی شار کۆمەڵێک رووداوی زۆر ناخۆش روو دەدەن کە زۆر دەردئاوەر و داهاتوو رەشتر رەشتر لەوە ستەی کە ئێمە کە بیری لێدەکەینەوە بۆ خەڵکی رەش و رووتی ئێران خەریکە روو دەدات و داویەتی.
ئەمڕۆکە لە ئێران کرامەت و ویژدانی ئینسانی مانای خۆیی لە دەست داوە و ئەو کەلکەلە سیاسی و باسە بێ ئاکام و دووپاتانە سەبارەت بە چونیەتی هاتنە سەر کاری ئەم رژیمە و مانەوە و رووخانی لەلایەن ئۆپوزسیونەوە بۆەتە کارەساتێک کە نە تەنها نەیتوانیوە خۆیان لەو دۆخە رزگار بکەن، بەڵکوو پاسیڤ بوون و ناکارائیان بۆەتە ئەمرح واقع و ئۆپوزسیونی ئێران بە «موجاهدین و کوری شاشەوە» نیشانیان داوە کە ناتوانن رێبەری راستەقینەی خەڵک بن و ئەمڕۆ خەڵکی ئێران ئۆپوزسیونێکی دەوێت بتوانێ رێبەری و پشتیوانینان بکات و هەروەها ترسی جێگرەوەی ئەو رژیمە کێ دەبێت و ئێران چی لێ دێت دوایی نەمانی رژیم یەکێکە لەو مۆتەکانەی جەماوەری ئێران شایانی باسیشە دەبێت ئاماژە بەوەش بەکەم کە دوای ٤٢ ساڵ واتە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویەوە تا ئێستە ئەم دەسەڵاتە توایویەتی و دەستی گرتوە بە سەر تان و پۆی هەموو شت، تەنانەت ژیانی رۆژانەی خەڵکیش و لە راننددەی تاکسیەوە بگرە تا ئاستی زانکۆ و کرێکار و مووچە خۆر و هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران ئەم دۆخە درێژەی هەیە.
لەلایکی دیکەوە ئۆپوزسیونێک کە ئەمڕۆ لە ئێران بوونی هەیە و خۆیی بە چالاک دەزانێت و بوونی هەیە، ئەگەر بتوانین وەک ئۆپوزسیون ناو ببەین» هیچ شتێکمان دەست ناکەوێت و ئەو خەڵکە و ئەو ئۆپوزسیونە ئەگەر بەم شێوە بچێتە پێشەوە و ئاوا برواتە بەرەوە ئەوا بە دڵنیائیەوە بۆ ٤٢ ساڵی دیکەش ئێمە هەر لە شوێنی خۆمان دەبین و تەنها و تەنها بەرەو دواوە دەچینەوە، جا چ لە ئاستی دەرەوە و چ لە ئاستی ناوخۆدا ئەم بەرەو دوا چونە بەردەوام دەبێت و ئێمە تا ئێستا هەنگاوێکمان بەرەو پێش نەناوە و هەر بەرەودا هاتوین.
ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە و ئێران روو دەدات دلّخۆشکەرە، بەڵام بێ رێبەری ئۆپوزسیون و ناکارابوونی و تەنانەت دەتوانم بڵێم نەبوونی ئۆپوزیونێکی کارا و پوزەتیڤ ئەم دۆخەی رژیمی ئێران رادەگرێت و لە بەرامبەریشدا ژێرخانی ئابووری ئێران زیاتر دادەرمێت و خەڵکی وەزالە هاتووش دۆخی ژیانیان خراپتر و خراپتر دەبێت.

# هەڵگیرسانی شەڕی ئارمەنستان ئازەربایجان

## زامێکی کۆن و نەهامەتیەکی تازە

**ئاژوان_کرماشان**

به ڕوانینێکی واقێعبینانه و چەپەوە ،ئەم شەڕە کە پتر لە سی ساڵە هێشتا دوایی نەهاتووە ؛لە چوارچێوەی بەربەرەکانییەکی مەزهەبی،ناسیۆنالیستی کە تێکەڵ بە شوێنیزمی تورکی-عۆسمانی بووە و تێدەکۆشێ کە ئەو حەق و حەساوە مێژووییەی کە هەیانە لە ژێر پۆششی ناسیۆنالیزم و ئایین بیانشارێتەوە.

ئەم شەڕە ئاکامی قەیرانێکی ناوەوە، ناوچەیی و نێودەوڵەتییە کە نیشان ئەدات تا چ ڕادەیەک هەستی شوێنیستی چۆن ئەتوانی لە گەڵ مەزهەب؛کۆمەڵانی خەڵکی هەژار بە گژ یەکتر دا بدات لە حاڵێکدا ئەو دوو گەلە خاوەنی خاڵی هاوبەشی زۆرن ،وەک ئامرازێک بۆ ڕژیمە تاوانبارەکان و لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بێنن.

شەڕی ئەم دوو دەوڵەتە لە سەر کۆنتڕۆڵی ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ و پشتیوانی دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لە ئازەربایجان وایکردووە کە ئاگرەی شەڕەکە ڕۆشنتر و دۆخەکە ئاڵۆزتر بێت.

ئەردۆغان لە چەند لێدوانی دا بە ڕاشکاوی دژ بە ئەرمەنستان وستاوە و قەرەباغ وەک وڵاتی داگیرکراو دەناسێنێ.

ئەو ناوچە ٤٤٠٠کیلومتری دووجا مەساحەتی هەیە و حەشیمەتەکەی ئەگاتە ١٦٥٠٠٠کەس.لە بواری جیۆگرافییەوە کەوتووەتە نێو سنوورەکانی ئازەربایجان و زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین.

قەیرانی هەرێمی ئارتساخ کە تورکەکان ناویان لێناوە قـــەرەباغ ،ڕیشەیەکی مێژینەی هەیە.لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و پێش گیان لە دەسدانی لێنین دەستووری دروستبونی هەرێمی خۆدمۆختاری کوردستانی سووری (٧٥ لە سەدی کوردی کۆرمانجی ئەرمەنی، ٢٥لە سەدی تورکی مۆسڵمان بوون )بۆ ئەو مەڵبەندە دەرکرد.لە زەمانی ئەستالینیش تا ١٩٢٩ هەر ئەو کۆمارە مابوو کە پێتەختی شاری لاچین بوو.دواتر بە فەرمانی ئەستالین لە سەر داوای ئاتاتورک ، ئەو کۆمارە کوردەیەی هەڵوەشاندەوە و کوردەکانیشی بەرەو قەزاخستان و ڕوسیا و ئۆزبەکستان ڕاگواست و هەمـو هەرێمی ئارتساخ کە زۆرینەی ئەرمەنی بوون ، بە ئازەربایجانەوە لکاند .

دواتر و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ چەندین شەڕی خوێناوی روویاندا و تیایدا پتر لە ٣٥هەزار کەسۆژران.دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ ئەو هەرێمە وومەتی سەربەخۆ و دیفاکتۆی دامەزراند ئێستا خاوەنی سەرۆک کۆمار و پارڵەمانی خۆیەتی.

لە ساڵی ١٩٩٣ئەرمەنستان توانی دەس بە سەر ئەو مەنتێقە بگرێت و پشتیوانی لە دەوڵەتی هەرێمەکە بکات.لە ساڵی ٢٠١٦وە ،دیسان شەڕ دەستی پێکردوو وخەڵکانێکی زۆر لە دوو لایەن کۆژران و بە دەیان بنەماڵە ئاوارە لە حاڵ و ماڵی خۆیان بوون.

هەر ئەو ساڵە بە میانجیگەری ئەمریکا،ڕوسیە و فەرانسە لە ڤیەن کۆتایی بە شەڕەکان هات.

ئەم ئاڵۆزیە هەڵئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکانی عۆسمانییەوە لە نێوان ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە.

ئاگری قین و نەفرەتێک کە تورکەکان لە ناوچەکە چاندیان و زامێکی کۆن و قووڵە کە لە هەر سەردەمێک سەر هەڵئەداتەوە و بە دوای خویدا نەگبەتی بۆ خەڵکانی ئەو سێ وڵاتە دێنێت.

تەنانەت دوای هەرەسهێنانی ئەمپراتووری عۆسمانی ئەم ئاگرە نەکۆژایەوە و لە لایەن دەوڵەتی ئازەربایجانەوە پەرەی پێ ئەدرێت.

تورکەکان تا ئیستاشی لە گەڵدا بێت کۆشتاری ئەرامەنە بەفەرمی ناناسن و مەحکوومی ناکەن و هەر دەم بە بیروبۆچوونی شوێنیسییەوە لە گەڵ ئەو ناکۆکییانە مامەڵە ئەکەن.




هەر دوو دەوڵەتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان بە کەڵک وەرگرتن لە هەستە ناسیۆنالسیانە و ئایینیەوە ئاگرەکە خۆش ئەکەن و بەبەست ئەبن لە تێکەڵ بوونی ئەو گەلانە و پێک هێنانی ئەکیەتیەکی مرۆڤانەی گەلی ئەرمەن و ئازەری.

دەوڵەتی تورکیە بە سەرۆکایەتی ئەردۆغانەوە دەیێەوێت لە هەستی نەتەوەیی و ئایینیەوە ئەو ئاگرە لە ناوچەکە بۆ جیاوازی گەلان کەڵک وەرگرێت.

ئەردۆغان بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە ناوەوەی وڵاتی و سەرپۆش دانانی کێشە ناوخۆییەکان وەک قەیرانی ئابووری و شەڕی لە گەڵ پ.ک.ک ،ڕۆژئاوا و لیبی حەزی لە درێژە کێشانی ئەم قەیرانەیە لەو هەرێمە.

کۆماری ئیسلامی بەڵام لە هەل و مەرجێکی دژوارە،لە لایەک حەز بە تەقابوڵ لە گەڵ ڕووسیە و ئەرمەنستان ناکات و لە لایەکی ترەوە دژ بەهەستی ناسیۆنالیستی ئازەرییەکانی ئێران لە مەڕ پشتیوانی ئازەربایجان ناتوانێ بوەستێ ،چوونکە گەلی ئازەری لە ئێران جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

ڕێپێوانەکانی خەڵک لە شارەکانی ئازەری نشینی ئێران و سەرهەڵدانی درووشمی پشتیوانی لە دەوڵەتی ئازەربایجان ،هەستی نەتەوایەتی ئەوان پتەوتر ئەکات و ئەوەش بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر گرینگە و زوو دەیێەوێت ئەو سەرهەڵدانانە پەرە نەسێنێت .

لە لایەکترەوە کۆمەڵگای جیهانی ترسی لە دووپات بوونەوەی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان بە دەس تورکەکانە و وڵاتانی زل هێز لە حاڵی گلاڵەی ئاشتی نێوان ئە سێ وڵاتەن.

بە نیسبەت کوردەوەش،ئاشکرایە کە هەر قەیرانێ بۆ دەڵەتی فاشیستی تورکیە لە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە تورکیایە و گەلی کورد هەر دەم پشتیوانی لە دۆزی گەلی ئەرمەن کردووە و خۆی بە هاوبەشی مەینەت و ئازارەکانی داناوە.

# ئەردوغان، قەرەباغ و مەترسی داهاتووی کورد

**کاوان موکری**

لە ڕۆژەکانی سەرەتایی مانگی ڕەزبەردا جەنگ و تێکهەلچوون لە نێوان هێزەکانی کۆماری ئازەربایجان بە پشتیوانی تورکیە و هێزەکانی ئەرتەشی ناگۆرنۆ قەرەباغ بە پشتیوانی وڵاتی ئەرمەنستان دەستی پێکرد.

بەڵام ئامانجی ئەو جەنگە، جگە لە دۆژمنایەتیە دێرینەکان لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەر ئەو ناوچەیە، دەتوانین لە بوارێکی تریشەوە تاوتوێ بکەین.

ئەگەر چاوێک لە چالاکیەکانی وڵاتی تورکیە بە سەرۆکایەتی ئەردوغان لە ناوچەکانی دەوروبەردا بکەین دەتوانین جوڵەی هێزەکانی تورکیە بۆ سازکردنەوەی پاشایەتی عوسمانی بە روونی ببینین.

بە بێ گومان یەکێک لە خەونەکانی ئەردوغان لە ساڵەکانی ڕابردوودا گەیشتن بە ئاواتی ساز کردنی پاشایەتیێکی بە هێز لە ناوچەدا بووە.

بۆ ئەو بابەتە چالاکیەکانی ئەرتەشی تورکیە و هێزە ڕێکخراوەکانی لە وڵاتانی ناوچە وەک سووریە، عێراق، لیبی، ئازەربایجان و دەریای مەدیتەرانە روو لە زیاد بوونە.

قەرەباغ بە بۆنەی حکوومەتی خۆد موختار و هەروەها دانیشتوانی ئەرمەنی و تورک(بە زۆرینەی دانیشتووی ئەرمەنیەوە) دەتوانێ نموونەییێکی بەرچاو بۆ داهاتووی کوردستان و کێشەکان لەگەڵ وڵاتی تورکیە بێت.

بەڵام کاریگەری پرسی قەرەباغ لەسەر داهاتووی کورد دەبێ چی بێت و بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو کارەساتەی کە تورکیە بەسەر ئەو ناوچەی دێنێت، کورد چ کارگەلێک پیویستە بەڕێوە بەرێت؟

بە داخەوە چالاکیەکانی تورکیە بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سووریە، بە بڕوای کارناسان و هەروەها بە لێکۆلینەوە و چوونە نێو شارە تورک و ئازەریەکانی وڵاتی ئێران بۆتە هۆی زوربوونی فاشیسمی تورکی لەو ناوچەیەدا. دروژمەکانی خۆپیشاندەران بۆ لاینگری وڵاتی ئازەربایجان لەو جەنگەدا دژ بە نەتەوەی کورد، مەترسییە کان لە سەر داهاتووی کورد لە ناوچەدا زۆرتر نیشان دەدات.

ئەو مەترسییانە بە تایبەت لە سەر ناوچەی موکریان و شارەکانی پارێزگای ورمێ بە بۆنەی ژیان بەسەر بردنی ئازەریەکان لە گەڵ کوردەکان لە شارەکانی باکووری پارێزگا، دەتوانێ زورتر بێت.

بە دیتنی کارەساتی عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان بە بێ گومان لە دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە ناوچەکانی کورد کە ئەردوغان بۆ زۆرتر کردنی دەسەڵاتی خۆی لەسەر ئازەریەکان و تورکەکان و هەروەها درێژە پێدان بە دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دەیداتە بەر ئامانجی هێزە ڕێکخراوەکانی تورکیە (وەک هێزە ئیسلامیەکانی ژێر دەسەڵاتی) دەتوانێ پارێزگای ورمێ بێت.



بۆ روبەروو بونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە گەورە، پێویستە لە ئێستاوە نەتەوەی کورد و حیزبە سیاسیەکان کارگەلێک بۆ بەرگری کردن لە ئەگەرێتی ئەو کارەساتە بەڕێوە بەرن:

١- زۆرتر کردنی پێوەندی نێوان کورد و تورک لە پارێزگادا؛

بە تایبەت لاوەکانی کورد بە بۆنەی بوون لە نێو زانکۆکاندا دەبێ لە فەزاییێکی ئاشتی خوازانەدا بۆ زۆرتر کردنی پێوەندی و تەبایی لەگەل نەتەوەکانی تر هەول بدەن هەتاکوو لە دوارۆژدا مەسەلەی ناوچە بە گفتگۆ و دانوستان چارەسەر بکرێت.

٢- کەڵک وەرگرتن لە میدیا جیهانیەکان بۆ زۆرتر کردنی ئاشتی لە نێوان نەتەوەکاندا و هەروەها نیشان دانی ئاشتی خوازی کورد و روون کردنەوەی سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەردۆغان بۆ هەموو جیهانیان، هەتا پێش روودانی کارەساتی ناخۆش بۆ کورد جیهان بتوانێ بەرنگاری سیاسەتی داگیرکەری ئەردۆغان ببێتەوە.

٣- نیزیکی زۆرتری حیزبەکانی کورد بە هەموو بیر و بڕواکانەوە؛ هاوکاری حیزبەکان هەم لە بواری سیاسی هەم سەربازیەوە ( بە تایبەت رێکخستنی پێشمەرگەی کوردستانی پێکهاتوو لە پێشمەرگەی هەموو حیزبە سیاسیەکانی کورد) پەیام و هەواڵی تەبایی لە نێو ماڵی کورد بە هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد دەگەیێنێ وهەروەها دەبێتە هۆی متمانەی زۆرتری خەڵکی کوردستان بە هێزە سیاسیەکان.

هیوادارم هێزە سیاسەکان و هەروەها خەڵکی کورد بە لە چاو گرتنی ئەو خاڵانە رێگە لە دۆژمنایەتی نەیارانی کورد بگرێت و هەروەها بتوانێ داهاتوویێکی رووناک بۆ هەموو نەتەوەکانی کوردستان بخۆلقێنێت.

درێژەی لاپەڕەی ١٤

*** ژمارەی لە سێدارەدراوان لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٣**

بە پێی سەرژمێرییەکان و بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لەم ساڵەدا ( ٩٦٦ ) کەس لە ئێران لە سێدارە دراون .زۆرترینی ئەو سەزایانە لە زیندانەکانی وەک « زیندانی رەجایی شارو قزڵ حەسار » جێبەجێ کراون .

بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٦ مانگدا واتە لە مانگی خەزەلوەری ساڵی ١٣٩٤ تا پوشپەری ئەو ساڵە ٦٩٤ کەسی ئێعدام کردوە کە بەرابەرە لەگەڵ ئێعدامی ٣ کەس لە رۆژێکدا. بەشێک لە ئێعدامەکان لە بەرچاوی خەڵکەوە بەڕێوەچوون. رژیم هەزاران زیندانیشی لە ریزی ئێعدام رادەگرێ تا هەر کاتێک لە باری سیاسیەوە کوشتنیان، بۆ پەرەدان بە ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگادا پێویست بوو ئێعدامیان بکات. لێبوردنی نێونەتەوەیی زیاد بوونی رێژەی ئێعدامەکان و مەحکوم کراوان بە ئێعدامی بە هەژێنەر ناولێبردووە و ئاماژەی بەوەکردوە کە زۆربەی ئەم قوربانیانە لە توێژی هەژاری ناو کۆمەڵگان.

هەڵبەت رژیمی ئیسلامی وەک پێشوو بەشێوەی رەسمی تەنیا ئێعدام کردنی ٢٤٦ کەسی لەو ماوەیەدا تەئید کردبوو. بەڵام بەرپرسانی لێبوردنی نێونەتەوەیی

درۆی سەرانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیان رەت کردەوە و جەختیان کردوە کە ئەو ئامارە لە سەرچاوەی جێی باوەڕەوە بەدەست هاتوون و نیشانی ئەدەن کە ئێران لە ٦ مانگی یەکەمی سالی ١٣٩٤ دا بە ئەندازەی هەموو ساڵی ١٣٩٣، زیندانیانی دادگا عادیەکانی ئێعدام کردووە. ئەحمەد شەهید نوێنەری تایبەتی سازمانی ملەل لە دوایین راپۆرتیدا ژمارەی ئێعدامەکانی لە ساڵی ١٣٩٣ دا ٧٥٣ کەس راگەیاندبوو.

* ژمارەی لە سێدرەدراوان لە سالی ١٣٩٤ دا

لە بەهاری سالی ١٣٩٤ دا، ڕێژەی ئێعدامەکان روو لە هەڵکشانن . لەو سی مانگەدا ( ٢٦لە سەد )ی ئێعدامەکان زیاد دەکەن . یانی ئێعدامەکانی سالی پێشوتر ( ٤١٠ ) کەسن کە لە ماوەی سێ مانگدا ٢٦ لەسەد زیاد دەکەن .

سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە سالی ١٣٩٤بڵاوی کردەوە ، رایگەیاند کە وڵاتانی ئێران، پاکستان و عەرەبستانی سعودی زۆر ترین ئێعدامیان لە ساڵی ١٣٩٤ دا بەرێوە بردوە. لە نێو ئەم وڵاتانەدا کۆماری ئیسلامی بە ٩٧٧ ئێعدام لە ماوەی ساڵی ١٣٩٤ دا لە سەرەوەی ریزبەندیکەدا بوو وە لەم بارەیەوە خاوەنی پەلەی یەکەم بوو لەدنیادا.

* ئێعدام ئامرازێکی سیاسی ژەنگ گرتوو لەدەست سەرانی کۆماری ئیسلامیدا

رژیمی کۆماری ئیسلامی هێندێک جار لە رووی تۆڵە ستاندنەوە و هێندێک جار بۆ ئەوەی توانایی خۆی بەڕووی خەڵکی بێدیفاعدا بکێشێ، ژمارەیەک لە منداڵانی خەڵک مەحکوم بە مەرگ دەکات و دەیانکوژێت.

ئێعدامی زیندانیانی ئاسایی و سیاسی لە زیندانەکاندا، ئیجرای مەراسمی ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوە، شێلاق لێدان لەبەرچاوی هەموانەوە، توندکردنەوەی گوشار بۆسەر هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان، دەرکردنی ئەحکامی زیندانی درێژماوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی چالاکی ئاشکرا و تەنانەت قانونیدا کاریان دەکرد، لەوانە هەڵسوڕاوانی کرێکاری، رۆژنامەنووسان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، ئەمانە بەگشتی ئاڵقەکانی زنجیرێکی بەیەکەوە پەیوەستن کە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگەی لەحاڵی هەڵچوون و ئاخێزدایە بە زەبری زۆر و سەرکوت. ئەمانە دیاری دەوڵەتی ( حەسەن روحانی ) ن بۆ خەڵکی ئێران.

رژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەرەتای حاکمیەتیەوە ئەوەی زانیووە کە ناتوانێ وڵامدەرەوەی ئەو نیازانە بێت کە کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بێبەش و زۆرلێکراوی



ئێران شۆڕشیان بۆ وڕێخست و نیزامی پاشایەتیان بۆ رووخاند. کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە ناتوانێ ئەم خەڵکە راپەڕێوە بە وەعدە و بەڵێن و فریو و نەیڕ و نەیرەنگ بگێڕێتەوە بۆ ماڵەکانیان. کەوایە دەبوو بە لادانی نەیارانی سیاسی و بە پێکهێنانی کەش و هەوای ترس و وەحشەت لە رێگای زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامەوە، خۆی لەم کابوسە رزگار بکات. رژیم لە هەموو ماوەی دەسەڵاتیدا هەر کاتێک هەستی بە مەترسی ئاخێز و ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی وەگیان هاتوو کردبێت، دەستی داوەتە کوشتار و ئێعدام کردن. بۆی گرینگ نییە کە چ کەسانێک دەبنە قوربانی درێژەی دەسەڵاتەکەی. هەزاران مەحکوم بە ئێعدامی تاوانە ئاساییەکان چەندین ساڵ لە زیندانەکاندا، لە کەش و هەوای وەحەشەتی مەرگدا چاوەڕێ راگرتووە تا هەر کاتێک ئامانجی سیاسی رژیم ویستی بیانباتە پای داری ئێعدام. مێژووی حەیاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران پڕە لەمجۆرە جەنایەتانە. کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە حەیاتی خۆی، روو دەکاتە تەنیا بژاردەیەکی کە لەبەر دەستیدایە، واتە سەرکوت و جەنایەت.

بەڵام کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانی کە بە ئیجرای ئەمجۆرە حوکمە جەنایەتکارانە، نەک هەر ئەوپەڕی قین و تووڕەیی خەڵک هەڵدەخرێنێ، بەڵکوو نەفرەتی گشتی کۆمەڵگەی ئێرانیش بە نسیبی خۆی دەکات.

بۆ رزگار کردنی گیانی ئینسانە ئازادیخوازەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، هیچ رێگا چارەیەک بێجگە لە قووڵ کردنەوە و پەرەپێدان بە خەباتی جەماوەری خەڵک نییە.

**درێژەی هەیە...**

درێژەی لاپەڕەی ٧

## بیرۆکە لە ڕووناکبیران بگرە و بیگەڕێنەوە بۆ خەڵک

«ئارنێت» بە پێی ئەوەی سەبارەت بە «ماتریالیسم»ی کۆمەڵگای دەوڵەمەند وتوارە، سەرنج دەخاتە سەر ئەم خاڵە کە سەرمەیەداری مەسرەفکردنی نیزامی بە پێوەری کاوڵکاریی بێبەزەییانە، مێژووی مەسرەفی رێکخراو و بڵاوکردنەوەی پێویستییە زەروریەکان بە ئاستی هەر چی زۆرتری دارایی « ئەو ستەی کە «ئیوان ئیلیچ» بە مودێرنیزەکردنی هەژاری، پێناسەی کردبوو. «ئارنێت» لە دۆخی مرۆڤدا باسی لەو خاڵە کرد کە ئێمە لەگەڵ ئەو کەل و پەلی مەسرەف وەک بەرهەمی مێژووی مەسرەفداری «متابولیسم» «سوخت و ساز» بێ کۆتایی خۆمان لەگەڵ سروشت هەلس و کەوت دەکەین: ئیمە ماڵەکانمان بە دارایی گەڵی ماڵی و ئاڵووێری قازانج خوازنە دەگۆڕینەوە و باشترین کەل و پەلەکان وەک پەشێوی شێتی وەک ئەو شتە مودە زووانەی کۆ دەبنەوە؛ بە جێگەی رێزگرتن لە جیهانێکی سەقامگیر لە کەل و پەل، ئێمە سەبارەت بە کونەترین شتەکانی ئەم جیهانە واتە «سروشت بە هەموو جوانیەکانیەوە» سەرنج و کەمتر ئاگامان لیی هەیە؛ ئەوان

ئێستا بوون بە پیگەی زبل کە سات بە سات زیاتر دەکات و بەرهەمە بە کار هاتوەکانی کۆمەڵگای ئیمە لە خۆیدا جێ دەکاتەوە .

لە ئاکامدا، ناتەبایی سەرکەوتنی رواڵەتی سەرمایەداری لەوەدایە کە نیزامی بەرهەمهێنان بە جیگەی سەرکەوتن بە سەر پێویستی و رزگاری مرۆڤەکان لە دەست ویستەکانیان بوەتە کەرەسەیەک بۆ رێنوینی رەوتی بێ کۆتایی سروشت بە ناخی مرۆڤایەتی. ئەمرۆکە زانستی ئابووری وەک سروشتی دەمابین کار دەکات؛ لە روانگەی «ئارنت»ەوە، وەک «سروشت نا سروشتی» و یەک « زانستی بەدەڵی». لە رژیمە توتالیترەکان وەک «ئستالین و هیتلێر»، ئەم دەستەمۆبوونی مرۆڤەکن سەبارەت بە رەوتی سروشت گەیشە بەرزترین ئاستی خۆیی. جیهان بینی مرۆڤ پیویستی بە دروستکردنی جیهانێکی هاوبەشی پر لە کەل‌و پەلە، کەرەسەلان، یاسا و رێکخراوگەلێکی پتەو کە دەبنە ناوبژیوکەری مرۆڤەکان و پڕۆسەی بێبەزەییانی سروشت و لە ئاکامی ئەودا، فەزایەکی باش بۆ دیالوگی سیاسی و وتوویژی هەمیشەیی و پەیگیری ئامانجی هاوبەش دروست دەبێت. بەڵام تایبەتمەندی سەرەکی «توتالیتاریسم» یەکدەست کردنی پڕۆسە و بزوێنەر لە ناخی سیستمێکی دانراو لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیە.

«ئارنێت» بە ئاشکراکردنی ئابڕووداری توتالیتاریسم ئەم خاڵە رەت دەکاتەوە کە چون رێگای سەیتەرەی توتالیتر لە رێگەگەڵی زۆر لە قوناغی نێوبژیوان ساف دەبێت و ئێمە دەتوانین نموونەگەڵی و مەتەلی زۆری بۆ بێنینەوە. ئەو لەسەر ئەو باوەرە بوو کە «ئمپریالیزم»، دژە جولەکە، نژاد پەرەستی، بێکاری زۆر، بێ ناسنامە و قەیرانی نیزام بە پێوەری دەوڵەت دوای شەڕەی جیهانی یەکەم ئەو دیاردە گرنگانە بوون بوونە هۆی دروست بوونی کارەساتێکی ترسێنەر، کارەساتێک کە تەنها ژمایەکی کەم دەیانتوانی پێش بینی بکەن. بە هەموو ئەمانەوە، ئەوانەی بانگەوازیان بۆ «نازیزم و ئستالینیزم» دەکرد بزوتنەوەکانی ئاخری سەدەی نوزدە وەک «پان ژێرمەن، یەکێتی خوازی ئالمانی» و «پان ئسلاویزم، یەکێتی خوازی نژادی ئسلاو» بون کە بە روونی خۆیان وەک بزوتنەوەگەڵیک نیشان دەدا کە بۆ کەرەسەی بێ متمانەیی بە حزبی سیاسی و پارلەمانە نەتەوەیەکان دەناساند.

بزوتنەوە یەکێتی خوازەکان بە پێوەری هەستی خۆس و وزە بزوتنەوەی هەمیشەیی بوون تا پلانی سیاسی بەرنامە بۆ دارێژراو. رەوتە توتالیتریەکان کە لە دوای ئەوانەوە هاتنە مەیدان سواری ملی کۆمەڵیک خەڵکی ئاوارە و بێ پەنا و بێکەس و کار بون کە لە نیزامی گەندەڵی سیاسی و پرش و بلاو بەشێکیان نەبوو و ئەم رەوتانە، وەک راستییەکی توندئاژویی سەرسوورهێنەر و زۆرتر شەیتانانە، بەلینی جیهانێکی خەیاڵی و لە روانگەی ئایدوکوژیەوە بە سیستمیان پێدەدان و یەکێتی ناوخۆیی ئەو جیهانە و هەموو شاهیدە راستیەکانی بانگهێشت دەکرد بۆ بەربەرەکانێ، لە ئاکامدا ئەو رەوتانە جیهانێکیان دروست دەکرد کە پڕ بوو لە توندوتیژی خۆسەر، هەروا کە گۆڕینەوەی دەنگەکانی خۆیی لە راستیەکان بە دور دەگرت، بیرۆکە دەتوانێت پەناگایەک بێت بۆ بیری شەکاک کە لەودا پەیوەندی گوفتگۆی دەورانی پەروەردە بکات و هەمووی ئەو کەسانە بوونە کەسانی توندڕەو کە ئەوەی لە بیری و تێگەیشتنی هاوبەش بە جێ مابوو، متمانەی بە گشتی لە دەست دا. لەمانە زیاتر ئەوەی کە توتالیتارسیمی بزوێنەر، ئاڵو گۆڕ و گۆڕانی وەک هیزیکی توندئاژو خستە خزمەتەوە کە بە هەر پێوەرێکی حقوقی دروستکراوی دەستی مرۆڤ گەورەتر بوو. بۆ ئەو کەسانەی ڕەشبین بوون، نارازیەکان و ئەوانەی کە نەیاندەتوانی دەنگ و رایی خۆیان بڵێن، توتالیتاریسم هەستێکی باشیان بۆ هەلدەخرێنێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئینتیما بە رەوتێکە کە بەرخودانی مێژوو یا سروشتیان قەبوڵ نەدەکرد و هەموو مرۆڤەکان، لە بەرامبەر ئەودا، لە بنەرەتدا نا پێویست و زیادی بە ئەژمار دێت.

DwaRoj

سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
مێمن بایەزیدپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد فەرهادزادە

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

Dwaroj@komala.com

# خۆ- دراماتیزەکردن وەک سیاسەتکردن



ڕزگار ئەمین نژاد

ڕەنگە ڕوانگەی ئێدمۆند هوسێرل١ سەبارەت بە بەرپرسایەتی ئەخلاقی لەکاتی کارەساتدا، دەسپێکێکی گونجاو بێ بۆ بابەتێکی ڕەخنەگرانە لەمەڕ دیاردەی «خۆ- دراماتیزەکردن٢» کە وێنەیەکی دراماتیکی کارەساتە و لەگەڵ تەمەنی سیاسەت لە ئێراندا هاتووە. بەرپرسایەتی نواندنی ئەخلاقی لە کاتی کارەساتدا، بە بۆچوونی هوسێرل، باشترین کردەوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو واقعانەی کە بەدوای کارەساتدا دێن. سروشتییە کاتێ کۆمەڵگا تووشی کارەسات دەبێ، جیهانی دوای کارەساتەکەیە کە زۆرترین کاریگەری بەسەر کۆمەڵگاوە دەبێ نەک خودی کارەساتەکە، چوونکە کارەسات واقعە هەنووکەییەکان دەگۆڕێ و لە ئەنجامدا واقعی خۆی دەسەپێنێ کە دواتر کاریگەری لەسەر شێوازی تەعامولی ئێمە لەگەڵ ژینگەی دوای کارەسات دەبێ. بۆ نموونە ڕووداوی تیرۆریستی یازدەی سێپتەمبەر لە ئەمریکا، کۆتایی بە واقعی «تەعامولی دێمۆکراتیک» هێنا و گشت نۆرمەکانی پێش ئەو کارەساتە تووشی بەرگژێکی جیددی هاتنەوە. ئەو شتەی بەدوای ئەو کارەساتەدا هات؛ واقعی «شەر بە دژی تیرۆریزم» بوو کە بیست ساڵە لە خزمەت خۆ-دراماتیزەکردنی بەشێک لەو هێز و دەسەڵاتانەیە کە لە ڕاستیدا خۆیان سەرچاوە و هۆکاری ناعەدالەتی و تیرۆریزمن. چرکردنەوەی سەرنجی ڕای گشتی بۆ سەر دیاردەی تیرۆریزم، کۆمەڵێک لێکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوادا هات کە مرۆڤی پێش کارەساتی یازدەی سێپتێمبەر پێی وابوو ئەو دیاردانە لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕۆشتوون و تازە سەر هەڵنادەنەوە، بۆ نموونە دیاردەی ڕاستگەرایی، پۆپۆلیزم، توندئاژۆیی، بونیادگەرایی، کولتور سێنتەریزم و هەروەها فاشیزم. تێگەیشتن لە ڕەهەندی ئەخلاقگەرایانەی هوسێرل ئەرکی ئێمە لەهەمبەر کارەسات دژوارتر دەکا، چوونکە ئەرکی بەرپرسیارەتی ئێمە لەگەڵ کارەساتدا کۆتایی پێ نایە، بەڵکە کاردانەوە و هەڵوێستی ئێمە لە ناو جەرگەی کارەساتەکەدا دەبێ وەها ئەخلاقی و بەرپرسانە بێ کە وڵامدەری واقع و ڕووداوەکانی دوای کارەساتیش بن. بۆ تێگەیشتن لەم ڕوانگەیە سەرەتا دەبێ لە پێناسەکردنی بەرپرسایەتییەوە دەست پێبکەین، مەبەست لە بەرپرسایەتی بە زمانێکی سادە ئەوەیە کە من لەهەمبەر کردەوەکانم وڵامدەر بم. هەڵبەت بەرپرسایەتی وەک دەرکەوتەیەکی ئەخلاقی زۆر لەوە ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندترە و، بێگومان شرۆڤەکردنی لە کۆنتێکستی فەلسەفی و لە وتارێکی وەها کورتدا ناگونجێ. بەڵام ئاماژەدانێکی کورت بە دوو کانسێپتی ئەرەستوویی (ویژدان) و کانتی (عەقڵ) یارمەتیمان دەدا لە مەبەستەکەی هوسێرل نزیکتر بینەوە. لە هەردوو کانسێپتدا وڵامدەربوون لە جێی خۆیدایە، بەڵام مەرجەعی وڵاموەرگر لای ڕوانگەی عیلەت مەعلولیی ئەرەستوو ویژدانی گشتییە، واتە وڵامدەربوون لەهەمبەر کۆمەڵگا، یاسا، دین و گشت ئەو پێکهاتانەی کە ویژدان تێیاندا حوکم دەکا چوونکە ویژدان لێرەدا بەرهەمی ئەو چوارچێوە تیۆریکانەیە کە ئەخلاق پێناسە دەکەن. ڕوانگەی ڕەخنەگەرایانەی کانت لەمەڕ دیاردەکان ئەزموونێکی دیکە لە بەرپرسیارەتی دەدا بە دەستەوە و ڕەگی لە تیۆری «ڕەخنە لە عەقڵی مەحز»دا هەیە. مەرجەعی وڵاموەرگر لای کانت ویژدانی گشتی نییە، بەڵکە مرۆڤ دەبێ لەهەمبەر عەقڵی خۆیدا وڵامدەر بێ و هەروەها بنەماکانی ڕاستی و چەوت بوونی ئەو عەقڵیەتەش کە داوەری لەسەر بەرپرسیارەتی خۆمان دەکا، دەبێ بە بەردەوامی تاقی بکرێتەوە، چوونکە عەقڵیەت بەلای کانتەوە بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێ. مەرجەعی بەرپرسیارەتی لە کاتی کارەساتدا لای هوسێرلیش- وەک من لێی تێگەیشتووم- عەقڵییە، عەقڵییەتێک کە سەربەخۆ بێ و پێشمەرجەکان کاری تێنەکەن. دیاردەی خۆ- دراماتیزەکردن، لەگەڵ تەمەنی سیاسەت کردن لە ئێراندا هەبووە و لە کۆماری ئیسلامیدا ئەم دیاردەیە تۆختر و لە زۆر قۆناغدا دیاریکەریش بووە. سەرەتا پێناسەیەکی کورت بۆ ئەو خوێنەرانە دەکەم کە ئاشنا بەم تێرمە نین. پێناسەی لەکسیکاڵی «خۆ- دراماتیزەکردن» بریتییە لە؛ «خۆ نواندن یا پێناسەکردنی خۆمان وەک کەسێکی گرنگ و سەرکەوتوو». ئەم چەمکە لە تێرمینۆلۆژیدا وەک بەیسێکی ئاماژەیی دەکار دەکرێ بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دیاردانەی کە لە ڕێگای فیگۆراسیۆن و شانۆسازییەوە خۆڵ لەچاوی ڕای گشتی دەکەن، بۆ نموونە کاتێ پرسی شەری دژە تیرۆر هاتە ئارا، هێندێ لە وڵاتانی ناوچە خۆیان وەک قوربانی تیرۆر پێناسە دەکرد و بەم کارە ڕەواییان بە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیان و زۆرجار لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشیان دەدا. خۆ- دراماتیزەکردن لە مێژووی سیاسی ئێران بە گشتی و لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی، وەها عەینی کراوە کە خەڵک لە ئێراندا «خۆ- دراماتیزەکردن» و «سیاسەت کردن» وەک یەک پێناسە دەکەن. یەکێک لە خەسارە ڕەژدەکانی وەها دیاردەیەک لەوەدایە کە بە دوای کارەساتدا کەس خۆی بە بەرپرس نازانێ و لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کەم کەس ئامادە دەبن بەرپرسیارەتی ئەخلاقی لە کاتی کارەساتدا وەئەستۆ بگرن. دوای ئینقلابی ١٣٥٧ لە ئێران، جیهان دەبوایە لەگەڵ ئەزموونێکی سیاسی و هەروەها دیاردەیەکی ئاناکرۆنیستیک٣ تەعامول بکا کە لەگەڵ ڕیتمی دیالیکتیکی مێژوودا ناتەبا بوو. نیشانەکانی ئەم جیاوازییە هەم ڕووکردی بوو هەم مەعریفی و لە دروشمی «ئیستەقلال و ئازادی»دا ڕەنگی دابووەوە. لە باری ڕووکردییەوە ئەم سیستەمە کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو ترازان لە ڕیتمی مۆدێرنیزاسیۆن پاڵ پێوەدەنا و ئامانجەکەی بادانەوە بوو بۆ بنەماکانی سوونەت و، دواتر دەرکەوت مەبەست لە «ئیستەقلال» لە ڕاستیدا خۆ نەبان کردن لەگشت نۆرمە جیهانییەکانە کە لە مەنشووری مافی مرۆڤدا هاتوون. لەباری مەعریفیشەوە دەبوایە ئینقلاب لە خزمەت ڕەوەندێکی مەعنەویسازیدا بوایە کە کەرامەتی تاکی ئێرانی لەو قەیرانە ڕزگار بکا کە وەک بەرهەمی مۆدێرنیتە پێناسە دەکرا و دواتر دەرکەوت مەبەست لە ئازادیش پشتکردن لە دنیا و قاڵبوونەوە لەنێو فۆرمێکی عیرفانی بوو کە حکومەت ماوەی پێدەدا. هەڵبەت ئەو مەرجەعەی کە دەبوایە لەم پرۆژەیەدا حوکمی کاتالیزاتۆری هەبێ، «ویلایەتی فەقێ» بوو کە ئایەتوڵا خومەینی ئیدەکەی دارشت و دواتر ئایەتوڵا مونتەزەری تیۆریزەی کرد. بەڵام دیاردەی «زەمان» لە تیۆریی ویلایەتی فەقێ دا پشبینی نەکرابوو. زەمان وەک هیچ دیاردەیەک نییە، بەنێو گەشت پرۆژەکاندا تێدەپەڕێ و دواتر ئەو سیستەمانە لەگەڵ خۆیدا دەبا کە توانای خۆ تەتبیق کردنیان لەگەڵ «ئایەندە» هەبێ. بە تێپەڕبوونی زەمان ناکارایی سیستەمی ویلایەتی فەقێ زیاتر دەردەکەوت، بەچەشنێک کە گشت چاودێران و تەنانەت لایەنگرانی ئەم تیۆرییەش بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەم سیستەمە وڵامدەر نییە. بۆ دەرباز بوون لە قیرانی زەمان، ڕژیم دەبوایە شتێک لەگەڵ «ئایەندە» بکا و بۆ ئەم کارەش دوو ڕێگای لەبەر بوو: یا سیستەمی سیاسی خۆی لەگەڵ ئایەندەدا تەتبیق بکا، یا لەگەڵ زەماندا شەر بکا. ڕژیم لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا هەمیشە ڕێکاری دووهەمی هەڵبژاردووە و بۆ قوتاربوون لە مەنتقی زەمان، پەنای بۆ موهەندیسی کردنی زەمان بردووە. مەبەست لە موهەندیسی کردنی زەمان لەم وتارەدا شێواندنی وێنای «ئایەندە» لە ئێران و ناوچەکەیە. بۆ شێواندنی ئایەندە، ڕژیم تا ئێستا سێ پرۆژەی تاقی کردۆتەوە: ١- هاوتەریب سازی، ٢- قەیرانسازی و، ٣- خۆ- دراماتیزەکردن کە مەبستی سەرەکی ئەم وتارەیە. بۆ ئەوەی لە ڕەهەندەکانی خۆ- دراماتیزەکردن تێبگەین، پێویست دەکا سێ سیناریۆی ڕژیم بە باشی بناسین کە دەرکەوتەی سیاسەتی خۆ- دراماتیزەکردنە. سێناریۆی «هۆیەت» (١٣٥٧-١٣٧٤): ڕژیم لەسەرەتای ئەنقلابدا کۆمەڵگای ئێرانی وەک کۆمەڵگایەکی دابڕاو لە مەعنەویات و ناسنامەی ئیسلامی پێناسە دەکرد. دروشمی «ئینقلابی موستەزعەفین» کە بە خێرایی سوار شەپۆلی سیاسەتی دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژ دەبوو، وەک ڕێکار و بەستێنی زیندووکردنەوەی ناسنامەی ئیسلامی هاتە ئاراوە. وەک دەرکەوت؛ ئینقلابی موستەزعەفین فازی دووهەمی ئینقلاب، واتە ئینقلابی فەرهەنگی لێکەوتەوە کە ئامانجەکەی سڕینەوەی گشت نمادە مۆدێڕنەکانی کۆمەڵگا و دارشتنی فۆنداسیۆنی «حکومەتی ولایەتی موتلەقەی فەقێ» بوو. لە دۆخی ئینقلابیدا زەمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، چوونکە خێرایی ڕووداوەکان کار لە ئاراستەی ئینقلاب دەکەن و بێگوومان لە درێژماوەدا نیهادینە کردنی ناسنامەی ئیسلامی بۆ ڕژیم دژوار دەکرد. درێژکردنەوەی شەری ئێران و عێراق لە ڕاستای موهەندیسی کردنی زەمان بوو کە لەو بۆشاییە زەمانییەدا و بە هۆی درامای ڕومانتیکی شەهادەت، هەوڵ بۆ چەسپاندنی ناسنامەی ئیسلامی بدا. سیناریۆی «مەشروعیەت» (١٣٧٤- ١٣٨٨): بەدوای نەمانی سیستەمی دووجەمسەری، لیبەرالیزم لە سێ مەیدانی کردەوەییدا واتە؛ سیاسی، ئابووری و کولتوری، خێراییەکی بێوێنەی بە دیاردەی پەرەسەندن لە جیهان دەدا. یەکێک لە بەرگژە جیددییەکان بۆ مەهەندیسی کردنی زەمان لەو سەردەمەدا دیاردەی ئینتەرنێت بوو کە جیهانی تا ڕادەی گوندێک بچوک کردبۆوە. گەشەکردنی چینی مامناوەندی، دیسکۆرسی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها زەرووڕەتی ڕێفۆرم کە کارتێکەریی لیبەرالیزمیان پێوە دیار بوو، پێشمەرجەکانی پولاریزەبوونی ژینگەی سیاسی ئێران بەسەر «ئوسوولگەرایی» و «ئیسلاح تەلەبی»دا هەموار کرد. سیناریۆی مەشروعیەت لە بەستێنی وەها جەمسەربەندییەکدا دارێژرا تاکوو شێوازێکی دیکە لە خۆ-دراماتیزەکردن تاقی بکاتەوە. سیناریۆی مەشروعیەت مەجالی بە دەرکەوتنی دیاردەی دایکۆتۆمیکی «حکومەت – دەوڵەت» دا کە لە مەیدانی پێشبڕکێی نێوان باڵە سیاسییەکاندا و بەناوی «مردم سالاری دینی»یەوە لەشی بیماری حکومەت (سیستەمی ویلایەتی فەقێ) بە کۆڵی دەوڵەتەکاندا بدا (بنەماخواز و چاکسازیخوازەکان) و بەم چەشنە حکومەت دەستی چەوری خۆی بە شاقەلی دەوڵەت دەسڕییەوە کە هەڵبژێردراوی خەڵک بوون. لەهەمان کاتیشدا بە نواندنی واقعێکی وەهماوی، سیگناڵی بۆ کۆمەڵگا دەنارد کە لەم سیستەمەدا ئیحتمالی ڕێفۆرم هەیە و لە ئەنجامدا شانسی بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕادیکاڵی کەمتر دەکردەوە. ئەم سیناریۆیە ڕوو بە جیهانیش کارایی هەبوو، سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم لەو ماوەیەدا وەک باندۆڵ لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە ڕاستەوە بۆ چەپ لە هاتوچۆدا بوو، وەها کە جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی ئۆرووپای سەرقاڵی گەمەیەکی دیپلۆماتیک کردبوو کە سێکانسەکانی خۆ-درامەتیزەکردن بۆی ڕەخساندبوون. سیناریۆی «مەقبولیەت» (١٣٨٨-١٣٩٨): ئاکامی موهەندیسی کراوی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ کەم کەم خەڵکی دڵنیا دەکردەوە کە چیدی دەنگدان وەک «ئیمکان» سەیر نەکا و لە سندوقەکانی دەنگداندا لە دوای هومێد نەگەڕێ. بە بۆچوونی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی، ڕژیم ململانێی لایەنە سیاسییەکانی وەک دەرفەتێک دەقۆستەوە بۆ بەهێز کردنی پایەی ئیستەبداد. پاندۆڵی سیاسەتی دەرەوەش بە دوای هەڵوەشانەوەی بەرجام لە ئیشکردن کەوت و گەمارۆ ئابوورییەکان تەنگتر و پێگەی ڕژیم لە ناوچەشدا لەرزۆکترە. دەنگی نارازی خەڵک لە ئێران چیدی باس لە مەشروعیەت ناکا و ئێستا ئیتر مەقبوڵیەتی ڕژیم هەرەشەی لەسەرە. تەحریمە فرەڕەهەندەکانی ئەمریکا، ڕژیمی بەرەو کردنەوەی پرۆژەیەکی نوێ لە خۆ- دراماتیزەکردن هانداوە کە مەرگی سیستەم و گەندەڵی سیستەماتیک و مودیریەتی خراپی ئابووری پێ پەردەپۆش بکا و، درامایەکی دیکە لە مەزلووم نمایی پیشانی جیهان و ناوخۆ بدا. بۆ گەڕاندنەوەی مەقبولیەت لەم دۆخە بێ متمانەییەدا ڕێژیم پرسی «تەمامیەتی ئەرزی» وەک شانتازێکی سیاسی خستۆتە ڕۆژەڤەوە، لە کاتێکا خۆی ڕێز لە سەروەری و سنووری هیچ وڵاتێک ناگرێ. ڕوون نییە کاریگەری ئەم سیناریۆیە لەسەر مەقبوڵیەتی ڕژیم بەلای خەڵکی ئێرانەوە تا چەند بێ، بەڵام ئەوەی کە دیارە بە داخەوە کاریگەریی لەسەر شرۆڤەکارانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبووە کە بەردەوام پێداگری لەسەر دەکەنەوە. چالاکانی سیاسی، چ وەک ئۆپۆزیسیۆن و چ وەک پۆزیسیۆن، لەم چل ساڵەدا لە چوارچێوەی ئەو واقعە مەجازییەدا خولاونەتەوە کە سیاسەتی خۆ- دراماتیزەکردن بۆی دارشتوون. لەگەڵ دەرکەوتنی هەرکام لەو سیناریۆیانەی کە ئاماژەیان پێدرا، شرۆڤە و ئینتمای چالاکانی سیاسیش بەو ئاراستەیەدا ڕۆشتووە و ئەوەی کە هەمیشە بزر بووە واقعێکی حەقیقییە کە بەپێی عەقڵییەتی سیاسی کار بکا و بەرچاوگەی ژیانێکی باشتر و فۆرمێکی دیکە لە سیاسەت کردن بدا بەدەستەوە کە جیاوازی هەبێ لەگەڵ سیاسەت کردن وەک خۆ- دراماتیزەکردن. دۆخی ئەمرۆی ئێران بە بۆچوونی زۆر کەس لە چاودێرانی سیاسی کارەساتاوییە و کەم کەس دەبینین کە بەرپرسانە بەرەورووی ئەو کارەساتە ببنەوە بۆ ئەوەی واقعی دوای ئەم کارەساتە شتێک نەبێ کە ئارەزووی واقعەکانی پێش کارەسات بکەینەوە. کولتووری سیاسی ئێران هەمیشە لەنێوان سیکلی تەما و نۆستالۆژیادا سووڕاوەتەوە و ڕەنگە باشترین چارەسەری بۆ کۆتایی هێنان بەم سیکلە ناسازە، ڕوانگەکەی هوسێرل بێ؛ بەرپرسایەتی نواندنی ئەخلاقی لە کاتی کارەسات دا! بەرپرسایەتییەک کە داوەرەکەی عەقڵ بێ نەک واقعەکانی دوای خۆ- دراماتیزەکردن..